# دیپلۆماسی

## بنەما – گەشە – هەنگاوەکانی

سالّح عوسمان

٢٠٢٠

# دیپلۆماسی

## بنەما- گەشە - هەنگاوەکانی

## سالْح عوسمان

ناوی کتێب: دیپلۆماسی (بنەما- گەشە- هەنگاوەکانی)

نوسینی: ساڵح عوسمان

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاین: جەلیل حسێن

چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٠

چاپخانەی: بینایی - سلێمانی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە () ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ.

# ناوەڕۆك

پێشەکی.........................................۹
**بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ کاری دیپلۆماسی...............۱۳**
باسی یەکەم: وشە و پێناسەی دیپلۆماسی.........................۱٤
باسی دووەم: دیپلۆماسی و هەندێك چەمکی پەیوەست بەو بوارەوە.....۲۰
باسی سێیەم: مێژووی کاری دیپلۆماسی...........................۲٦
یەکەم: پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمە سەرەتاییەکاندا(خێڵەکی)....۲٦
دووەم: دیپلۆماسی لەسەدەی ناوەندا..............................۳۲
سێیەم: دیپلۆماسی لەسەدەی نوێ و هاوچەرخدا.......................٤۱

**بەشی دوەم: بەستنی دیپلۆماسی و یاساکانی و جۆرەکانی دیپلۆماسی.٥٥**
باسی یەکەم: بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی و قۆناغەکانی کردنەوەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی...............................٥٦
باسی دووەم: سەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی.......................٦۱
یەکەم: سەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی...........................٦۲
دووەم: تایبەتمەندییەکانی یاسای دیپلۆماسی.......................٦۸
باسی سێ یەم: جۆرەکانی دیپلۆماسی.............................۷۱

**بەشی سێیەم: دیپلۆماتکار و پارێزبەندی..................... ٨٧**
باسی یەکەم: ئەو کەسانەی دەبنە دیپلۆماتکار.............. ٨٩
١. سەرۆکی دەوڵەتان....................................... ٨٩
٢. سەرۆك وەزیران......................................... ٩٢
٣. وەزیری دەرەوە........................................... ٩٣
٤. نێردراوی دیپلۆماسی هەمیشەیی(باڵیۆز).................. ٩٦
٥. نێردراوی دیپلۆماسی تایبەت............................. ٩٧
٦. نێردراوی دیپلۆماسی سەربازی.......................... ٩٧
باسی دووەم: پارێزبەندی و ئیمتیازی دیپلۆماتکار.............. ٩٩
ئەو کەسایەتیانە کێن کە پارێزبەندی دیپلۆماسی دەیانگرێتەوە؟..... ١٠٢
باسی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماتکاری سەرکەوتوو.......... ١٠٧
باسی چوارەم: کارەکانی دیپلۆماتکار............................ ١١٥
باسی پێنجەم: پلەبەندی دیپلۆماتکار............................ ١٣٢

**بەشی چوارەم: زمانی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆڵ.................... ١٤٢**
باسی یەکەم :زمانی دیپلۆماسی.................................. ١٤٣
باسی دووەم: پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتی دیپلۆماسی.................. ١٥٥
یەکەم: پرۆتۆکۆڵ................................................ ١٥٥
دووەم: ئەتەکێت و جیاوازی لەگەڵ پرۆتۆکۆڵ....................... ١٦٢
باسی سێیەم: ڕۆڵی دیپلۆماسی لە چارەسەرکردنی کێشەکان........ ١٦٨

**بەشی پێنجەم: ڕۆڵ و پێگەی کورد لە بواری دیپلۆماسیدا.............١٧٣**
باسی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی دیپلۆماسی لای کورد:...........١٧٥
١. پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمی میرنشین و.........١٧٥
٢. جەنگی جیهانی یەکەم تا کۆماری کوردستان .................١٧٩
٣. کۆماری کوردستان تا هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ..............١٨٣
٤. شۆڕشی نوێ تا ڕاپەڕین.............................١٨٧
٥. ڕاپەڕین تاوەکو ئێستا...................................١٨٩
باسی دووەم: کورد و چۆنیەتی سود وەرگرتن لە کاری دیپلۆماسی...١٩١

**بەشی شەشەم: کۆتایی و پچڕانی پەیوەندی دیپلۆماسی.............١٩٣**
باسی یەکەم: کۆتایی کاری دیپلۆماسی..........................١٩٤
باسی دووەم: چەمکی پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان و.........١٩٨
یەکەم: پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان: چەمك و پێناسە.........١٩٨
دووەم: جیاکردنەوەی چەمکی پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان....٢٠٢
باسی سێیەم: هۆکاری پچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و.........٢١٠
یەکەم: هۆکارەکان.........................................٢١٠
دووەم: لێکەوتەکان ....................................٢١٦

# پێشەکی

دەتوانین پێناسەی دیپلۆماسی بکەین بەوەی بریتی یە لە کۆمەڵێك بنـەماو یاسـای نێودەوڵـەتی، کـە بەهۆیانـەوە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتان و ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیـەکان ڕێکدەخرێت، ئامـانج لـە بەسـتنی پەیوەنـدی دیپلۆماسی بـۆ پتـەکردنی پەیوەندییـە هەمـەجۆرەکان و خزمەتکردنـە بـە بەرژەوەندیە باڵاکـانی هـەردوولا، جـا بەرژەوەندییەکـە سیاسـی بێـت یـان ئابوری و ئەمنی، دیپلۆماسی بەهۆی کۆمـەڵێك پەیوەنـدیی ئاڵوگۆڕکـاری و دانوسـتانی سیاسـی و ڕێکەوتننامـە و پەیماننامەکانـەوە دەبەسـرێت، هـەروەها دیپلۆماسـی بـە ئـامرازێکی گرنگـی بەدەسـتهێنانی ئامانجـە دەرەکیـەکان دادەنرێـت، بـۆ ئـەوەی ئامانجـە دەرەکیـەکانیش بەدەستبهێنرێت، ئەوا چەندین ئامرازی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

لەگەڵ ئەم کارانەشیدا، دیپلۆماسـی هـەوڵی پتـەوکردنی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتان لەچـەندین بـواری جیـاوازدا دەدات ، هـەروەها بـەو پێیـەی دیپلۆماتکار دەبێتە نوێنەری دەوڵەت، ئەوا لە ڕێوڕەسمە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەبەشداری دەکات، کە تیایـدا بـاڵیۆزە یـان نێـردراوی دیپلۆماسـیە، ئەمە جگە لەوەی بەرژەوەنـدی و هاوڵاتیـەکانی لـە دەرەوە دەپارێزێـت و زانیاری لەسەر دەوڵەتەکە دەنێرێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

لەم کتێبەدا بە چەند بەشێکی جیاواز لەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە باسمان لە دیپلۆماسی کردووە، بەشی یەکەم–مان تەرخان کردووە بۆ دەروازەیەك بۆ کاری دیپلۆماسی، کەتیایدا باسی دیپلۆماسیمان کردووە، لە ڕووی چەمك و وشە و پێناسەوە، هەروەها مێژووی کاری دیپلۆماسی بەپێی قۆناغە مێژووییەکان باسێکی دیکەی بەشی یەکەم پێکدەهێنێت.

لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان بە بەستنی دیپلۆماسی و یاساکانی و جۆرەکانی کردووە و بە وردی هەموو لایەنەکانیمان شی کردۆتەوە، هەروەها سەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی و تایبەتمەندی یاساکانی و جۆرەکانی دیپلۆماسی هەر لەم بەشەدا باس کراون.

لە بەشی سێیەمدا باسمان لە دیپلۆماتکار کردووە، لە ڕووی پێناسە و پارێزبەندی و ئەو کەسانەی دەبنە دیپلۆماتکار، ئەمە جگە لەوەی ئاماژەمان بە تایبەتمەندی دیپلۆماتکاری سەرکەوتوو کردووە، لەگەڵ باس کردنی کار و ئەرکی دیپلۆماتکار و پلەبەندیان.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە باس لە زمانی دیپلۆماسی و شێوازی ئاخاوتنی دیپلۆماتکارەکان دەکات، کە چۆن بە نەرمی دەدوێن و خۆیان لە تووڕە بوون دەپارێزن و ئەوەی دەیڵێن مەبەستێکی قورستری لەپشتەوەیە، کە بە ڕاشکاوی نایڵێن، هەروەها لەم بەشەدا باسمان لە پرۆتۆکۆڵ کردووە لە ڕووی ناساندنی و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی و جیاوازی لەگەڵ ئەتەکێت، هەر لەم بەشەدا ئاماژەمان بە رۆڵی دیپلۆماسی لەچارەسەرکردنی کێشەکان کردووە.

بەشــی پێنجــەم تــەرخان کــراوە بــۆ ڕۆڵ و پێگــەی کــورد لــە بــواری دیپلۆماسیدا، لەم بەشەشدا سەرباری ئاماژەدان بەوەی کە کورد بـەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە هەلی بۆ نەڕەخساوە پەیوەندییە نێودەوڵەتیـەکانی گەشە پێبدات ، بۆ مانەوەی خۆی چەکی دیپلۆماسی بـەکاربهێنێت، بـەڵام هـەر گرنگـی بـە دیپلۆماسـی داوە، هـەر لـە میرنشـینەکانەوە بیگـرە تـا شۆڕشـەکان و دروسـتبوونی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، دیپلۆماسـی بەشێکی گرنگی خەباتی کوردی پێکهێناوە، هەر لەم بەشەدا باسمان لەوە کـردووە کـە کـورد چـۆن دەتوانێـت بـەهۆی ئـەو دەرفەتـەی ئێسـتا بـۆی ڕەخساوە سود لە دیپلۆماسی وەربگرێت و دۆست و هاوپەیمان لـەدەرەوە پەیدا بکات.

لە بەشی شەشەم و کۆتایـدا، ئاماژەمـان بـە هۆکارەکـانی کۆتـایی هـاتنی کـاری دیپلۆماسـی کـردووە، کـە بـە چـەند هۆکارێـك دیپلۆماتکـار کۆتـایی بەکارەکانی دەهێنرێت، هەروەها لە چەند باسێکی ئەم بەشەدا ئاماژەمـان بــە پچــڕانی پەیوەنــدی دیپلۆماســی کــردووە، لــە ڕووی هۆکــار و لێکەوتەکانیەوە، بە نموونەوە هەمووی ڕوونکراوەتەوە.

ماوەتەوە بڵێم، بۆ نوسینی ئەم کتێبە پشـتم بـە سەرچـاوەی ئـەکادیمی و کتێبەکانی مامۆسـتایانی زانکۆ و دیپلۆماتکارەکـان بەسـتوە، بـۆ ئـەوەی بتوانین کتێبێکـی ئـەکادیمی و یاسـایی دوور لـە زانیـاری ناڕاسـت بخەینـە بەردەم خوێنەرانی کورد.

هەروەها دەشمەوێت ئەوە بڵێم، کەبڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نویێ و کــەرەنتین کــردن لەماڵــەوەم قۆســتەوە بــۆ ئــەوەی بەرهــەمێکی نــویێ پێشکەش بە خوێنەران بکەم، چـونکە بـە گرنگـی دەزانم سود لـە هـەموو دەرفەتــەکان وەربگــرین، هەرچــەندە دەرفەتەکەپەیوەســت بێــت بــە ڕووداوێکی نەخوازراوی وەك بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس و پەتاوە.

لـە کۆتاییـدا سـڵاو و ڕێـز بـۆ هـەموو خوێنـەرانی ئـەم پەرتوکـە دەنێـرم، هەروەها سـەری ڕێـز و نـەوازش بـۆ شۆڕشـگێران و دیپلۆماتکـارانی کـورد دادەنەوێنم، کە لە پاڵ خەباتی چەکداریدا، دیپلۆماسی و کـاری مـەدەنیان لـە بـیر نـەکردوو، هـەموو ئامرازەکـانی گەیشـتن بـە مافـە نەتەوەییـەکان گرتۆتەبەر، سڵاو بۆ هەموو ئەو سەرکردانەی کە دەیانـەوێت کێشـەکان بـە ڕێگای دیپلۆماسی چارەسەر بکەن و هەوڵی فەراهەمکردنی ئاشتی جیهانی دەدەن.

نوسەر

# بەشی یەکەم:
# دەروازەیەك بۆ كاری دیپلۆماسی

# بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ کاری دیپلۆماسی

## باسی یەکەم: وشە و پێناسەی دیپلۆماسی:

**وشەی دیپلۆماسی:**

واتای وشەی دیپلۆماسی ئەمڕۆ، هەمان واتای وشەی دیپلۆماسی لە ڕابردوودا ناگەیەنێت، دیپلۆماسی لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانی کۆنە، کە لە (DIPLOMA)ەوە وەرگیراوە، بە واتای بەڵگەنامەی دەق کراو، یان داخراو دێت، ئەم وشەیە سەرکردەکانی یۆنان لە پەیوەندییە فەرمیەکانیاندا بەکاریان دەهێنا، وشەکەش لە کرداری(diplon)ەوە وەرگیراوە([1]).

ئەم وشەیە پاشان گوازرایەوە بۆ ڕۆمانەکان، ئەوان بۆ بەڵگەنامە کانزایی و داخراوەکانی وەك بەڵگەنامەی گەشت کرد(پاسپۆرت) و بەڵگەنامە فەرمیەکانی دیکە بەکاریان دەهێنا، دواتریش ئەم وشەیە لە سەرانسەری جیهاندا بە فراوانی بەکارهێنرا، تا گەیشتە ئەوەی لە ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکاندا بەکاردەهات.

[1] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسية المعاصرة، ط١، ٢٠١٥، التفسير للنشر و الاعلان، ص٢٤

وشەی دیپلۆماسی تاوەکو کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم، وەك ئاماژەدان بە پەیوەنـــدی نێودەوڵـــەتی و ئیـــدارەدانی سیاســـەتی دەرەوە بەکارنەدەهات([2]).

له سەردەمی نوێدا وشەی دیپلۆماسی زیـاتر لـەبری دانوسـتان بـەکاردێت، پاشان تێکەڵاوبوونێك له نێوان هەردوو وشەکەدا سەری هەڵدا، بـۆ نموونـه دەڵـێین چارەسـەری کێشـەکان بـەڕێگای دیپلۆماسـی، واتـە بـە ڕێگـای دانوستان و پەیوەندی([3]).

دەوڵەتێك پەیوەندی دیپلۆماسی بەرامبـەر بـە دەوڵـەتێك یـان کۆمـەڵێکی دیکـە بـەکاردەهێنێت، واتـە دیپلۆماسـی وەك ئـامرازێکی سـەرەکی بـۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە دادەنرێت([4]).

هـەروەها دکتـۆر مـازن ئیسـماعیل دەڵێـت:" دیپلۆماسـی، پەیوەسـتە بـە سیاسەتی دەرەوە، بەشێوەیەك لـە یەکـەوە نـزیکن، دەتـوانین بڵـێین دوو ڕووی یەك دراون"([5]).

بۆیە دیپلۆماسیەت و سیاسەتی دەرەوە تەواو کـەری یـەکن، بـەبێ ئـەمان دەوڵەت دروست نابێت، هەر دەوڵەتێك بیەوێت پەیوەنـدی دەرەوە لەگـەڵ

---

[2] د.فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٥

[3] د. علاء ابو عامر، الوظيفة الدبلوماسية، دار الشروق، عمان، ٢٠٠١ ص٢٧.

[4] يونس طلعت الدباغ، الدبلوماسية المعاصرة في ظل العولمة، التفسير للنشر والاعلان، ط١، اربيل، ٢٠١٥، ص٢٩

[5] مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، دراسة النظرية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسة١٩٩١، ص٣٩٣

دەوڵەتێکی دیکە دروست بکات، ئەوا لە ڕێگای سیاسەتی دەرەوەیدا ئەنجامی دەدات ، دیپلۆماسیش لێرەدا دەبێتە کردار و هەنگاوەی دەوڵەتەکە، لەم سۆنگەیەوە ناتوانرێت دیپلۆماسی وەك هاو واتای سیاسەتی دەرەوە بەکاربهێنرێت، چونکە لە ناوەڕۆك و بەرنامەدا لە یەك جیاوازن([6]).

**پێناسەی دیپلۆماسی:**

لەگەڵ ئەوەی دیپلۆماسی زانست و هونەرە، بەڵام لە ناوەڕۆکیدا کۆمەڵێك بابەتی ڕوون و سنوردار لە ڕووی چەمك و چوارچێوەوە لەخۆ دەگرێت، دیپلۆماتکاران و بیرمەندان لە پێناسەکردنی دیپلۆماسیدا دیدوبۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەوەیە هۆکاری جیاوازییەکانیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە هەر واتایەکی دیپلۆماسی پشت بە گۆشەنیگایەکی جیاواز دەبەستێت و کاری دیپلۆماسیش فراوان و هەمەجۆرە.

ئارنست ساتۆ دیپلۆماتکاری بەناوبانگی بەریتانی بەم شێوەیە پێناسەی دیپلۆماسی دەکات بەوەی" بریتی یە لە بەکارهێنانی زیرەکی و مامەڵەی نەرم لەبەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە لەنێوان حکومەت و دەوڵەتە سەربەخۆکان".

---

[6] د.فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٨

هەروەها شارڵ کاڵفۆی پێناسەی دیپلۆماسی دەکات بەوەی کە"زانستی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکانە، کە بە پێی بەرژەوەندی هەردوو لا و لەسەر بنەما نێودەوڵەتی و ڕێکەوتنامەکان دەبەسرێت"([٧]).

ئانتۆ کولیز، پێناسەی دیپلۆماسی دەکات بەوەی" کۆمەڵێك زانست و هونەری پێکەوە بەسراون، بە ئامانجی ڕایی کردنی پەیوەندیی دەرەوە بەشێوەیەکی دروست ، پەیڕەو دەکرێت"([٨]).

دکتۆر فازڵ زکی محمد دیپلۆماسی ناوزەند دەکات بەوەی" زانست و هونەرە، کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەبەسرێت و نێردە و دیپلۆماتکارەکان لە کاتی دانوستاندا بەکاریدەهێنن"([٩]).

هەروەها شارل دی مارتینس بۆ پێناسەی دیپلۆماسی دەڵێت:" دیپلۆماسی زانستی پەیوەندییە دەرەکیەکانە، یان کاروباری دەرەوەی دەوڵەتە، بە واتایەکی دیکە هونەری دانوستانە"([١٠]).

هەروەها د.سموحی پێناسەی دیپلۆماسی دەکات بەوەی" بریتی یە لە کۆمەڵێك یاساو پێودەنگ و بنەمای نێودەوڵەتی، کە گرنگی بە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەدات ، ڕێسا و کارەکانی دیپلۆماسی بەپێی ئەحکام و یاسا نێودەوڵەتیەکان

---

[٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٦

[٨] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسية المعاصرة في ظل العولمة، التفسير للنشر والاعلان، ط١، اربيل، ٢٠١٥، ص٣٣

[٩] سەرچاوەی پێشوو

[١٠] . سعيد ابو عباه ، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٣

ڕێکدەخرێت، هەروەها ڕێکەوتنەکان لەسەر بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان دەوڵەتەکان دەبێت، دیپلۆماسی هونەری ئەنجامدانی دانوستان و کۆبوونەوە و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان و بەستنی پەیماننامە و ڕێکەوتنەکانە".([11])

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی دیپلۆماسی دەکات کە" بریتی یە لە ئیدارەدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەڕێگای دانوستانەوە، کە باڵیۆز و نێرداوەکان بە بەرنامە و مامەڵەیەکی تایبەت پەیڕەوی دەکەن، کە بریتی یەلە کردار و هونەری دیپلۆماسی".([12])

پێناسەی دیپلۆماسی لای کەسانێك فراوانە و زۆر لایەن دەگرێتەوە، بەڵام کەسانێکی دیکەش لە چەند بابەتێکی دیاری کراودا کورتی دەکەنەوە، هەندێکیان تەنها بە" دانوستان" ناوزەندی دەکەن، بەڵام لای زۆرینەیان پێناسە و کاری دیپلۆماسی فراوانترە ، ئەوان لەگەڵ ئاماژە دان بە کارە گرنگەکانی دیپلۆماسی، باسی نوێنەرایەتیش دەکەن، بەو پێیەی نێردراوی دیپلۆماسی، نوێنەری دەوڵەتە و بە ناوی ئەوەوە دانوستان دەکات، بۆیە دانوستان (NEGOTIATION) یەکێکە لە کار و ئیشەکانی دیپلۆماتکار، نەك هەموو کارەکانی، دیپلۆماتکار بەناوی حکومەتەکەوە دانوستان لەسەر بابەتێکی دیاری کراو دەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتی بەرامبەر بگەن بە ڕێکەوتنێك یان پەیماننامەیەك، کە ئەمەش دیپلۆماتکار خۆی بە

[11] د.محمود عبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)ط٢٠١١، ص٩

[12] د.سيد امين شلبي، في الدبلوماسية المعاصرة، ط٢، ١٩٩٧، ص٢٩

تـەنیا یـان بـەهاوکاری کەسـانی دیکـە لـە باڵیۆزخانـە یـان حکومەتەکـەی ئەنجامی دەدات ([13]).

لـەم پێناسـانەوە دەردەکـەوێت کـە دیپلۆماسـی بـریتی یـە لـە بەسـتنی پەیوەنـدی دەرەوە لەگـەڵ دەوڵـەتانی جیهـان، ئـەم پەیوەندییـە لەسـەر کۆمەڵێك بنەما و یاسا بۆ بەرژەوەندی هـەردوو لا دەبەسرێت، ئامـانجیش لەم پەیوەندییە بۆ دانوسـتان و ڕێکەوتنـە لەسـەر بابـەتێك، یـان بـەهێزی کردنی پەیوەندی دوولایەنەیە لەچەندین بواردا.

[13] سەرچاوەی پێشو

## باسی دووەم:
## دیپلۆماسی و هەندێك چەمكی پەیوەست بەو بوارەوە:

دیپلۆماســی لــە ڕووی چــەمكەوە لــە كۆمــەڵێك بابــەتی دیكــەی وەك " سیاسەتی دەرەوە، پەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان، یاسای نێودەوڵەتیـەكان) نزیكە، بەڵام لـە هەمانكاتـدا تـەواو لـە یـەكتر جیـاوازن، لێـرەدا بـاس لـەو نزیكی و جیاوازییەكانی نێوانیان دەكەین:

**١. دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە:**

دیپلۆماسی پەیوەندییەكی توندوتۆڵ و لە یەك دانەبڕاوی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە هەیـە، دیپلۆماســی تــەنها ئــامرازی جێبــەجێ كردنــی سیاســەتی دەرەوە نیــە، بــەڵكو بەشــداریش دەبێــت لــە ئامــادەكردن و ڕێكخســتنی سیاسەتی دەرەوە و گەیشتن بـە ئامانجـەكانیی، هەنـدێك جـار سیاسـەتی دەرەوە و دیپلۆماســی وەك یــەك ســەیر دەكــرێن، بەشــێوەیەك زۆر جــار دیپلۆماسی وەك ئاماژەدان بـە سیاسـەتی دەرەوە بـاس دەكرێـت ، بـەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیاندا بكرێت، بۆ نموونە هانز مۆرگنشاو پێـی وایـە "كــە هــەردووكیان یــەك شــتن، چــونكە دیپلۆماســی سیاســەتی دەرەوە دادەڕژێتەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە جێبەجێی دەكات". هەروەها نیكڵسۆن دەڵێـت:" بێگومـان دیپلۆماسـی و سیاسـەتی دەرەوە دوو كاری جیاوازن".

هـەروەها هەنـدێك لـە شـارەزایان دەڵـێن" سیاسـەتی دەرەوە بەرنامـەو مەنهەجێکـە کـە نوێنـەرە فەرمیـەکانی کۆمەڵگـەی نەتـەوەیی لـە پێنـاو بڕیاردان یان گۆڕینی هەڵوێستێکی دیاری کراو پەیڕەوی دەکەن".

کەواتە سیاسەتی دەرەوە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی گشتی دەوڵـەت پێکدەهێنێت و تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە سیاسەتی ناوخۆیی دەبەستێت، کە بەشدار دەبێت لە دروستکردنی دامەزراوەکانی دەوڵـەت وەك سـەرۆکی دەوڵەت و دام و دەزگاکانی حکومەت، بەڵام دیپلۆماسی گرنگترین ئامرازی سیاسەتی دەرەوەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بـەڵام تاکـە ئـامراز نیـە، بەڵکو چەندین ئامرازی دیکەش هەن، کـە سـەرۆك و پاشـاکانی جیهـان لـە سیاسەتی دەرەوەیاندا پەیڕەوی دەکەن([14]).

**٢. دیپلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان:**

هــەموو دەوڵــەتانی جیهــان هــەوڵ دەدەن، کــە ئامانجــەکانی خۆیــان بەدەستبهێنن و پارێزگاری لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوری و بازرگـانی و کلتورییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها پارێزگاری لە ئاسایشی نەتـەوەیی خۆیان بکەن و لە هەڕەشەکانی ناوخۆ و دەرەوە بیانپـارێزن، لێـرەدا هـەر دەوڵەتـە و بەرژەوەندیـەکانی لەگـەڵ دەوڵـەتێکی دیکـە، لەسـەر بنـەمای پەیوەندی و چالاکی بەردەوام دەبێت، بەردەوام بوونی ئەو پەیوەندیانەش بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەکانە.

---

[14] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، ٢٠٠٥، ص٢١

ئـەوەی ڕوونـە، ئەوەیـە کـە هـیچ دەوڵـەتێك ناتوانێـت بـەدابڕاوی لـە دەوڵەتەکانی دیکە بمێنێتەوە، بەتایبەت لە سایەی شۆڕشـی پەیوەنـدی و زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگیردا، کە لەم ساڵانەی دوایدا زۆر پەرەیان سـەندووە، ئـەم پەیوەنـدی و نزیـك بوونەوانـە دووری نێـوان دەوڵەتـــەکانی کـــەم کردۆتـــەوە، هـــەروەها گرنگـــی ســـنور و لەمپـــەرە جوگرافیەکانی نەهێشتووە، هەموو دەوڵەتێکی وا لێکـردووە، کـە کاریگـەر بێت بەو ڕووداوانەی کە لەدەوروپشتی و لە جیهاندا ڕوودەدەن.

پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، کۆمەڵێك کاری هەمەجۆرن کە لـە نێـوان دوو دەوڵەت یان زیاتر ڕوودەدەن، بۆیە پێویستە دەوڵەتان دەزگایەکی تایبەت بۆ نوێنەرایەتیان هەبێت ، بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییـەکانی نێـوانی خۆیـانی پێبکـەن، تاکـە ڕێگـاش بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجانـە پەیوەنـدی دیپلۆماسـیە، واتـــە دیپلۆماســـی ئـــەو ئامرازەیـــە کـــە دەوڵەتـــەکان بـــەو بەرژەوەندیانە دەگەیەنێت.

بێگومان دەوڵەتان دەزانن کە سیاسـەتەکانیان کاریگـەر دەبێـت ، بـەوەی کـە لـە دەرەوەی سـنورەکانیان ڕوودەدات، بـەڵام لەمـەش زیـاتر لەسـەر دەوڵەت پێویستە کە چاودێری ڕووداوەکانی دەرەوە بکات، هەندێکجار بـە ئاڕاستەی گفتوگۆ یان دانوستان لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە جوڵـە بکـات، کـە ئەمەش ناوەڕۆکی کاری دیپلۆماسیە، کەواتە دیپلۆماسی بە هـەمان شـێوە ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان.

جگە لە دیپلۆماسیش کۆمەڵێك ئامرازی دیکەش هەن، کە دەوڵەتان لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیاندا پشتی پێدەبەستن.

### ٣. دیپلۆماسی و یاسا نێودەوڵەتیەکان:

ئامانج لە دانانی یاسای دیپلۆماسی، بۆ ئەوەیە کە دەوڵەت ئەو پەیوەندییە دەرەکیەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە دەیبەستێت لەسەر بنەمایەکی یاسایی ڕێکیانبخات ، کە پێویستە لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتی و پەیماننامە و ڕێکەوتننامەکان بێت، یاسای دیپلۆماسی بەوە ناسراوە کە" بەشێکە لە یاسای گشتی، کە گرنگی بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی دەوڵەتان دەدات، هەروەها گرنگی بە چۆنیەتی ئیدارەدانی کاروباری نێودەوڵەتی و چۆنیەتی ڕاوێژکردن و دانوستانی نێوانیان دەدات".

ئەوەی دیارە ئەوەیە، کە مەیدانی جوڵەی دیپلۆماسی و یاسای دیپلۆماسی و یاسای نێودەوڵەتی، یەك مەیدانن، هەموویان پەیوەستن بە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، جگە لەمە چەند جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە، کە هەندێك کەس جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات، بەوەی هەریەکەیان هەڵدەستێت بە بابەتێکی دیاری کراوی خۆی، کە جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەوانی دیکە([١٥]).

[١٥] د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة والقنصلية، ٢٠٠٥، ص٢٦-٢٨

دەربارەی ڕۆڵی دیپلۆماسی لە یاسای نێودەوڵەتیدا، تونکین دەڵێت:" ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی پێکهێنانی یاسای نێودەوڵەتی دەبینێت، جا ئەو یاسایە بە ڕێکەوتن بێت یان بە نەریت"عورف"، پرۆسەی دانانی یاسای نێودەوڵەتی لە ڕێگای ڕێکەوتنەوە، ناوەڕۆکی کاری دیپلۆماسیە کە ئاسانکاری لە دانوستانی نێوان دەوڵەتەکاندا دەکات، وەك بەستنی کۆنگرە، دانیشتنەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و زۆری دیکەش، ئەم قۆناغی دانیشتن و کۆنگرانە بە گرنگترین قۆناغی بەستنی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت، کە قۆناغێکی یەکلاکەرەوەیە و تیایدا ناوەڕۆك و شێوازی ڕێکەوتنامەکان ئامادە دەکرێت".

کەواتە دیپلۆماسی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، هەروەها لە چوارچێوەی یاسا و بنەما نێودەوڵەتیەکان دەجولێت و پەیڕەو دەکرێت، هەروەها یاسای دیپلۆماسی بەشێکی سەرەکی دیپلۆماسیە، چونکە گەشەی دیپلۆماسی پەیوەستە بە گەشەی عادات و تەقالیدی دیپلۆماسیەوە، ئەمەش وای لێکردووە کە جێگیر بێت و ببێتە عورفێك ، هەروەها لەگەڵیشیدا ببێت بە بنەمای یاسای نێودەوڵەتی، دوای ئەوەش ڕێکەوتن لەسەر شێوازی دارشتنەوەی بەشێوەیەك بێت کە هەمووان ڕازی بکات، هەروەها پەیوەندی نێوان یاسای نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی پەیوەندیەکی توندوتۆڵە، چونکە.

١.  پەیوەندی و نەریتی دیپلۆماسی رۆڵێکی سەرەکی لە پێکهێنانی یاسای نێودەوڵەتی دەبینن([16]).

٢.  بنەمای یاساکان کە پەیوەستە بە کاری دیپلۆماسیەوە، لەگەڵ رێکخستنی کارەکانیان، دەبێتە بەشێك لە یاسای نێودەوڵەتی، کە زۆرجار دەتوانین ناوی بنێین یاسای دیپلۆماسی([17]).

[16] سەرچاوەی پێشوو

[17] ا د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، ٢٠٠٥، ص٢٨

# باسی سێیەم: مێژووی کاری دیپلۆماسی:

شارەزایان پێیان وایە کە خوێندنـەوەی مێـژووی دیپلۆماسـی بـۆ زانـینی پەیوەندیی نێوان گەلانە لە ڕابردوودا، لەگەڵ چـۆنیەتی بـەڕێوەبردنی ئـەم پەیوەندییە ، ئامانج لەمەش بۆ زانینی قۆناغە جیاوازەکانی دیپلۆماسـیەت و چارەسەرکردنی کێشەکانە لە ڕێگای دانوستان و گفتوگۆوە.

دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی مێژووی دیپلۆماسـی بکـەین بـە دوو بەشـی سەرەکیەوە کەبریتی یە لـە( کـۆن و نـوێ) ، کـە ئـەم بەشـانەش بـە پێـی نەتـەوە و قۆناغـەکان چـەند بەشـێکی دیکـەیان لێدەبێتـەوە، کـە بـەم شێوازەیە:

**یەکەم: پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمە سەرەتایەکاندا( خێڵەکی )**

بـە گـوێرەی ئـەو بەڵگەنامـە و دۆکۆمێنتانـەی کـە لـە کتێبخانەکانـدا بەردەسـتن، مێـژووی دیپلۆماسـی بـۆ کـۆنترین کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە ، بەشێوەیەك ئەوان پەیوەندیان لە نێوان خۆیـان دەبەسـت ، هەروەها بۆ دانوستان و ڕێکـەوتن نوێنەرایـەتیان بـۆ لای یەکدی دەنـارد، هەرچەندە جەنگ و شەڕ لە نێوکۆمەڵگەی سەرەتاییدا بەکارێکی سروشـتی هەژمار دەکرێت، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیە بۆ ماوەیەکی دیاری کـراویش بێـت، شـەڕیان ڕاگرتـووە و بـۆ نـەمانی کێشـەکانیان وتوێـژیان لەگـەڵ یەکـدی

کـردووه، هــەروەها لــە ڕێگـای دانوسـتانەوە هاوپــەیمانێتی و کۆمەڵــەیان لەدژی لایەکی دیکە پێکهێناوە([18]).

لــەم ڕوانگەیــەوە ، دەتــوانین بڵــێین کــە کــۆنترین گــەلانی ســەر زەوی دانوســـتانی دیپلۆماســـیان پـــەیڕەو کـــردووە، هـــەروەها کەســـانێکی تایبەتمەنـدیان بـۆ دانوسـتانەکان دەستنیشـان کـردووە، بەشـێوەیەك کـە دەتوانین پێیان بڵێین دیپلۆماتکار([19]).

هــەروەها وڵاتــانی هینـد و چـین و میسـرییەکان لـە کۆنــەوە دیپلۆماسـیان زانیوە و شارەزاییان لەو بارەیەوە هەبووە، لە دوای هەموو شەڕ و شۆڕێك کە ڕوویداوە، هەوڵیان داوە لە ڕێگای وتوێژ و گفتوگۆوە، بگەن بە ئاشـتی و کێشـە و گرفتـەکانی خۆیـان لـە ڕێگـای نـاردنی نوێنــەر و وەفـدەکانیان چارەسەر بکەن([20]). کۆمەڵگە سـەرەتاییەکان بـۆ چـەند مەبەسـتێك کـاری دیپلۆماسیان پەیڕەو کردووە، کە ئەمانەن:

أ. چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکیەکان، کە لـەنێوان ئـەو کۆمەڵگەیانـەدا ڕوویدەدا.

ب. ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لە نێوان خێڵە دراوسێکاندا.

ت. ڕێك کەوتن لەسەر دابەش کردنی ناوچەکانی جێنفوزی یەکتری.

---

[18] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٣

[19] سەرچاوەی پێشوو.

[20] بەهرۆز گەلاڵی، دیبلۆماتو دیبلۆماسی٢٠٠٤، ل٢٥.

پ. بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان خێڵەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی دەرەکی([21]).

مێژووی کاری دیپلۆماسی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، دەتوانین دابەش بکەین بەسەر چەند کۆمەڵە و گەلێك، لەوانە:

**١. سەردەمی یۆنانیەکان:**

بەشێك لە نوسەران پێیان وایە کە مێژوی سەرهەڵدانی دیپلۆماسی لای یۆنانیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی مەدەنی لە یۆنان، لە یۆنان دەوڵەتێکی مەدەنی دروست بوو، کە هیچ گەل و نەتەوەیەکی پێش خۆیان بەو شێوەیە دەوڵەتیان نەبووە، ئەم دەوڵەت مەدەنیە چەندین شاری گەورە دراوسێی بووە، کە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا بوونی هەبووە، کە وا پێویستی کردووە نێردراو بنێرن و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان بپارێزن، هەروەها لەسەر ئەو بنەمایە وا پێویست بووە کە کۆمەڵێك یاسا دابنێن و پەیوەندی دیپلۆماسی نێوانیانی لەسەر ڕێکبخەن.

ژیانی ئەو شارانە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوو بەو هاوکاری و پەیوەندیەی کە لەگەڵ شارەکانی دیکەی دراوسێیان دەیانبەست، بۆیە لەم کاتەدا ئاساییە لە باشترین کەسەکان نوێنەر بۆ شارێکی دیکە بنێردرێت و لە سەر چەندین بواری گرنگ دانوستان بکەن، هیچ سەیر نیە،

---

[21] علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القيديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص٢١

که یۆنانیەکان کەسانێکیان بۆ دانوستان دەنارد، که قسه زان و وتاربێـژ و زیرەك و بیر تیژ بوون([22]).

**٢.  پەیوەندی دیپلۆماسی له شارستانی دوو ڕوبارەکە:**

شارسـتانێتی نێـوان دوو ڕوبارەکـه، لـه مێـژووی مرۆڤایەتیـدا یەکـەمین مەفهومی دەوڵەتداریه ، دەوڵەت تیایدا بەشـێوەیەکی ڕێکخـراو دەرکـەوت، کـه هـەموو ئامرازەکـانی پێشـکەوتنی بـۆ فراوانکردنـی قەڵـەمڕەوی خـۆی بەکاردەهێنا، ئەم دەوڵەتـه هاوپـەیمانێتی و بەڵێننامـەی ئاشـتی و هێـرش نەکردنی بەستووە، هەروەها چەندین جەنگی خوێناوی بەخۆیەوە بینیوە، دواتــریش هــەموو ئامرازەکــانی دیپلۆماســی بــۆ وەســتانی جەنگــەکان بەکارهێناوە و ناکۆکیەکانی بەشێوەیەکی ئاشتی لەگـەڵ لایـەنی بەرامبـەر چارەسەر کردووە، ئەم شارستانیەته له چەندین دەوڵەت پێکهاتووە، ئـەم فـره دەوڵەتیـەش پێویسـتی بـه بەسـتنی هاوپـەیمانێتی و ڕێکەوتننامـه و نــاردنی پــەیام و دیپلۆماتکــار هــەبووە، لــه گــرنگترین دەوڵەتــەکانی شارستانیەکه هەردوو دەوڵەتی سۆمەرییه و بابلیه کۆنەکان بوون.

**٣.  پەیوەندی دیپلۆماسی له میسر:**

میسـر خـاوەنی بـەناوبانگترین و ڕەسـەنترین شارسـتانیه کـه شارسـتانی فیرعەونەکانه، که به شارستانی دۆڵی نیـل نـاو دەبرێـت، ئـەم شارسـتانیه چــەندین ســەدە بــەردەوامی هــەبووە و چــەندین ناوچــەی خســتۆته ژێــر

---

[22] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٦

دەسەڵاتی خۆیەوە. میسری کۆن بەوە ناسراوە، کە ئیدارەیەکی بەهێز و ڕێکخراوی هەبووە، پاشا یان فیرعەون سەرۆکی دەوڵەت بووە، چەندین خێزان فەرمانڕەوایەتی میسریان کردووە، بەشێوەیەك لە ساڵی (٣٧٣-٣٤١ پ.ز) دا گەیشتۆتە سی خێزان.

میسر لە ساڵی (٣٤١-٣٣٢ پ.ز) جەنگی فارسەکانی کردووە، کە لە ئەنجامدا فارسەکان سەرکەوتوون و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر میسردا سەپاندووە، بەڵام ئەسکەندەر لە ئاسیادا هەڵمەتێکی دژی فارسەکان دەست پێکردووە، کە دواتر توانیویەتی لە جەنگی ئاسۆسدا فارسەکان بەسەرۆکایەتی " دارای سێیەم" تێکبشکێنێت و میسر کۆنترۆڵ بکاتەوە و خۆشی ببێت بە پاشای میسر([٢٣]).

میسریەکان بۆ سەقامگیری و باشترکردنی پەیوەندیە دەرەکی و بازرگانیەکانیان ، چەندین ڕێکەوتنامەیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە واژۆ کردووە، بەتایبەت لەگەڵ حەسیەکان ڕێکەوتنیان هەبووە، دەتوانرێت پەیماننامەی " قادش" وەك نموونەیەك لەسەر ئاستی باڵا بۆ مامەڵەی سیاسی نێو دەوڵەتانی ناوچەکە سەیر بکرێت، کە لە نێوان " رمسیسی دووەم" و " حاتوسیلی سێیەمی" پاشای حەسییەکان لە ساڵی (١٢٧٨ پ.ز) واژۆیان کرد و لەسەر هاوسەنگی هێز لەسەر خاکی سوریادا ڕێك

[٢٣] د. سعيد ابو عباه ، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٨

کەوتن، ئەم ڕێکەوتنامەیە بە زیو نوسـراوەتەوە و هـەردوو پاشـا ئیمزایـان کردووە ، هەر یەکە و کۆپیەکی لای خۆی هەڵگرتووە([24]).

**٤. پەیوەندی دیپلۆماسی لە شارستانی ئیغریقیەکان (یۆنان):**

یەکەم دەوڵەت کە لە ئەوروپا دروست بوو، وڵاتی ئیغریقیەکانە، ئەم وڵاتـە بەهێز بوو و پەلی هاویشت، یەکەم ڕۆڵ بینینی ئەم دەوڵەتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە سەدەی شەشەمی پێش زاین بوو، ئیغریق ڕۆڵێکی گـرنگ و کاریگەری بۆ دروستبوونی یاسا نێودەوڵەتیەکان بینی، هەروەها زۆر کاری گرنگی لە بواری دیپلۆماسیدا ئەنجامـدا، شـارەکانی یۆنـان بـە یـەك زمـان قسەیان دەکـرد و یـەك ئاینیشـیان هـەبوو، هـەروەها یەکسـانی لـە نێـوان شارەکانی یۆنان تایبەتمەندییەکی دیاری ئەم دەوڵەتە بـوو، شـارەکان لـە ناوخۆ و دەرەوە بازرگانیان دەکرد، نوێنەرایەتی دیپلۆماسیان بـۆ یەکـدی دەنارد و ڕێکەوتنامـەیان دەبەسـت و بەشـداریان لـە کۆنگرەکـان دەکـرد، بەڵام پەیوەندی یۆنانیەکان لەگەڵ گەلانی دەرەوەی خۆیـان بـاش نـەبوو، ئەو گەلانەیان بە بەربەری ناوزەند دەکرد([25]).

**٥. پەیوەندی دیپلۆماسی لە شارستانی ڕۆمانیەکان:**

ڕۆمانیەکان لە یۆنانیەکانەوە فێری دیپلۆماسیەت بوون، بەڵام نەیانتوانیوە وەك ئەوان پەیڕەوی بکەن، یان گەشە بە پەیوەندییـە نێودەوڵەتیـەکانیان

---

[24] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٢٠

[25] د. سعيد ابو عباه ، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٢٨

بدەن، چونکە ڕۆمانیەکان لە پەیوەندی دەرەوەیاندا، بەکارهێنانی هێزیان لە بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دیپلۆماسی بە باشتر زانیوە، هەروەها شانازییەکی زۆریان بەخۆیانەوە کردووە، ئەمەش وای کردووە کە گەلانی دیکە بە هاوشانی خۆیان نەزانن و پەیوەندییان لەگەڵ نەبەستن، ئەمە جگە لەوەی کە ویستی داگیرکاریان هەبووە، بۆیە هەموو ئەم هۆکارانە وایلێکردوون لە هونەری دیپلۆماسی سەرکەوتوو نەبن، یان نەتوانن وەك یۆنانیەکان گەشەی پێبدەن.([26])

**دووەم: دیپلۆماسی لەسەدەی ناوەندا:**

**١. پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمی ئیسلامدا:**

دیپلۆماسیەت لای عەرەب و سەردەمی پێش هاتنی ئیسلام، زیاتر بریتی بوو لە پەیوەندی بازرگانی و کۆبوونەوە لە بازاڕ و کۆڕە ئەدەبیەکان، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی ناوخۆیان نزیك بێت، دواتریش هەر بەهۆی بازرگانیەوە پەیوەندی بە گەلان و وڵاتانی دیکەوە بکەن، بەڵام کاتێك ئیسلام هات، سیستەمێکی دیپلۆماسی پێشکەوتووی پەیڕەو کرد، پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) توانی هەموو خێڵ و عەشیرەتەکان کۆبکاتەوە، کە پێشتر بەو شێوەیە بوونی نەبوو، هەروەها سیستەمێکی دەوڵەتداری پیادە کرد،کە هاوشێوەی ئەو

---

[26] د. زران بيرقدار، مفردات مقرر العلاقات الدبلوماسية والقنصلية لطلاب السنة الثانية في ماجستير العلاقات الدولية والدبلوماسية ص٦

دەوڵەتانە بوو کە لەو کاتەدا بوونیان هەبوو، وەك دەوڵەتـەکانی ڕۆمـانی و فـارس، هـەروەها دەوڵەتەکـەی بـە یاسـای نـاوخۆیی و نێودەوڵـەتی دەوڵەمەند کرد و کردی بە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو.

دیپلۆماسی لای پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) بریتی بـوو لە ناردنی نامە و نوێنەر بۆ سەرکردەکانی وڵاتان و خێڵەکانی دراوسێی، لە پەیامەکانیدا داوای لێدەکردن مسـوڵمان بـبن، نامەیـەکی بـۆ هەریەکـە لـە نەجاشی پاشـای حەبەشـە و هـەرقلی ئیمپراتـۆری رۆم و کیسـرای پاشـای فارسەکان نوسی، هەڵگرانی ئەم نامانە کاریان وەك نێردراوی تایبەت بوو، هـەروەها کـاری دووەمیـان وەك دانوسـتانکار (گفتوگۆ)بـوو، بـۆ ئـەوەی ڕێکەوتننامـە مـۆر بکـەن و دیلـەکان ئـازاد بکـەن و ڕێکەوتننامـەی وەك حودەیبیە ببەستن([٢٧]).

دەوڵەتی ئیسلام لە ماوەیەکی کورتدا توانی لە زەریای ئەتڵەسیەوە بگاتـە زەریاکـانی هینـدی و ئـارام، هـەروەها هـەر لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا، زۆربەی کەنارە ئاوییەکانی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، ئـەم کـارە پـاڵی بــە هــەردوو دەوڵــەتی ڕۆم و فارســەکانەوە نــا، کــە ڕێگــری لــە پەلهاویشتنەکانی ئەم دەوڵەتە بگرن.

ئـەم دەوڵەتـە لاسـایی دەوڵـەتی رۆمـانی ڕۆژئـاوایی نـەکردەوە، بـەڵکو پەیەکانیشی ڕوخاند.

[٢٧] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٢٠، ص٣١

ئـەم فـراوان بوونـە خێراییـە، سـودێکی زۆری بـۆ ئیسـلام هـەبوو، چـونکە سودی لە کلتور و شارستانی دەوڵەتەکانی دیکە وەرگرت، لە ئیغریقیـەکان ئـەدەب و فەلسـەفەی وەرگـرت، لـە فارسـەکان ڕێکخسـتنی دەوڵـەت و ئیـدارەدانی وڵاتـی وەرگـرت، دواتـریش دەوڵەتەکـە پایتـەختی خـۆی لـە حیجازەوە گواستەوە بۆ دیمەشق، عەباسیەکانیش پایتەختیان گواسـتەوە بۆ بەغداد، کە ئەو کات کلتور و ڕۆشنبیری بەغداد کاریگەر بوو بە کلتـوری فارسەکان.

سەرەرای هەموو ئەو خاڵە ئەرێنیانەی کـە لەسـەرەوە ئامـاژەمـان پێکـرد، بـەڵام بـێ بـەش نـەبوو لـە خـاڵی نـەرێنی، بـە شـێوەیەکی دوور مـەودا کاریگەرییە نەرێنیەکانی بەهۆی تێکـەڵاو بـوون لەگـەڵ شارسـتانیەتەکانی ئەو سەردەمە لە دەوڵەتەکەیدا دەرکەوتن، کە زیاتر خۆی لە نـاکۆکی نێـو خـۆی دەوڵەتەکـە و دابـەش بـوون و سـەربەخۆ بـوونی هەنـدێکی دیکـەی لێکەوتەوە، ئەم کاریگەریە نەرێنیە بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسـلامی تا عوسمانیەکانیش هەستی پێکراو بوونیان مایەوە.

گـەر بێینـەوە سـەر بابـەتی سـەرەکی خۆمـان و بـاس لـە دیپلۆماسـی لەسـەردەمی ئیسـلام بکەینـەوە، دەبیـنین کـە لەسـەردەمی پێغەمبـەری ئیسـلامدا (درودی خـوای لەسـەر بێـت) بەشـێوەیەکی فـراوان پشـت بـە دیپلۆماسی بەسراوە، بـەڵام وەك وشـە بـەکار نـەهاتووە، بـەڵکو نـاونراوە کۆبوونەوە لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکان یان ناردنی پـەیام بـۆ پاشـاکانی جیهان ،پێغەمبەر(د.خ) قسەو دانوستانی لەگەڵیانـدا کـردووە، بـۆ ئـەوەی

بێنە سەر ئاینی ئیسلام و خۆیان ڕادەست بکەن، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك بـەڵێن و دەسـتکەوتی پێـداون، هـەروەها لـەکاتی جەنگەکانیشـدا کاتێـك لایـەنی بەرامبـەر پـەیامی بـۆ نـاردووە، حەسـانەی دیپلۆماسـی بـە پەیامنێرەکـە داوە، کـەس نـەیتوانیوە هێرشـی بکاتـە سـەر، هـەروەها ڕێکەوتنامـەی ئاگربەسـت و هاوپـەیمانێتی ڕێکخسـتوە و بەشـێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی داوە ([28]).

بۆ نموونە لە ئاشتی حودەیبییەدا کە بەناوبانگترین ئاشـتی بـوو لـە نێـوان پێغەمبـەر(د.خ) و قورەیشـیەکان، کـاتێ ئیسـلامیەکان ویسـتیان بـێن بـۆ سـەردانی(مەدینە) ئـەو کـات قوڕەیشیەکان(سـهیل بـن عمرو)یـان بـە نوێنەرایەتی خۆیان بۆ لای پێغەمبەر(د.خ)نارد، کە ئەو کات لە دەوروبەری مەدینە بوو، ئەوە بوو گەیشتن بە ڕێکـەوتن و ئـەنجامێکی بـاش کـە بـووە هۆی ئەوەی ماوەی ١٠ ساڵ شەڕ لە نێوانیان ڕابگیرێت.([29])

لـە ژیاننامـە و فیقهـی ئیسـلامدا وشـەی (السـیر) زۆر بـەکارهاتووە، کـە لەبەکارهێنانی وشەی دیپلۆماسی لـەلای یۆنانیـەکان زۆرتـر بـەکارهاتووە، وشەکە بە واتای ئیدارەدانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە دێت، لـە کاتێکـدا دیپلۆماسـی تـەنها بـە واتـای ئیـدارەی سیاسـەتی دەرەوە دێـت، ئەمـەش

---

[28] سعید ابو عباە، الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دار الشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ ص٣٣

[29] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل٢٦-٢٧

واتای ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی وەك یەك پاکێج بەکارهێناوە.([30])

دیپلۆماسی لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) دواتریش جێنشینەکانی، زیاتر خۆی لە بڵاو کردنەوەی زانستەکانی ئیسلام و ڕێکخستنی کۆبوونەوە و کۆنگرەکان و واژۆ کردنی ڕێکەوتنامەکان دەبینیەوە، واتە تەنها خۆی لە بڵاو کردنەوەی ئاین و فێرکردنی خەڵکی لە ئاینەکە نەدەبینیەوە.

لەسەردەمی ئومەوییەکاندا، دیپلۆماسی بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، دیپلۆماسی لەلای ئەوان وەك ئامرازێك بۆ هاتنە ناو ئیسلام و وەرگرتنی جزیە بەکارهێنرا، هەروەها وەك جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرەوەش هەمان پەیڕەو گیرایە بەر، ئەم ئامراز و سیاسەتە وایکرد، کە ئومەوییەکان جەنگ بکەن و هاوپەیمانێتی ببەستن، هەروەها لە دانوستانەکانیان لەگەڵ گەلانی دیکە بۆ ڕاگرتنی جەنگ مەرجی خۆیان دابنێن([31]).

هەروەها لەسەردەمی عەباسیەکانیشدا، دیپلۆماسی پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەدەستهێنا، تا کار گەیشتە ئەوەی یاسای بۆ دانرا و خاڵ و بەندەکانی بەڕوونی شی کرایەوە.

فراوان بوونی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عەباسی وای کرد، کە دیپلۆماسی لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پێش بکەوێت، هەروەها

---

[30] . سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٣٣

[31] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٢٠، ص٣١

عەباسیەکان دیپلۆماسیان بۆ پێشخستنی دەوڵەتەکەیان بەکارهێنا، بۆیە ڕێکخستنیان بۆ هاتنی وەفدەکان و پیشەوەران و بازرگانان و هونەرمەندان دەکرد ، کە دواتر بەسودی خۆیان دەشکایەوە.

هەروەها دیپلۆماسی لەو سەردەمەدا مسوڵمانانی کۆکردەوە و لە کاتە ناخۆشەکان بەیەکەوە بوون، کردنی بە یەك لەبەرامبەر دوژمندا، هەروەها لەوەیە هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی گرنگترین ڕۆڵی دیپلۆماسی ئەو سەردەمە بینیبێت، بۆ هێنانەدی ئەم لایەنە گرنگە بەردەوام هاتوچۆ لە نێوان بەغدا و بێزەنتینیە و قوستەنتیەنە بوونی هەبوو، ئەمە وای کرد کە دەوڵەتی فەرەنجەتی بێزەنتینەکان ڕێکەوتنامە و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عەباسی ببەستن.

دیپلۆماسی تا کۆتایی هاتنی دەوڵەتی عەباسی ڕۆڵێکی گرنگی لەو دەوڵەتەدا گێرا، کە زۆر جیاوازی نەبوو لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و شێوازەی کە لەسەردەمی نوێدا هاتەدی([32]).

هەروەها نێردراو و باڵیۆزەکان سەر بە دەوڵەت بوون و موچەی تایبەت بەخۆیان وەردەگرت و پۆشاکی تایبەتیان لەبەر دەکرد، چەندین ئاماژە هەن کە نێرداوە دیپلۆماسیەکان لەکاتی چاو پێکەوتنیان لەگەڵ پاشاکانی جیهان پۆشاکی تایبەت و فەرمیان لەبەرکردووە، بۆ نموونە دەبینین کە (نصر بن الازهر) کە خەلیفە موتەوەکیلی عەباسیەکان لە ساڵی ٨٦١ی

[32] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٦

زاینی ناردی بۆ قوستەنتینیە، پۆشـاکی فـەرمی دەوڵـەتی عەباسـی لەبـەر کردبوو، کە پۆشاکێکی ڕەش بوو شیر و خەنجەری لەسەر نەخشێنرابوو.

هەر لـەو سـەردەمەدا پەیوەنـدی دیپلۆماسـی لـەڕووی نوسـین و کتێبـەوە پێشـکەوتنی زۆری بەخۆیـەوە بـینی، چـەندین کتێـب لـە بـواری ئیـدارەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت نوسران، کتێبی (السلام و الحرب) و چـەندین کتێبی دیکە، لەو کاتەدا نوسراون([٣٣]).

**٢. پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمی بێزەنتیەکاندا:**

دوای دارمانی دەوڵەتی ڕۆمانی لە سەدەی پێنجی زاینـدا، دەوڵەتەکـە بـوو بە دوو بەشەوە، دەوڵەتی ڕۆمانی عەرەبی کە پایتەختەکـەی میلانـۆ بـوو، لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلاَت کـە لـە بێزەنتـە دامـەزرا، ئـەم دەوڵەتـە وەك رۆمای نویَ بە هێزو توانا مایەوە تا سەردەمی شارلمان و دەرکەوتنی ئیسـلام و دەوڵـەتی ئیسـلامی. دەوڵـەتی بێـزەنتی، بەشـێکی حکـومی بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـەکانی دەرەوە دامەزرانـد، کـە کەسـانی شـارەزای لەبواری دانوستان بۆ تەرخان کردبوو، ئەو کەسـانە باکگراونـدێکی زۆریـان لەسەر پرسەکانی پرۆتۆکۆڵ و هاوپەیمانێتی و ڕێکەوتنامەکان هەبوو.

دەوڵـەتی بێـزەنتی دیپلۆماسـیەتی وەك ئامرازێـك بـۆ مانـەوەی دەوڵـەت بەکاردەهێنا، واتە یەکەم بۆ مانەوە و دووەم بۆ هێزو هـەژموون، ئابـاتیرە چەندین جۆری لە دیپلۆماسیەت بەکاردەهێنا، بۆ ئەمەش سودی لە هونـەر

---

[٣٣] . سعید ابو عباه، الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دار الشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ ص٣٩

و زاناکان وەردەگرت، ئەو توانی دیپلۆماسی بکاتە جێگرەوەی چەك و لە ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیدارترین نەتەوەی سەر زەوی بەکاری بهێنێت، کە بەربەرییەکان بوون، ئەوان گەلێکی توند بوون و تیونی خوێن بوون، هەمیشە لەگەڵ دەوروپشتیان لەگەڵ داگیرکاری و جەنگ خەریك بوون.

ئەو توانی دوژمنە ڕاستەقینەکانی خۆی لاواز بکات، لە ناوخۆی خۆیاندا ناکۆکیان بۆ دروست بکات و بە یەکگرتووی نەیانهێڵێتەوە، لەو میانەیەدا سێ ڕێگای سەرەکی داهێنا کە بریتی بوون لە" یەکەم لاوازکردنی بەربەرییەکان بە دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان خۆیاندا، دووەم دروستکردنی هاوڕێیەتی لەگەڵ گەلانی دیکە و خێڵەکان، بۆ ئەمەش بەرتیلێکی زۆری بەکارهێنا، سێیەم بڵاو کردنەوەی ئاینی مەسیحی لە نێو زۆرترین خەڵکیاندا"([34]).

دیپلۆماسی لەلای بێزەنتیەکان بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، لەوانە: دیپلۆماسی تاك بووە، بەهۆی ڕێورەسمی و هەندێك حاڵەتی دیکەی پێویستەوە سەری هەڵدەدا، وەك بەڵێننامەی ئاشتی، بەڵگەنامە مێژووییەکان باس لە یەکەم پەیوەندی دیپلۆماسی هەمیشەیی لە دەوڵەتی بێزەنتیدا دەکەن، ئەویش بریتی یە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بابا و ئیمپراتۆری بێزەنتیەکان لە سەدەی حەوتدا واژۆ کرا، بابویەکان یەکەم نێردراوی خۆیان نارد بۆ بێزەنتیەو بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێ نیشتەجێ بوو،

[34] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص٨٢

ڤێنسیاش له سـەدەی چواردەیەمدا لـە ژێـر کاریگـەری بێزەنتیـەکان ئـەم دیاردەیەی پەیڕەوی کرد، هەروەها بوو بە یەکەم شاریش له مێژوودا، کـە بەڵگەنامەکانی ئەم کارەی پاراستوە.

بێزەنتیەکان، نێرداوە دیپلۆماسیەکانیان دەخسـتە ژێـر چـاودێرییەوە، بـۆ ئەم مەبەستەش پاسـەوانی پرۆتۆکـۆڵ (حـرس الشـرف) کـە بەشـداری لـە ڕێوڕەسمەکانـدا دەکـرد، چـاودێری هـەموو جوڵـەکانی دیپلۆماتکارەکـانی دەکـرد، هــەروەها ئــەو کەسانەشــی دەناســی کــە پەیوەنــدیان لەگــەڵ دەبەستن، بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دەوڵەتی بێـزەنتی پێـی وابووە، کە نێردراوەکان له " سیخوڕێکی دەوڵەت" هیچی دیکه نین.

سەردەمی بێزەنتیەکان له دیپلۆماسیدا بە سەرەتای دانـانی باڵیۆزخانـەی هەمیشەیی دادەنرێـت، ئـەو کەسـانەی لـە دەوڵەتەکـەدا دەبوونـە بـاڵیۆز، پێویست بـوو پێشـتر بـۆ ماوەیـەکی زۆر لـە یـەکێك لـە دیوانـەکان(دیوانی سەرۆکایەتیەکانی ئێستا) بـۆ ماوەیـەکی زۆر کـاری بکردایـە و ڕاهێنانیـان پێدەکرا.([٣٥])   هەرچـی پەیوەسـت بەتایبەتمەندییـەکانی دیپلۆماسـی لای بێزەنتیەکان، ئەوا:

١.  بێزەنتینـەکان پشـتیان بـە هونـەری دانوسـتان دەبەسـت و پـەیڕەوی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هـەروەها کەسـانی شـارەزا و خـاوەن ئـەزمونیان دەنارد.

---

[٣٥] سەرچاوەی پێشوو ل٨٤

٢. بێزەنتینەکان لە شاری قوستەنتینیه، دیوانێکی تایبەتیان بۆ کاروباری دەرەوە پێکهێنا، کاری ئەم دیوانە دیاری کردنی کەسانی دیپلۆماتکار و دانوستانکار بوو، هەروەها لەپاڵ ئەم دیوانەدا دیوانی بیانیان دامەزراند،بە وتەی خۆیان(دیوانی بەربەری) ئەم دیوانە تایبەت بوو بە بەرژەوەندییەکانی نێردراوەکان و ڕایی کردنی کارەکانیان.

٣. باڵیۆزەکانی بێزەنتینەکان بەردەوام ڕاپۆرتیان لەسەر دۆخی ناوخۆی ئەو وڵاتە دەنوسی کەتیایدا ماونەتەوە، ئەوان لە باڵەخانەی تایبەت نیشتەجێ دەبوون([٣٦]).

٤. بێزەنتینەکان گرنگیەکی زۆریان بە میوانداری و پێشوازی گەرم دەدا، وەك ئەوەی لە ڕۆما پەیڕەو دەکرا، بێزەنتینەکانیش هەمان کاریان دەکرد، هەروەها ڕێزێکی زۆریان لە نێردراوە عەرەبیەکانی بەغدا و قاهیرە و قورتوبە دەگرت، زیاتر گرنگیان بە عەرەبی ڕۆژهەڵات دەدا، وەك لە ڕۆژئاوا، بۆ نموونە باڵیۆزی بەغدا زۆر گرنگتر و باشتر بوو لەلایان وەك لە باڵیۆزی قورتوبە.([٣٧])

## سێیەم: دیپلۆماسی لەسەدەی نوێ و هاوچەرخدا:

پەیوەندی دیپلۆماسی لەم سەردەمە لە ڕووی مێژوویەوە، دەتوانین دابەش بکەین بۆ چەند بەشێك لەوانە:

---

[٣٦] د. خلیل حسین، التنظیم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص٨٦

[٣٧] سعید ابوعباه، الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دارالشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ص٤٣-٤٤

١.  پەیوەندی دیپلۆماسی لە سەدەی پانزە بۆ هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی:

ئەم سەردەمە لە سەدەی پانزەوە بە پەیوەندی دیپلۆماسی لای دەوڵەتی عوسمانی دەست پێدەکات، تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام دەبێت.

دیپلۆماسی لەسەردەمی نوێدا لە سەردەمەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، بەوەی کە نێردراوی هەمیشەیی بوو بە کاری هەموو دەوڵەتەکان، ئەم پێشکەوتنەدوای سەردەمی ڕێنسانس لە ئیتاڵیاوە گەشەی کرد، لەو کاتەدا کۆمەڵێك دەوڵەت و دەوڵەتۆچکە بوونیان هەبوو، کێبڕکێی یەکدیان دەکرد، ئەم دەوڵەتانە دەیانویست دەست بەسەر سەروەری دەوڵەتۆچکەکاندا بگرن، ئامانجی هەمووشیان یەك خاڵ بوو، ئەویش سەپاندنی هەژموونی خۆیان و زیادکردنی قەڵەمڕەوی بوو بەشێوەیەکی ئاشتیانە، هەر لەو کاتەدا بەشێك لەم دەوڵەتانە بۆ هاوسەنگی هێز لەگەڵ یەکدی هاوپەیمانێتیان دژی دەوڵەتانی دیکە دەبەست، هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندی بەردەوام و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، نێردراو یان دیپلۆماتکاری هەمیشەیان دادەنا([٣٨])، یەکەم دەوڵەتیش کە ئەم کارەی کرد، کۆماری ڤێنسیای ئیتاڵیا بوو، هەروەها یەکەم دەوڵەتیش بوو، کە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی بۆ نێردراوە هەمیشەییەکان دانا،

[٣٨] عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية، ط١، ٢٠٠٢، ص١٤

ئەم بیرۆکەیەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەیەمینی زاینی ئەو کاتەی لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتینەکان بەرژەوەندی بازرگانی دامەزراندبوو، لەلایەکی دیکەشەوەلەناو دەوڵەتە بچوکەکاندا بیرۆکەی نێردەی هەمیشەیی بۆ دەوڵەتەکانی دیکەی ئیتالیا سەری هەڵدا، وەك ئەو کارەی دەوڵەتەکانی ئەوروپای خۆرئاوا و ناوەڕاست ئەنجامیان دا.

ئیسپانیا لە ساڵی(١٤٨٧)دا یەکەم باڵیۆزی هەمیشەیی خۆی بۆ ئینگلتەرا نارد، هەروەها لە ساڵی (١٥٢٠)دا ڕێکەوتنامەیەك لە نێوان پاشای ئینگلتەرا و ئیمپراتۆریەتی نەمسا واژۆ کرا، کە بەپێی ڕێکەوتنەکە هەردوو لا باڵیۆزی هەمیشەییان ڕەوانەی یەکدی کرد، هاوکات هەریەکە لە ئیسپانیا و فەرەنسا و پورتوگال باڵیۆزخانەی هەمیشەیان لە نێوان خۆیاندا دامەزراند.

هەروەها لە ساڵی ١٦٤٨دا ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان چەند دەوڵەتێکی ئەوروپا واژۆ کرا، دوای ئەم ڕێکەوتنامەیە لە هەموو کات زیاتر پێویستی بوونی نوێنەری هەمیشەیی دەرکەوت، چونکە ئەم دەوڵەتانە بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ لە جەنگدا بوون، هێرشی لەناکاو ئەگەرێکی نزیك بوو، بۆیە ئەوان بۆ پاراستنی خۆیان و ڕووبەڕووبونەوەی هێرشەکان، بڕیاریاندا کە نوێنەری هەمیشەیی بۆ یەکدی بنێرن، هەروەها باڵیۆزخانەکانیش بەردەوام زانیاریان کۆدەکردەوە و دەیانناردەوە([٣٩]).

[٣٩] سعید ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٦٦

هەروەها بەستنی کۆنگرەی ڤییەنا لە ساڵی ١٨١٥دا بە گۆڕانکارییەکی گەورە لە مێژووی دیپلۆماسی دادەنرێت، کە لەم سەردەمەدا بەسرا([٤٠]).

لەم سەردەمەدا دیپلۆماتکار و باڵیۆزخانەکان لە وڵاتانی جیهاندا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی و پارێزبەندیان پێدەدرا، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١. ئەو وڵاتانەی کە نێردەی هەمیشەییان دەنارد، دەیانتوانی لە وڵاتەکەدا ئاڵای خۆیان لەسەر بینای باڵیۆزخانەکە هەڵبکەن، وەك ئەوەی دەوڵەتانی جیهان کردیان کاتێك نێردەیان دەنارده دەوڵەتی عوسمانی، ئاڵای وڵاتەکەشیان لەسەر باڵیۆزخانەکانیان هەڵدەکرد.

٢. لە باج و خەراج دەبەخشران.

٣. پارێزبەندی دیپلۆماسیان پێدەدرا.

٤. هیچ کەس بۆی نەبوو هێرش بکاتە سەر دیپلۆماتکارەکان.

٥. نێردراوی دیپلۆماسی ماف چوونە دەرەوەی لە باڵیۆزخانەکە نەبوو، تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش، تا ئەو کاتەی نێردراوێك شوێنی دەگرتەوە، ئەمەش واتای دیپلۆماسی هەمیشەیی دەگەیەنێت لەو سەردەمەدا([٤١]).

هەروەها دیپلۆماتکار پێویست بوو، کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەبێت،لە گرنگترینیان:

---

[٤٠] عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية، ط١، ٢٠٠٢، ص١٤

[٤١] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص١١٩

١. پێویست بوو دیپلۆماتکارەکان شارەزایی تەواویان لە ئەدەب و زانستەکاندا هەبووایە، هەروەها لە زمانێك زیاتر بزانن.

٢. زوو هەستی بە ئەو ڕووداوانە بکردایە ، کە لە دەوروپشتی ڕوودەدەن.

٣. دیقەتی باش بووایە و بە کورترین ڕێگا بگەیشتایە بەئامانج.

٤. خاوەن کەسایەتیەکی بەرز بێت و ئارام و لەسەر خۆ بێت، دوور بێت لە هەموو ئەو شتانەی کاری لێدەکەن، وەك خواردنەوەی مەی، بەرتیل، ژنان([٤٢]).

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین لەم سەردەمەدا، ئەوەیە کە جۆرێك لە دیپلۆماسی سەری هەڵدا، کە سەرۆك بە دەوڵەت دادەنرا، بۆیە جێی سەرسورمان نیە، کە دەبینین لەو کاتەدا، دیپلۆماتکارەکان خۆیان بە نوێنەری سەرۆك و پاشاکان دەزانی، نەك دەوڵەت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان تەنها لە ڕێگای پاشاکانەوە بوو، یان ئەو کەسەی بە ناوی ئەوانەوە قسە دەکات، ئەوەی لەسەر باڵیۆز پێویست بوو، ئەوەبوو کە ئەو کارە بکات کە پاشا پێی دەڵێت، یان ڕازی دەکات، بۆیە ئامانج لە دیپلۆماسی لەو کاتەدا لەلای هەندێك وڵات تەنها بۆ ڕازی کردن و جێبەجێ کردنی ویستەکانی پاشا بوو.([٤٣])

[٤٢] سعید ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٤٩

[٤٣] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٦٦-٦٧

٢. پەیوەندی دیپلۆماسی لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆ کۆتایی جەنگی سارد(١٩٩١):

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، دیپلۆماسی کلاسیکی شێوازێکی نوێی بەخۆیەوە بینی، کە پێی دەوترێت(دیپلۆماسی نویٚ)یان (دیپلۆماسی میللی)، لەم سەردەمەدا دیپلۆماسی وردە وردە سیماو تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی دیپلۆماسی کلاسیکی لێکرایەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێو دەوڵەتیەوە، هەروەها جۆرێك لە کاری نهێنی بووە تایبەتمەندییەکی دیپلۆماسی لەم کاتەدا(بە تایبەت لەجەنگی جیهانی یەکەمدا)، هەروەها یەکەمین خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان دیپلۆماسی کلاسیکی و نویٚ دەرکەوت، کە ئەویش بریتی بوو لە فراوان بوونی دیپلۆماسی لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، وڵاتان لە نێوان خۆیاندا ڕێکخراوی نێودەوڵەتیان دروست دەکرد و چەندین کۆنگرەیان دەبەست وەك کۆنگرەی سان فرانسیسکۆ لە ساڵی١٩٤٥دا([٤٤])، هەروەها پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دوو وڵات، بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، کاریگەری دەخستە سەر وڵاتانی دیکە، هەروەها دیپلۆماسی کاریگەری هەرێمی و ڕەهەندی نێودەوڵەتی لەسەر بوو، ئەمەش وای کرد گرنگی پەیوەندی دیپلۆماسی کەم ببێتەوە.

---

[٤٤] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص١٣٤

تایبەتمەندییەكی دیكەی پەیوەندی دیپلۆماسی ئەم سەردەمە، ئەوەبوو كە ڕەهەندێكی نهێنی(سیخوڕی) وەرگرت، ئەمەش وای كرد كە چەندین دام و دەزگای نهێنی دروست بكرێت و لەپەیوەندییە دەرەكیەكاندا بەكار بهێنرێت، لەو كاتەدا دام و دەزگا دیموكراتیەكانی وەك پەرلەمان و ڕاگەیاندن و پارتە سیاسیەكان و كۆمەڵەكان هەوڵێكی زۆریان دەدا، كە هەموو كارەكان بە ئاشكرا بكرێت و ئامانجە نەتەوەییەكان بۆ رای گشتی ئاشكرا بكرێن، لە ئەنجامی فشاری ئەم دام و دەزگایەنە لەگەڵ ویستی حكومەت كەدەیویست هەندێك كاری دیپلۆماسی بە نهێنی بمێنێتەوە، دیپلۆماسی جۆرێك لە جێگیری بەخۆیەوە بینی، ئەویش ئەوەبوو بەشێك لە كارەكانی بە نهێنی ئەنجام بدات و ئامانجە نەتەوەییەكانیش بە ئاشكرا ئەنجام بدات.

هەندێك لە شارەزایان ئاماژە بەوە دەكەن، كاری نهێنی لە سیاسەت و دیپلۆماسی كە لە سەدەی بیستەمدا گەشەی كرد، شەرمەزاری ڕووبەڕووی دیپلۆماسی كردەوە، چونكە درۆ و كاری نهێنی و فێڵ و شاردنەوە لە كاردا زۆر پەلی هاویشت، ئەمەش وای كرد لەلایەك متمانەی خۆیان لەلای گەلەكانیان لەدەست بدەن و لەلایەكی دیكەشەوە داوای ڕاستگۆیی و ڕاشكاوی بكەن، ئەم جۆرە لە سیاسەت و دیپلۆماسی دەتوانین بڵێین بوو بە تایبەتمەندییەكی گرنگی ئەم سەردەمە، باشترین بەڵگەش وتەیەكی باڵیۆزێكی بەریتانیایە بە ناوی هێنری واتۆن(Henry Watton. SIR)

کـە دەڵێـت:" دیپلۆماسـی پیـاوێکی باشـە کـە دەچـێتە دەرەوە و بـۆ بەرژەوەندی گەلەکەی درۆ دەکات"([٤٥]).

دیپلۆماسـی لـە پـێش هەڵگیرسـانی جـەنگی جیهـانی دووەمـدا، رۆڵێکـی مێـژوویی گرنگـی بـینی، بەشـێوەیەك دیپلۆماتکارەکـان توانیـان ئیـدارەی ولاتــە داگــیر کراوەکــان بــدەن و خۆشــیان بکەونــە ململانێــوە، ئــەم دیپلۆماتکارانە وەك نوێنەری گەلان سەرانسەری جیهانیان دەکرد و هەموو مافێکیان بەخۆیان دەدا، بەبێ هیچ حساب بـۆ کردنێـك ،گـەلانی دیکـەیان دوور دەخستەوە، ولاتـانی ئـەوروپا زیـاتر ئـەم کارەیـان دەکـرد، لەسـەرو هەموویانەوە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا.([٤٦]).

دوای جەنگی جیهانی دووەم، حاڵەتی هەڕەشە و سزا و بەکارهێنانی هێـز، بوونە ئامرازێك لە ئامرازەکانی دیپلۆماسـی، کەلـە ڕابـردوودا بـەو شـێوازە نەبینرابوو، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری سەربازیدا، چونکە پێشتر تەکنەلۆژیا نەگەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار و وێرانکەر، بەکارهێنانی هێزیش بۆ ترسـاندن بـوو نـەك بۆلـەناوبردن، بـەلام ئەم حاڵەتە گۆڕانکاری بەسـەردا هـات، بـە تایبـەت لەگـەڵ هـاتنی نیـوەی سەدەی بیستەم ، بە دیاری کـراوی لـە مـاوەی جـەنگی جیهـانی دووەم و دوای جەنگەکەش، کـە چـەکی ئـەتۆم بـەکارهێنرا، لەکاتێکدا پێشـتر ئـەم

---

[٤٥] م.م زياد خلف عبدالله جبوري، تطور الدبلوماسية–دراسة تحليلية، م١٤ جامعة تكريت للعلوم الانسانية، ٢٠٠٧ص٤٩٤

[٤٦] سەرچاوەی پێشوو.

چەکە بوونی نەبوو یان نەناسێنرابوو، بەهۆی ئەم چەکەوە وڵاتان دەتوانن شارێك بسوتێنن و زیانێکی زۆر لە ڕیزی سوپای دوژمن بدەن، بەبێ ئەوەی خۆیان هیچ زیانێکیان بەربکەوێت، ئەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە ، بەجۆرێکی دیکە دیپلۆماسی گەشەندەوە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر لە ڕابردوودا دەوڵەتانی جیهان پەنایان بۆ جەنگ ببردایە وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ویستەکانیان، ئەوا ئێستا هەموو هەوڵێك دەدەن، کە ئەم جەنگە ڕوونەدات.

کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم کۆمەڵێك گۆڕانکاری هێنایە کایەوە، تەنها لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێزی سەربازی نا، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوریش گۆرانکاری زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و وڵاتە زلهێزەکان پاشەکشێیان کرد و وڵاتی دیکە بوونە زلهێز، کەئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و پێشکەوتنەکان دروست کرد و سەردەمێکی نوێی لە پەیوەندی نێودەوڵەتی هێنایە کایەوە، سیستەمی پاشایەتی لە ئیتاڵیا و هەنگاریا و بولگاریا و ڕۆمانیا و ئەلبانیا و یوگسلافیا گۆڕدران و نەمان، هەروەها زلهێزەکەی ئەوروپا کە ئەڵمانیایە بەبێ هیچ مەرجێك تەسلیم بوو، هاوکات پێگەی بەریتانیا و فەرەنسا لاواز بوو، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەك زلهێزێکی جیهان دەرکەوت، کە سیستەمی سەرمایەداری پەیڕەو دەکرد، لەهەمانکاتدا یەکێتی سۆڤیەت کە سیستەمی ئیشتراکی پەیڕەو دەکرد و پێگەی خۆی قایم کرد، کە ئەم دوو زلهێزە پاشان بە سیستەمی دوو جەمسەرگەری ناسێنران، کە هەر

دەوڵەتە لە ڕووی بۆچوونی سیاسی و ئـابوری و کلتـوری لـە دەوڵەتەکـەی دیکە جیاوازتر بوو.

هـەروەها ئـەم سـەردەمە، سـەردەمی کـۆنگرە و دروسـتکردنی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتیەکان بوو، ڕێکەوتنامەی ڤییەنا لە ساڵی ١٩٦١ بەسرا، هەروەها پەیوەنـدی کونسـولگەری لــە سـاڵی ١٩٦٣ڕێکخـرا، ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتوەکان دامەزرا، چەندین ڕێکەوتنامە لەسـەر حەسانە و ئیمتیـازاتی دیپلۆماسی واژۆ کران([٤٧]).

هەروەها دوای ئـەوەی کـە دەوڵـەتانی جیهـان ترسـی ئـەوەیان نـەما، کـە لەگەڵ دوژمنـەکانیان بچـنە جەنگـەوە و لـە ڕێگـای هێـزەوە ئامانجـەکانی خۆیان بەدەسـت بهێـنن، جـۆرێکی دیکـە لـە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتان دروسـت بـوو کـە پێـی دەوترێت(هاوسـەنگی ترسـاندن)، چـونکە ئـەو دەوڵەتەی کە خاوەنی چەکی ئەتۆم و موشەکی کڵاوەی ئەتۆمی هەمەجۆر و کیشوەر بڕە(بالیستی) بەهەمان شێوە دەوڵەتەکـەی دوژمنیشـی هـەمان چەکی لەبەردەستدایە، ئەم هاوسـەنگی هێـزە وای کـردووە کـە دەوڵـەتان پێش بەکارهێنانی هێزی سـەربازی، هـەوڵ بـدەن لـەڕێگای دیپلۆماسـیەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن ([٤٨]) .

٣. پەیوەندی دیپلۆماسی لە کۆتایی جەنگی سارد (١٩٩١) تاکو ئێستا

---

[٤٧] د. عليعبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠١٢، ص٢٦

[٤٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤٩٥-٤٩٦

لەسـەردەمی ئێسـتاماندا و بـەهۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە جیهانـدا ڕوودەدەن ، بەتایبەت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دەرکـەوتنی جیهـانگیری، بوونە هۆی تێکەڵ بوونی بەشێکی جیهان، هـەروەها کاریگـەری ئـاڵوگۆڕی نێوانیان زیادی کردووە، بەمەش چەمك و واتای دیپلۆماسی فـراوانتر بـوو، بەبەراورد بە چەمکی دیپلۆماسی لەسەردەمی کۆن و کلاسیکیدا.

بە کورتی، دیپلۆماسی ئەم سەردەمە کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی و ئـابوری و ئایـدۆلۆژی بەدەسـتهێناوە، کـە بـۆ خزمـەتی چـەندین لایـەن بـەکاردەهێنرێن، هـەروەها دیپلۆماسـی لـە نهێنیـەوە بـوو بـە دیپلۆماسـی کراوە یان ئاشکرا ،کە بە ڕوونی و راشکاوی کارەکانی خۆی ڕایی دەکـات، هەروەها کاریگەرە بە رای گشتی و جیهانگیری،ئەمە جگە لەوەی چـەندین شۆڕشـی لـە بـواری زانسـت و پەیوەنـدی و تەکنـەلۆژیادا هێناوەتـە کایەوە([49]).

دەتوانین بەدیپلۆماسـی ئـەم سـەردەمە بڵێن " دیپلۆماسـی گشـتگیر یـان تـەواو– Total Diplomacy"، چـونکە لـەم سـەردەمەدا دیپلۆماسـی ڕازی نیـە نەریتـە کۆنـەکانی دیپلۆماسـی بـە تـەنها جێبـەجێ بکـات وەك ئاهەنگ و ڕێو ڕەسم و نان خواردن و پێشوازی، یان ڕاپۆرتێـك بنوسـێت و پێشـبینی خـۆی بخاتـە ڕوو، بـەڵکو دیپلۆماسـی ئـەمڕۆ پـلان دادەنێـت و هەماهەنگی دەکات.

---

[49] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسیة المعاصرة، ٢٠١٥، ص٦٨

ئەگەر دیپلۆماسی لە سەردەمی نوێدا چارەسەری کێشەکانی کردبێت، ئەوا دیپلۆماسی هاوچەرخ تاڕادەیەکی زۆر ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەیە و لە یەك خاڵدا کۆنابێتەوە، بۆیە دیپلۆماسی سەردەمی ئێستا فراوان و ئاڵۆزە، تەنها زادەی کۆمەڵێك کێشە و پرسی ئاڵۆز نیە، بەڵکو زادەی زیادبوونی دەوڵەتەکان و گۆڕانکاریە خێراکانی ئەمڕۆمانە([٥٠]).

هەروەها دیپلۆماسی ئەمڕۆ پێی دەوترێت " دیپلۆماسی بەستنەوە— Associative Diplomacy"، ئەمەش سیفەتێکە بەهۆی گەشەی بەردەوامە سەری هەڵداوە و دەوڵەتەکان لە چەند ڕوویەوکەوە خۆیان بە یەکەوە دەبەستنەوە ، بۆ نموونە دەوڵەتان پەیوەندی سیاسی و ئابوری بە یەکەوە دەبەستنەوە، بەمەش لەگەڵ وڵاتانی دیکە پەیوەندی ستراتیژی و سیاسی و ئابوری و بازرگانیان دەبێت، ئەم جۆرە لە سیاسەت و کۆکردنەوەیە، دەبێتە هۆی فراوان بوونی پەیوەندییەکانیان، بەشێوەیەك چەند وڵاتێکی دیکە دێنە ناو ئەم پەیوەستن بوون بە یەکدییەوە، وەك بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا EEC، کە دواتریش بووە هۆی دروستبوونی یەکێتی ئەورووپا و چەندین دەوڵەتی دیکەش چوونە ناو یەکێتیەکەوە و پەیوەندییەکانیان زۆر فراوانتر کرد، تا لە ڕێکەوتننامەی ماستەرخیت لە دێسەمبەری ١٩٩١دا لەسەر سیاسەتی هاوبەش و ئابوری و دراوی هاوبەش ڕێك کەوتن.

---

[٥٠] د.سيد امين شلبي، في الدبلوماسية المعاصرة، ط٢، ١٩٩٧م، ص٩٤

هەروەها لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا، دەبینین کە رابیتـەی دەوڵـەتانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسـیا(Asian) هەیـە، ئەمـە جگـە لـەوەی کۆمەڵـەی هاریکاری ئابوری وڵاتانی ئاسیا و باسفیك هەیە([51]).

لێـرەدا دەتـوانین بڵـێین، کـە باسـکردنی قۆناغـە مێژووییـەکانی کـاری دیپلۆماسی، بەهەمان شـێوەی باسـکردنی گەشـەی کـاری دیپلۆماسیشـە، چـونکە بـە تێپـەڕبوونی کـات، کـاری دیپلۆماسـی گۆڕانکـاری بەسـەردا هاتووە، ئەرك و کاری فراوانتر بووە، هەر ئەمەش دەتوانرێت وەك گەشەی کاری دیپلۆماسی سەیر بکرێت، کە قۆناغ بە قۆنـاغ گەشـەی بەرچـاوی بـە خۆیەوە بینیوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ کـە دیپلۆماسـی زۆرتـرین پانتـایی لـە سیاسەتی نێوەوڵەتی داگـیر کـردووە، هـەموو لایەنـە ئـابوری و سیاسـی و بازرگانی و کلتوری و گەشتیاری پەیوەستن بە لایەنی دیپلۆماسیەوە.

---

[51] سەرچاوەی پێشوو

# بەشی دووەم:
# بەستنی دیپلۆماسی و یاساکانی و جۆرەکانی دیپلۆماسی

# بەشی دووەم:
# بەستنی دیپلۆماسی و یاساکانی و جۆرەکانی دیپلۆماسی:

## باسی یەکەم: بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی و قۆناغەکانی کردنەوەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی

### أ. بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی:

بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی وڵات یان پاشا مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە، مەبەست لە مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسیش ئەوەیە، کە دەوڵەت مافی نێردەی دیپلۆماسی هەمیشەیی بۆ دەوڵەتانی دیکە هەیە، هەروەها مافی نوێنەرایەتی دیپلۆماسیش واتەی ئەوەیە کە دەوڵەتان مافی ئەوەیان هەیە، نوێنەرە هەمیشەییەکەیان لە دەوڵەتانی دیکە قبوڵ بکرێت، ناردنی نوێنەر لەچەمکی دیپلۆماسیدا پێی دەوترێت" نوێنەرایەتی ئیجابی" هەروەها مافی دەوڵەت لە قبوڵ کردنی نوێنەرەکەی لە دەرەوە پێی دەوترێت" نوێنەرایەتی سلبی"([52]).

ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو مافەیان هەیە چەند جۆرێکن:

[52] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٩٧

١.  یەکـەم جـۆر ئـەو دەوڵەتانـەن کـە سـەربەخۆن و خـاوە سـەروەری تەواون، لە ڕاستیدا ئەو دەوڵەتانـەی کـە سـەروەری تـەواویان هەیـە، مـافی ئەوەیان هەیە کە نوێنەری هەمیشەیی بۆ ئەو دەوڵەتانە ڕەوانە بکەن، کـە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیانـدا هەیـە، هـەروەها لـەم نێوەنـدا نـەریتی مامەڵەی هاوشێوە پـەیڕەو دەکرێت، واتـە ئـەو دەوڵەتـەی کـە نوێنـەرێك ڕەوانەی دەوڵەتێکی دیکە دەکات، لە هەمانکاتدا نێردراوی دەوڵەتەکـەش قبوڵ دەکات.

بەڵام ئایا پێویستە ئەو دەوڵەتەی کە سەربەخۆیی تـەواوی هەیـە، نوێنـەر بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان بنێرێت و لە هەمان کاتـدا نوێنـەری سـەرجەم دەوڵەتانی جیهان قبـوڵ بکـات؟، لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا شارەزایان دەڵێن یاسای نێودەوڵەتی هیچ دەوڵەتێك ناچـار ناکـات نوێنـەر بـۆ هـەموو دەوڵەتانی جیهان بنێرێت و نوێنەریشیان قبوڵ بکات، بـەڵکو دەوڵەتـەکان بـەپێی سروشـتی پەیوەنـدی خۆیـان و بەرژەوەندییـەکانیان، پەیوەنـدی دیپلۆماسـی نێوانیـان دەبەسـتن، بـەڵام ئـەم بابەتـە ڕاماندەکێشـێت بـۆ بابەتێکی دیکە، ئەویش ئەوەیـە کـە دەوڵـەت ناتوانێـت خـۆی لەسـەرجەم وڵاتانی جیهان دابڕێت و پەیوەندی تەنها لەگەڵ چەند دەوڵـەتێکی دیـاری کراودا هەبێت، چونکە نەمانی پەیوەنـدی دیپلۆماسـی لەگـەڵ دەوڵـەتێکی دیکە، واتە نەبوونی هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش، بەواتایەکی دیکـە خـۆ بێ بەش کردن لەو بەرژەوەندییانەی کە لەو وڵاتەدا هەیە.

٢. جۆری دووەم ئەو دەوڵەتانە کە دەوڵەتێکی پاشکەوتون([٥٣])، یان خاوەن سەربەخۆیی تەواو نین، یاساو ڕیساکانی نوێنەرایەتیان لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بۆ دیاری دەکرێت کە دەیپارێزێت و لە سنورێکی دیاری کراودا ئەو مافەی پێدەدات، بۆ نموونە وڵاتی بەحرین لە ڕابردوودا تەنها مافی نوێنەرایەتی سلبی هەبوو، هەرچی پەیوەست بە مافی نوێنەرایەتی ئیجابی، ئەوا ئەو مافەی نەبوو، بەڵکو نەیدەتوانی نێردراو بۆ دەرەوە بنێرێت، لەبری ئەمە بەریتانیای خاوەنی ،کاروبارەکانی دەرەوەی بۆ ڕایی دەکرد، هەروەها کاتێك دەوڵەتی بولگاریان لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨–١٩١٨ سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، تەنها مافی ئاڵوگۆڕی باڵیۆزەکانی هەبوو.

٣. جۆری سێیەم دەوڵەتە فیدڕاڵیەکانن یان نیمچە فیدڕاڵین، ئەو دەوڵەتانەی کە سیستەمی فیدراڵی جێبەجێ دەکەن، وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و مەکسیك بە نموونە، حکومەتە ناوخۆییەکان لە مافی نوێنەرایەتی خۆیان لە دەرەوە خۆش دەبن و حکومەتی فیدراڵی لەبری ئەوانیش ئەرکی نوێنەرایەتی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام هەرچی حکومەتی کۆنفیدراڵیە، ئەوا هاوکاری و پەیوەست بوونیان بە یەکێتی فیدراڵیەکەوە لاوازە، بەشێوەیەك لەو مافەی خۆیان خۆش نابن کە حکومەتی کۆنفدراڵی نوێنەرایەتی دەرەوەیان بکات(لەگەڵ کۆمەڵێك کاری

---

[٥٣] پاشکەوتوو، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە پاشکۆی وڵاتێکی دیکەن، کەلە بڕیارەکانیاندا سەربەخۆ نین و وڵاتێکی دیکە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەژمونی خۆی بەسەردا سەپاندووە، بەشێوەیەک سەروەری تەواوی نیە و لەژێر ئینتیدابدایە.

دیکە)، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە نێوان سالآنی ۱۷۷۸ و تـاوەکو سالّی ۱۷۸۷ دەولّەتێکی کۆنفیدرالّی بوو.

٤. دەولّەتی دۆمنیۆن: ئەو دەولّەتانە کە لە بنەڕەتـدا داگـیر کـراو بـوون، بـەلاّم وردە وردە بـەرەو سـەربەخۆیی هـەنگاویان نـاوە، ئـەم دەولّەتانـە لەیــەك کاتــدا پەیوەنــدی لەگــەلّ دەولّــەتی دایك(داگیرکــەر) هەیــە و پەیوەندیش بە گەلانی دیکەوە دەکـەن، بـۆ نموونـە کەنـەدا دوای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی دەسـتی بـە نـاردن و پێشـوازی لـە نوێنـەرەکان کـرد، هەروەها پەیوەندی لەگەلّ ئەمریکا و فەرەنسا و چـەند دەولّـەتێکی دیکـە بەست، ئێستاش کەنەدا ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە، بـەلاّم پەیوەسـت بوونی بە بەریتانیاوە بە تێپـەڕبوونی کـات کەمبۆتـەوە، گـەورەیی کەنـەدا زیاتر ڕەمزی بووە نەك کردەیی (فیعلی).

٥. لـە کۆتایشـدا پاپـا مـافی نوێنەرایـەتی دیپلۆماسـی هەیـە: دەولّـەتی ڤاتیکـان" پێـی دەوترێـت شـیاوی دەولّـەت بـوون، چـونکە بنـەماکانی دەولّـەتی تێـدا نیـە"، بـەلاّم بـەهۆی پێگـەی پاپـاوە، مـافی ئـالّوگۆڕی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی هەیە.

لـە پەیماننامـەی لاتـران کـە لـە نێـوان حکومـەتی ئیتالّیـا لەسـەردەمی مۆسۆلۆنی و پاپادا واژۆ کرا، ماف بە پاپا درا، کە پێشـوازی لـە نوێنـەری دیپلۆماسی دەولّەتانی جیهان بکـات، هـەروەها نوێنـەریش بـۆ دەولّـەتانی جیهان بنێرێت، هەروەها ئیتالّیا پەیمانی دا کە هەموو مـاف و ئیمتیـازێکی دیپلۆماسی بە نوێنـەرەکانیان بـدات، ئـەم پەیماننامەیـە بـەرکار دەبێـت ،

تەنانەت تا ئەو کاتەشی نوێنەرایەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ ئیتاڵیادا لەشەڕدا دەبن([54]).

**ب. قۆناغەکانی کردنەوەی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی:**

مادەی دووەمی ڕێکەوتننامەی ڤییننادا باس لە دروستبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی لەنێوان دوو دەوڵەتدا دەکات، کە بەڕەزامەندی هەردوولا دەتوانن نوێنەرایەتی خۆیان لە پایتەختدا دابمەزرێنن، نوێنەرایەتی دیپلۆماسیش بەشێوەیەکی گشتی بریتی یە لە باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان یان نوسینگە و نوێنەرایەتیەکان([55]).

بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی دوای چەند قۆناغێك لە بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دوو دەوڵەت دێت، کە بە چوار قۆتاغدا تێدەپەڕێت:

قۆناغی یەکەم: ئەو قۆناغەیە کە سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی هەڵدەبژێردرێت.

قۆناغی دووەم: ئەو قۆناغەیە کە ڕەزامەندی دەوڵەت بۆ نێردراو وەردەگیرێت.

قۆناغی سێیەم: سەرۆکی نێردراو دیاری دەکرێت.

قۆناغی چوارەم: ئەو قۆناغەیە کە کارنامەی دەست بەکاربوون ڕادەست دەکرێت.

---

[54] سەرچاوەی پێشوو ل٢٩٩-٣٠٠

[55] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص٧١

## باسی دووەم: سەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی:

یاسای دیپلۆماسی کۆمەڵێك بنەما و یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخراون، کە هەندێك دەوڵەت لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتنیان لەسەر کردووە، یان لە نێوان کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوونیان هەیە، پاشانیش هەر دەوڵەتە یان ڕێکخراوەکان لە چوار چێوەی ئەو یاسایەنەدا مامەڵە دەکەن[56].

سەرچاوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دابەش دەبێت بۆ سەرچاوەی نوسراو و نەنوسراو، سەرچاوەی نوسراو وەك ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، سەرچاوەی نەنوسراویش بریتی یە لە نەریتی دیپلۆماسی(عورف)، ئەم دووانە سەرچاوەی بنەڕەتی یاسای نێودەوڵەتی گشتین، لەپاڵ ئەمانیشدا سەرچاوەی دیکەی وەك بۆچوونی زانایان هەیە، کە بەسەرچاوەی یەدەگ دادەنرێت، بە واتایەکی دیکە دادوەری نێودەوڵەتی پەنا بۆ ئەم سەرچاوەیە نابات، تا ئەو کاتەی بڕگەو یاساکان لە سەرچاوەکانی پێشووتر ببینێت، ئەگەر لەو سەرچاوانەدا بوونی نەبوو، بەناچاری پەنای بۆ دەبات، هەروەها سەرچاوەی یەدەگ بەپێی ریزبەندی مادەی ٣٨ لە سیستەمی دادگای دادی نێودەوڵەتی بە ریزبەندی تنازلی

---

[56] د.محمد عبدالكريم حسن عزيز، مبادئ القانون الدبلوماسي، ط١، لسنة٢٠١٧، ص١٠٥

دادەنرێت، ([٥٧])، هەروەها بڕیـار و فتواكـانی دادگـای دادی نێودەوڵـەتی-یش بە یەكێك لە سەرچاوەكانی یاسای دیپلۆماسی دادەنرێت.

لێـرەدا بـاس لـە سەرچـاوەكانی یاسـای دیپلۆماسـی و تایبەتمەندییـەكانی دەكەین:

**یەكەم: سەرچاوەكانی یاسای دیپلۆماسی :**

سەرچـاوەكانی یاسـای دیپلۆماسـی خـۆی لـە پێـنج سەرچـاوەی گـرنگ دەبینێتەوە، كە ئەمانەن:

- **نەریت (عورف):**

زیـادەڕەوی ناكـەین كـە بڵـێین لـە بنەڕەتـدا یاسـای دیپلۆماسـی، یاسـا و حوكمەكانی لە عورفی نێودەوڵەتی-ەوە وەردەگرت، ئەمەش واتای ئەوەیە كـە مامەڵــەی دیپلۆماســی نێــوان دەوڵەتــەكان لــە كۆمــەڵێك عــادات تەقالیـدپێكهاتووە، بـەڵام بـە تێپـەڕبوونی كـاتێكی زۆر بـووە بـە نـەریت (عورف)، نەریتیش یاسایەكی نەنوسراوەیە، بەڵام ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە كە مامەڵە دور و درێژەكان ، ئەم حوكمانەی جێگیر كردووە، بەشێوەیەكی لێكردوون كـە ببنـە حـوكمێكی پێویسـت، هـەروەها جێبـەجێ كردنیشـیان بكاتە كارێكی پێویست، هەر ئەمـەش پرۆسـەی جێبـەجێ كـردن و پابەنـد بوونی لە نێوان دەوڵەتەكان ئاسان كردووە، كە دەوڵەتان لەسـەر بنـەمای مامەڵەی هاوشێوە مامەڵە لەگەڵ یەكتری بكەن، بە واتایەكی ڕوونتر هەموو

[٥٧] د. عبدالعزيز محمد سرحان، قانون علاقات الدبلوماسية و القنصلية، لسنة١٩٨٦، ص٣١

ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان دەوڵەتان و دانوستان و دانوستانکاران و ماف و ئەرکیان، کۆمەڵێك یاسان لە عورفە نێودەوڵەتیەکانەوە وەرگیراون، بەڵام چ یاسایەك؟ ئەو یاسایەی کە نەنوسراوەتەوە، تەنانەت لەڕێکەوتننامەی ڤییەنا بۆ پەیوەندی دیپلۆماسی لەساڵی (١٩٦١)دا، باسی ئەو وڵاتانەی کردووە کە ڕێکەوتنامەکەیان واژۆ کردووە، هەروەها ڕێکەوتننامەی ڤییەنا لە ساڵی ١٨١٥ و پرۆتۆکۆڵی لاشابل ساڵی ١٨١٨ تایبەت بە پلەبەندی نوێنەرە دیپلۆماسیەکان، هەروەها ڕێکەوتننامەی هاڤانا ساڵی ١٩٢٨ بەهەمان شێوە پەیڕەویان لەم خاڵە کردووە ([٥٨]).

سەرەڕای ئەوەی کە ڕێکەوتنامەی ڤییەنا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لە ساڵی ١٩٦١، سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنی حوکمە تایبەتەکانی پەیوەندی دیپلۆماسی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە گرنگی نەریتی کەم نەکردەوە، چونکە خودی ڕێکەوتننەکە یاساکانی لە نەریتەوە وەرگرتبوو، بۆیە نەریت(عورف)سەرچاوەیەکی گرنگی یاسای دیپلۆماسیە، ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە خاوەن ڕەگ و ریشەیەکی کۆنە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێ کردنی نێودەوڵەتیدا هەژارە([٥٩]).

---

[٥٨] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص١٠١

[٥٩] سەرچاوەی پێشوو

- **پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان:**

پەیماننامـە و ڕێکەوتنامـە نێودەوڵەتیـەکانی تایبـەت بـە دیپلۆماسـی بـە سەرچـاوەیەکی فـەرمی یاسـای دیپلۆماسـی دادەنـرێن، کـە بریتیـە لـە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کەلە نێوان دەوڵەتان مۆر کراوە و بە نوسراو لە نێوانیاندا هەیە ، ئەمانە دەچنە بـابی یاسـای نێودەوڵەتیـەوە([60])، ئـەم ڕێکـــەوتن و پەیماننامانـــە بەشـــێوەیەکی گشـــتی لـــە ڕووی گرنگـــی و کاریگەرییانەوە بە ڕێکەوتنی گشتی پۆلێن دەکرێن، هـەروەها هەنـدێك لـە پسپۆڕان ئەم ڕێکەوتنانە بە پەیماننامـەی یاسـادانان نـاو دەبـەن، چـونکە لـەم جـۆرەدا چـەندین یاسـا دادەنـرێنو دەولـەتانی جیهـانیش جێبـەجێی دەکەن. لەوەیە باشترین نموونە بۆ ئەم جـۆرە یاسـاییە ڕێکـەوتنی ڤییـەنا بێت کە لـە سـاڵی ١٩٦١ بـۆ پەیوەندیـە دیپلۆماسیەکان لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتوەکانـــەوە ڕێکخـــرا، هـــەروەها ڕێکەوتنامـــەی ڤییـــەنا بـــۆ پەیوەندییەکانی کونسولّیەت لە ساڵی ١٩٦٣دا بەسرا، ئـەم دوو ڕێکەوتنـە بەهۆی هەوڵ و ماندوو بونێکی زۆری لیژنەی یاسایی نێودەوڵەتی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان هاتـەدی، کـە سـەرکەوتنێکی گـەورەی بـۆ دیـاری کردنی یاساکانی تایبەت بە پەیوەندی دیپلۆماسی بەدەستهێنا ، هـەروەها ڕێکەوتنامـەی ڤییـەنا لـە سـاڵی ١٨١٥ و لاشـابل لـە سـاڵی ١٨١٨ و پەیماننامەی لاتران کە لە ساڵی ١٩٢٩ لە نێـوان ئیتاڵیـا و پاپـای ڤاتیکـان

[60] د. مایا الدباس، د. ماهر ملندي، العلاقات الدبلوماسیة و القنصلیة، ٢٠١٨ ، ص١٤

بەسرا، چەند نموونەیەکی دیکەی دانانی یاسای دیپلۆماسین لە ڕێگای ڕێکەوتنەکانەوە([61]).

- **بۆچوونی شارەزایانی یاسای دیپلۆماسی نێودەوڵەتی:**

بۆچوونی ئەم کەسایەتیانە سەرچاوەیەکی گرنگ و دەوڵەمەندی یاسای پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانن، چونکە ئەو کەسانە خاوەن زانست و شارەزاییەکی پراکتیکی فراوانی ئەو بوارەن و ماوەیەکی زۆرە ئەزمونیان لە دیپلۆماسیدا پەیدا کردووە، ئەمە جگە لەوەی چەندین توێژینەوەیان لەسەر پەیوەندیە دیپلۆماسیەکان کردووە، دواتریش بە بۆچوونی هونەری و شارەزایی خۆیان کێشەکانیان چارەسەرکردوە، پاشانیش لە چوارچێوەیەکی یاسایدا هەوڵی کۆکردنەوە و نوسینەوەیان داوە.

چەندین شارەزا و پسپۆڕ بوونیان هەیە کە لە دەستەکانی زانستیدا گرنگیان بە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە دیپلۆماسی داوە و پرۆژەیان پێشکەش کردوون، بلونچی کە زانایەکی سویسریە توانی لە ساڵی ١٨٦٨دا چەندین یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی دیپلۆماسی دەربکات، هەروەها باسکاڵ فیو زانای ئیتاڵی لە ساڵی ١٨٩٠دا یاسای ڕێکخستنی دیپلۆماسی پێشکەش کردووە([62]).

---

[61] القانون الدبلوماسي، مركز السلام للثقافة الدبلوماسية، ٢٠٢٠/٣/١٥، http://www.siironline.org/alabwab/diplomacy-center/045.html

[62] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص١٠٥

بەڵام گرنگترین دەستەی زانستی کە گرنگی بە یاسای نێودەوڵەتی دابێت و هەوڵی کۆکردنەوەی یاساکانی پەیوەندی دیپلۆماسی دابێت و پرۆژەیەکی پێشکەش کردبێت، کۆمەڵەی یاسای نێودەوڵەتی لە نیویۆرک لە ساڵی ١٨٩٥ بوو، کە یاسایەکی تایبەت بە پارێزبەندی و ئیمتیازەکانی دیپلۆماسی پێشکەش کرد، هەروەها پرۆژەی دووەمی لە ساڵی ١٩٢٩ پێشکەش کرد، هەروەها زانکۆی هارڤرد لە ساڵی ١٩٣٢دا بابەتی ئیمتیاز و پارێزبەندی دیپلۆماسی ئامادە کرد([٦٣]).

- **بڕیاری دادوەرەکان وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسای دیپلۆماسی:**

مەبەست لە دادگای نێودەوڵەتی کۆمەڵێك بنەمای یاساییە، کە لە دادگا نێودەوڵەتیەکان و نیشتیمانیەکانەوە دەرکراون، ئەم حوکم یان یاسایانە بە سەرچاوەیەکی یەدەگی یاسای دیپلۆماسی نێودەوڵەتی دادەنرێت، ئەو حوکمانەی کە دادگای نێودەوڵەتی دەریدەکات، بە سەرچاوەی ئەسڵی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دانانرێت، چونکە دادوەر بنەمای یاسایەکی نوێی لا نیە، بەڵکو یاسای بەرکار جێبەجێ دەکات، ئەگەر یاسا بنەڕەتیەکە بوونی هەبوو، ئەوا دادوەر دەگەڕێتەوە بۆی، بەڵام لەکاتی بوونی ناکۆکی لەسەر حوکمێك کەلە سەرچاوە نوسراوەکانی وەك پەیماننامە و ڕێکەوتنەکانیشدا بوونی نەبێت،ئەوا دادوەر دەگەڕێتەوە بۆ

[٦٣] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص١٠٥

حـوكمی دادگـا، ئـەم سەرچـاوەیە لـە بـەردەم دادگـا نێودەوڵەتیـەکان بـە حوجە دانانرێت، بەڵکو بە ئامرازێك لە ئامرازەکان دادەنرێت، کە هاوکـاری دادوەر دەکات یاسایەکی عورفی جێبەجێ بکات([64]).

لەو کەیسانەی کەدادگای نێودەوڵەتی چاوی پێداخشاندۆتەوە و لە یاسـای نێودەوڵەتی دیپلۆماسی جێگیر کراوە، پرسـی " ئایـا دی لاتۆری"یـە، کـە دادگـا لـە دانیشـتنی یەکـەم حـوکمی لـە ٢٠ی تشـرینی دووەمـی ١٩٥٠بـۆ دەرکرد، هـەروەها حـوکمی دووەمـی لـە ڕۆژی ٢٧ی هـەمان مانگـدا بـوو، سێیەمین حوکمیشی لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٥٣دا بوو([65]).

هــەروەها ئــەوەی پەیوەســتە بــە کارمەنــدانی ویلایەتــە یــەکگرتوەکانی ئەمریکا و باڵیۆزەکەی لە تاران ، کە دادگـا لـە ڕۆژی ٢٤ی ئایـاری ١٩٨٠دا حوکمی بۆ دەرکردن([66]).

- **بنەمای گشتی یاساکان وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی یاسـای دیپلۆماسی:**

مەبەست لە کۆمەڵێك بنەمای یاسـاییە، کـە دەوڵـەتانی جیهـان باوەڕییـان پێیەتی، هەروەها شیاوی ئەوەیـە کـە لـە هـەموو سیسـتەمە یاسـاییەکاندا جێبەجێ بکرێت، یان کۆمەڵێك بنـەمای سـەرەکیە، کـە کۆمـەڵێك دەوڵـەت

---

[64] د. مايا الدباس، د. ماهر ملندي، العلاقات الدبلوماسية و القنصلية، ٢٠١٨ ، ص٢٢

[65] القضية المتعلقة بموظفي الولايات المتحدة الدبلوماسيين و القنصليين في طهران- الحكم الصادر في ٢٤-٥-١٩٨٠- موجز الاحكام و الفتاوي الصادرة عن محكمة العدل الدولية١٩٤٨-١٩٩١- الامم المتحدة-ص١٩-٢٥ و ص١٤٠

[66] سەرچاوەی پێشوو

تیایدا بەشدارن و جێبەجێی دەکەن ، یان کۆمەڵێك بنەمان بە شێوەیەکی جێگیر دەوڵەتان لەناوخۆی خۆیاندا جێبەجێی دەکەن.

بنەمای مامەڵەی هاوشێوە بە گرنگترین بنەمای پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێستا دادەنرێت، بە واتایەکی دیکە دەوڵەتان دەتوانن لە ڕێگای مامەڵەی هاوشێوە، ئیمتیازات و پارێزبەندی دیپلۆماسی نێوان خۆیان زیاد بکەن یان کەمی بکەنەوە.

بۆ نموونە لە بەندێکی ڕێکەوتنامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١دا هاتووە کە"دەوڵەتان لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕ، بە پشت بەستن بە نەریت یان ڕێکەوتنی مامەڵەی هاوشێوە، ئیمتیازات بە یەکتری دەدەن".

کەواتە دەوڵەتان پێویستە بە مامەڵەی هاوشێوە ،نوێنەرایەتی دیپلۆماسی نێوان خۆیان لە ڕووی قەبارەی نێردراوی دیپلۆماسی، ژمارەی دیپلۆماتکاران و جۆریان و سەرۆکایەتی و ڕیزبەندی و چۆنیەتی ڕادەست کردنی کارنامە، ڕێکبخەن، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە لەڕووی پارێزبەندی و ئیمتیازاتی دیپلۆماسیەوە، هەمان مامەڵەی دەوڵەتی بەرامبەر بکات([٦٧]).

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی یاسای دیپلۆماسی:

یاسای دیپلۆماسی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، کە پێویستە لە هەموو حاڵەتەکاندا پەیڕەو بکرێن، کە ئەمانەن:

---

[٦٧] د. ماهر ملندي، العلاقات الدبلوماسية و القنصلية، منشورات الجامعة الافتراضية السورية، ٢٠١٨، ص٢١

١.  یاسای دیپلۆماسی یاسایەکی پابەندکارە(الزامیە)کە زۆر بـە ڕاشـکاوی دەوڵەت و تاك ناچار دەکات پابەند بێت بە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیـەکان، لەناویشدا پێویستە یاساکان جێبەجێ بکات، هەروەها یاسـای دیپلۆماسـی بە گرنگترین لقی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت([68]).

٢.  یاسای دیپلۆماسی زانستە، هەروەها یاسـا و بنـەمای تایبـەت بـەخۆی هەیە، یاساکانی شیاوی درێژکردنەوەن.

٣.  یاسای دیپلۆماسی زانستێکی پراکتیکیە، لەڕوانگەی جێبـەجێ کردنـی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە هاتووە.

٤.  یاساکانی دیپلۆماسـی لـەڕێگای دەزگـا تایبەتەکانـەوە بەسـەر کەناڵـە دیپلۆماسیەکاندا جێبەجێ دەکرێت.

٥.  یاسای دیپلۆماسی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ڕێکدەخات، هـەروەها پەیوەنـدی نێـوان کەسـەکان و یاسـای نێودەوڵـەتی ڕێکـدەخات، وەك دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان([69]).

٦.  یاسـای دیپلۆماسـی لەسـەر کەسـانی پسـپۆڕ و ئامـادەکراو جێبـەجێ دەکرێت، جێبەجێ کردنیشی بە پشت بەستن بە زیرەکی و مەواقیفـەکان و دۆخەکان دەبێت.

[68] د. سهيل حسين الفتلاوي، القانون الدبلوماسي، ص٢٣

[69] د. محمد عبدالكريم حسن عزيز، مباديء القانون الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٧، ص١٠٨

٧. یاسـای دیپلۆماسـی کـارێکی گشـتگیره، پەیوەسـتە بـە زۆر لایـەنی ژیانەوە، وەك سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و سـەربازی و کەسـایەتیە یاساییە نێودەوڵەتیەکان.

٨. یاسـای دیپلۆماسـی لـەبری دەوڵـەت بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکان پەیڕەو دەکرێت.

٩. یاسای دیپلۆماسی کارێکی ئاڵوگۆڕکاریە، واتە مامەڵـەی هاوشـێوەیە، بەرامبەرت چـۆن مامەڵـەی کـرد، تـۆش بەهـەمان شـێوە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکەیت([٧٠]).

---

[٧٠] د. محمد عبدالكريم حسن عزيز، مبادىء القانون الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٧، ص١٠٨

## باسی سێیەم: جۆرەکانی دیپلۆماسی:

لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا، جۆرەکـانی دیپلۆماسـی بەشـێوەیەکی فـراوان پەلیان هاویشـتووە و هەمـەجۆر بـوون، دەوڵـەت چـەندین ڕێگـاو ئـامرازی جیـاواز لــە پەیوەندییــە دیپلۆماســییەکانی بــەکاردەهێنێت و کەســانی تایبەتمەنـد لـە چـینە جیاوازەکـان بـۆ کـاری دیپلۆماسـی ڕادەسـپێرێت، هــەروەها دوای جــەنگی دووەمــی جیهــانی دیپلۆماســی گەشــەکردن و گۆڕانکاریـیـەکی زۆری بەسـەردا هـات، ئـەنجامی شـەڕەکە کاریگەرییـەکی زۆری کردە سەر پێشکەوتنی شۆڕشەکانی زانست، کۆمەڵایـەتی، ئـابوریی، تەکنەلۆژیا، لەڕووی تیۆریشـەوە بـووە هـۆی کۆتاییهێنـان بـە دیپلۆماسـی نهـێنی، کـە ئـەو جـۆرە دیپلۆماسـیەی ئیعتیمـادی تـەواوی دەکـردە سـەر پەیماننامە و ڕێکەوتننامە نهێنیەکان، وەك ئەوەی لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕوسیای قەیسەری ڕوویدا، هەروەها چەندین جۆر و شێوازی دیپلۆماسـی بەناوی نوێوە سەری هەڵدا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

### ١. دیپلۆماسی دوولایەنی یان چەند لایەنی:

کـۆنترین شـێوەی دیپلۆماسـیە، دوو وڵات لەسـەر بنـەمای دانوسـتانی دوولایەنە،پەیوەندی دیپلۆماسی نێوانیان ڕێکدەخەن، یـان پەیوەندییەکـە لە نێو چەند وڵاتێکدا دەبەسرێت، وڵاتانی ئیغریقی لە کۆندا پەیڕەویان لەم

جـۆرە لـە دیپلۆماسـی دەکـرد، بـەڵام ئـەم جـۆرە تـا بەسـتنی کـۆنگرەی وسـتفالیا لــە ئــەڵمانیا لــە ســاڵی (١٦٤٨)دا بــە ئاشــکرا دەرنەکــەوت ، کەسەرەتای کۆتایی جەنگی سی ساڵەی نێوان چەند دەوڵەتێکی ئـەوروپی بوو([٧١])، دیپلۆماسی دوو لایـەنی یـان کلاسـیکی، کارەکـانی خـۆی لەسـەر چەند بنەمایەکی سەرەکی ئەنجام دەدات، وەك:

- بەستنی پەیوەندی سیاسی.
- هاوکاری و ڕەهەندی ئەمنی.
- ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و فێرکردن.
- دیپلۆماسی گشتی.
- هاریکاری و هەماهەنگی و پەیوەندی لە نێوان وەزارەتـەکانی دەرەوە بە تایبەت لە بواری چاکسازی ناوخۆیی.
- دیپلۆماسی ئابوری.
- کاروباری باڵیۆزخانە.
- دیپلۆماسی لوتکەی نێوان سەرۆکەکانی دەوڵەت و حکومەت.

هەرچەندە ئەم جۆرە دیپلۆماسیە، هێشتا کاری پێدەکرێت و دەوڵەتان لـە پەیوەنـدی دوولایەنـەدا پـەیڕەوی دەکـەن، بـەڵام پاشەکشـەی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینیـوە، هۆکـاری پاشەکشـەی ئـەم شـێوازەی دیپلۆماسـی بـۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، کــە دەوڵــەتانی جیهــان ژمارەیــان زیــادی کــردووە،

[٧١] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص١٨٧

بۆنموونــه لــه ســەرەتای ســەدەی ڕابــردوودا جیهــان لــە ٢٠ دەوڵــەت پێکهـاتبوون، بـەڵام لـە سـاڵی ٢٠٠٥دا ژمارەکـە بـۆ نزیکـەی ١٩١ دەوڵـەت بەرزبۆتەوە، ئەمەش وادەکات پەیوەندی دوولایەنە قورس بێت، لەکاتێکدا پەیوەندی لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا بۆ نموونـە زۆر ئاسـانترە، هەروەها بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتەکان زیادی کردووە، بۆیـە پەیوەنـدی نێــوان دوو دەوڵــەت یــان چــەند دەوڵــەتێکی دیــاری کــراو، کــەمترین بەرژەوەندی تێدایە، ئەمە جگە لەوەی ئێستا دەوڵەتانی جیهان بەشێوەی کۆمەڵ و گروپەوە دەچنە نێو ڕێکخراوەکان و کاری پێکـەوەیی لـە بـواری سیاســی و ئــابوری و ســەربازی دەکــەن، بــازاڕی هاوبەشــی ئــەوروپا و ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی ئەتڵەسی" ناتۆ" لەوەیـە باشـترین نموونـەی ئـەم کاری پێکەوەییە بێت. بـەڵام سـەرباری ئـەوەی کـە لەسـەرەتاوە باسمـان کرد، کە وتمان پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دوو وڵات گرنگیـەکی ئـەوتۆی نەماوە، بەڵام لە دوو حاڵەتدا گرنگیەکی زۆری هەیە، ئەوانیش:

- پەیوەنـدی دیپلۆماســی نێــوان دوو دەوڵــەتی گــەورە، وەك ویلایەتــە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕوسیا، پەیوەست بـەو کارانـەی کـەلای هـەردوو وڵات زۆر گرنگە، وەك دانوستانی پەیوەسـت بـە چـەکی سـتراتیژی و بـڵاو کردنەوەی.
- پەیوەنـدی دیپلۆماســی لــە نێــوان دەوڵــەتێکی گــەورە و دەوڵــەتێکی بچووك، ناودەنرێت دیپلۆماسی" نـەگونجاو یـان داگیرکـاری"، ئـەم جـۆرە دیپلۆماسیە و پەیڕەوکردنی لە سەردەمی داگیرکاری کلاسـیکیدا جێبـەجێ

دەکـرا([72])، بـەڵام ئـەوەی ئـەمڕۆ زیـاتر شـاراوەیە(وەك دیپلۆماسـیەکی ئاسایی دەبینرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا بەوشێوەیە نیە) و دەوڵەتە گەورەکە دەوڵەتی بچووکی ئیستیغلال کردووە([73]).

**٢. دیپلۆماسی میللی:**

ئـەم جـۆرە لـە دیپلۆماسـی، شـێوەیەکی نـوێی دیپلۆماسـی هاوچـەرخە، هـەروەها پێگەیـەکی بـەرز و بـەهێزی لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتیـەکان وەرگرتووە، چونکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ رەئی گشتی تێکەڵ دەبێت، بەمەش کاریگەریـەکی قـوڵ لـە تێگەیشـتنی سیاسـی لای هاوڵاتیـان دروسـت دەکـات([74]). ئەوانـەی بـەم جـۆرە دیپلۆماسـیە هەڵدەسـتن، بـریتین لـە وەفدەکانی خوێندکاران، کرێکاران، هونەرمەندان و وەرزشـکاران ، کـە لـە پێناوی ناساندنی بیروڕای ڕاست و دروستی وڵاتەکەیان دوور لە گرتنەبەری ڕێگاکانی سیاسەت پەیڕەوی لێدەکەن، ئامانجی ئەم جۆرە دیپلۆماسیە بۆ نزیك بوونەوەی نێوان چین و توێژەکانی گەلانی جیهانە، دیپلۆماسی میللی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیـە، چـونکە لـەو جـۆرە دیپلۆماسیەشـدا زۆر بـــە کـــەمی ڕەچـــاوی ئەتـــەکێت و پێویســـتیەکانی پرۆتۆکـــۆڵات دەکرێت([75]).

---

[72] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٥٢

[73] سەرچاوەی پێشوو

[74] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص١٨٥

[75] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل ٣٢

### ٣. دیپلۆماسی كۆنگره نێودەوڵەتیەكان:

كۆنگره نێودەوڵەتیەكان كۆبوونەوەیەكی جیهانیه، كه چەندین دەوڵەت به ئامانجی چارەسەركردنی كێشەیەك یان پرسێكی دیاری كراو، لەسەر سازدانی ڕێك دەكەون، یان به ئامانجی تاوتوێ كردن و هاریكاری نێوانیان لەڕێگای گۆڕینەوەی ئاڵوگۆڕی بۆچوونەكانیان و گەیشتن به ڕێك كەوتن، ئەو كۆنگرانه دەبەستن([٧٦]).

بێگومان بەستنی كۆنگره نێودەوڵەتیەكان به هەموو جۆرەكانیەوە، پەیوەندیه نێودەوڵەتیەكان پتەوتر دەكەن، بەتایبەت ئەگەر كۆنگره نێودەوڵەتیەكان پەیوەست بێت به پتەوكردنی پەیوەندییەكان وبەهێز كردنی پەیوەندی نێوان وڵاتانی بەشداری كۆنگرەكان.

ئەگەر له ڕابردوودا كۆنگره نێودەوڵەتیەكان" چەند دەوڵەتێكی لەخۆ گرتبێت و گرنگیان به چارەسەركردنی كێشەكانیان دابێت، ئەوە دەبینین كه ئەمرۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان گرنگیەكی زۆر به هەموو كۆنگره نێودەوڵەتیەكان دەدەن، به وردی چاودێری قۆناغەكانی و ئەنجامەكانی دەكەن، جا كۆنگرەكه بۆ بابەتی سیاسی بێت یان ئابوری و یاسایی "([٧٧]).

[٧٦] عطا محمد صالح زهرة، اصول العمل الدبلوماسي و القنصلي، ٢٠٠٤، ص٢١٨

[٧٧] خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ص٦٠٨

دەتوانین کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان، لەڕووی نەخشەی کارەوە بکەینە چەند کۆمەڵەیەك، کە بریتین لە یەکەمیان: کۆنگرە سیاسیەکان، دووەمیان: کۆنگرە هونەرییەکان، سێیەمیان: کۆنگرە زانستیەکان.
بەم شێوەیە کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکان، بەهۆی سەرهەڵدانی حیهانگیرییەوە سەری هەڵدا و فراوان بوو، بەشێوەیەك ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کەمکردنەوەی گرژییەکان بینی([78]).

**٤. دیپلۆماسی پەرلەمانی:**

عەبدولفتاح شبانەی باڵیۆز، لەسەر دیپلۆماسی پەرلەمانی دەڵێت:" ئەو دیپلۆماسیەیە کە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنە پەرلەمانیەکان پەیڕەوی دەکەن، ئامانجی ئەم جۆرەی دیپلۆماسی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و ڕوونکردنەوەی دۆسیەکانە، هەروەها بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی گەلانی جیهانە، بۆئەوەی سەرنجیان بۆ پرسێکی دەوڵەتەکەی خۆیان ڕابکێشن"([79]). هەروەها د. عەتا محەمەد صالح، چوار تایبەتمەندی بۆ دیپلۆماسی پەرلەمانی دیاری دەکات، کە بریتین لە، یەکەم: بە ئاشکرا، دووەم: دیموکراتی، سێیەم: بە کۆمەڵ([80])چوارەم: چەندین جۆر بواری دیپلۆماسی پەرلەمانی([81]).

---

[78] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسیة المعاصرة، ٢٠٠٥، ص١٥٠-١٥١

[79] عبدالفتح شبانة، الدبلوماسیة، ص١٧

[80] کە ئەو دیپلۆماسیەیە کە لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا پەیرەو دەکرێت، بەتایبەت دەستەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان.

[81] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسیة المعاصرة، ٢٠٠٥، ص١٥٢

### ٥. نێردراوی دیپلۆماسی تایبەت:

دیپلۆماسی تایبەت یان نێردراوی تایبەت، بەوە جیا دەکرێتەوە لە جۆرەکانی دیکەی دیپلۆماسی، کە چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت و کاتیە، واتە هەمیشەیی نیە و لەڕێگەی نێردەی دیپلۆماسی تایبەتەوە پەیڕەو دەکرێت، کە لەوەفدێك یان چەند کەسانێك پێکدێت و بەمەبەستی کارێکی تایبەت سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن، هەروەها ئەم دیپلۆماسیە دانوستانی و نوێنەرایەتیە، لەوەیە سەردانی وەفدە دیپلۆماسیە کە بۆ وڵاتێك بێت، یان لە میانەی سەردانەکەیاندا سەردانی چەند وڵاتێکی دیکە بکەن و پاشان بگەڕێنەوە.

لیژنەی یاسایی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، پێناسەی نێردراوی دیپلۆماسی تایبەتی کردووە بەوەی کە" بریتی یە لە نێردراوێکی تایبەت کە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکەی دەکات، وەفدەکە بەرەزامەندی ئەو دەوڵەتەی بۆی دەچن، سەردانەکە ئەنجام دەدەن، کە بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی دیاری کراوە یان بۆ ئەنجامدانی کارێکی سنوردارە"(٨٢).

ئەم جۆرە دیپلۆماسیە لەم سالآنەی دوایدا زیادی کردووە، چونکە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان فراوانیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و بابەت و پرسەکانیش فراوان و ئالۆز بوون، ئامانج لەم دیپلۆماسیە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان گەلانە، هەرچەندە لە ڕووی سیاسی و

[٨٢] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٥٦

کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لەیەك جیاواز بن، هەروەها بۆ ئەوەی نێردراوی دیپلۆماسی تایبەت کارەکەی بە باشی ئەنجام بدات، پارێزبەندی و ئیمتیازاتی پێدەدرێت، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٩دا یاسای بۆ دەرکردوە.([٨٣])

**٦. دیپلۆماسی لوتکە:**

دیپلۆماسی لوتکە بەرزترین قۆناغی دیپلۆماسیە، زۆر بە وردی لەلایەن ئامادەکاران و پسپۆڕانەوە ئامادەکاری بۆدەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی وڵات(یان کەسایەتیەك کە بەرزترین پۆستی هەبێت لە وڵاتدا) بە هاوەڵی چەند بەرپرسێکی دیکەی وەك وەزیری دەرەوە بەشداری تێدە دەکەن، کۆنگرەی لوتکەی وڵاتانی ئەوروپا کە لە ساڵی (١٨١٥)دا لە ڤییەنا بەسرا، نموونەی دیپلۆماسی لوتکەیە([٨٤]).

مەبەست لەم جۆرە دیپلۆماسیە ئەوەیە کە سەرۆکی دەوڵەتان کۆنگرەیەکی لوتکە ڕێکدەخەن و لە نێوان خۆیاندا تاوتوێی چەند پرسێکی نێودەوڵەتی دەکەن، یان باس لە پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانە دەکەن کە لە کۆنگرەی لوتکەکەدا بەشدارن، لە چەند ساڵی ڕابردووشدا ئەم شێوازی دیپلۆماسیە زۆر پەرەی سەندووە، کە وڵاتان بە مەبەستی چەندین پرسی گرنگ و ئاڵۆز کۆبوونەوەی لوتکە ئەنجام دەدەن، چونکە ئەم دیپلۆماسیە گرنگیەکی زۆری لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان هەیە،

[٨٣] سەرچاوەی پێشوو

[٨٤] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص١٦٥

هــەروەها حکومەتــەکانی دیکــەش لەسەرانســەری جیهانــدا گرنگــی بــە ئەنجامەکانی دەدەن.

بیرۆکەی چاوپێکەوتنی لوتکە لەوەوە سەری هەڵداوە، کە چارەسـەرێکی خێرا و ڕیشەیی بۆ کێشەکان دەدۆزێتـەوە، چـونکە سـەرۆکی دەوڵەتـەکان دەسەڵاتی تەواویان بـۆ بڕیـاردان و ڕێکـەوتن هەیـە و بـە خێرایـی دەگەنـە ڕێکـەوتنێکی گـرنگ. زۆرینـەی ڕێکەوتنامـە گرنگـەکانی جیهـان، لـە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بـەهۆی ئـەم جـۆرە کۆنگرانـە و چـاوپێکەوتنی لوتکەوە بووە، کە لەنێوان سەرۆکی دوو وڵات یان زیاتر ئەنجامدراوە([85]).

**٧. دیپلۆماسی یارمەتیدان:**

ئەو جۆرە دیپلۆماسیەیە کە وڵاتانی باشوور بەکاریدەهێنن ، کە بـریتی یـە لەیارمەتیدانی وڵاتانی سێیەم، ئەم جۆرە دیپلۆماسـیە بـۆ کـارتێکردن لـەو وڵاتانەیە، ئـەوەش لـە ڕێگـای بەخشـین و نەبەخشـینی ئـەو یارمەتیانـەوە دەبێـت، بـەم کارەیـان وا لـە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم دەکـەن، کـە ڕێگـا لەبــەردەم بەرژەوەندییــە سیاســی و ئابوورییــەکانی وڵاتــانی باشــووردا نەگرن([86]).

**٨. دیپلۆماسی قەیرانەکان یان کارەساتەکان:**

ئــەم دیپلۆماســیە جۆرێکــە لــە چــالاکی دیپلۆماســی بــۆ چارەســەکردنی قەیرانێکی لەناکاو کە بەرۆکی جیهانی گرتـووە، کـاری دیپلۆماسـی لێـرەدا

---

[85] سعید ابوعباه،الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دار الشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ص٥٦–٥٧

[86] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٣٢

که دەوڵەتان پێی هەڵدەستن رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لـە ڕووی ئیـدارەدان و چارەسـەرکردنی قەیرانـەکان، هـەروەها شـانەی قـەیرانی نێودەوڵـەتی دەبێتـە ئیدارەیـەکی گـرنگ لـە پەیوەندییـە دیپلۆماسـیەکەدا، چـونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی هاوچـەرخ بـەردەوام ئەگـەری ئـەوەیان هەیـە کـە ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی هەمەجۆر ببنەوە، کە خۆی لە قەیرانی بیروڕا، سیاسی، ئابوری، سەربازی دەبینێتەوە.

بۆیە دیپلۆماسی قەیرانەکان، ئێستا وەك ئەلتـەرناتیڤی جەنگـەکان دێـت و هـەروەها دەرچەیەکیشـە بـۆ کۆتـایی هـاتنی گـرژی نێـوان دوو دەوڵـەت، هەروەها ئەو کەسەی سەرپەرشتی قەیرانەکە دەکات یان بەشـدار دەبێـت، پارێزبەنـدی و ئیمتیـازاتی پێـدەدرێت. هۆکـاری ئـەوەی کـە ئـەم جـۆرە دیپلۆماسیە لەم سەردەمەدا زۆر دەرکەوتووە، بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك پێویسـت نـەیتوانیوە ڕووبـەڕووی قەیرانـەکان ببێتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها ئـەزمونی ڕابـردوو ئـەوەی نیشانداوە، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان تا ئاستێکی زۆر توانـای خۆیـان بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکان لەدەسـتداوە، بـۆ نمونـە نـەك نـەیانتوانیوە قەیران و کێشەکانی عیراق و ئەفغانستان و سوریا چارەسەر بکەن، بـەڵکو قەیرانی دیکەشی بەسەردا هاتووە(٨٧).

٨٧ سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٥٨

هــەروەها هاوكــاری كردنـــی وڵاتێــك كــە كارەســاتێكی سروشــتی وەك بومەلەرزەی تیایدا ڕوویداوە، دەچێتە سەر ئەم جۆرەی دیپلۆماسـی، وەك ئەوەی لە توركیا لە( ١٧ی ئابی ١٩٩٩) ڕویدا، كـە بومەلەرزەیـەكی بـەهێز ئەو وڵاتەی هەژاند و بەهۆیەوە ١٥ هەزار و ٤٢١ كەس گیانیـان لەدەسـتدا، هەروەها نزیكەی ٢٣ هەزار كەس برینداربوون و ٩٥ هەزار كەسیش بێ ماڵ مانەوە، لەو كاتەدا وڵاتانی دراوسێی توركیا وەك یۆنان و عیراق و سوریا و ئێـران بـە هانـای توركیـاوە چـوون، ئـەم بـە هانـەوە چـوونە بـووە هـۆی ڕەوینەوەی ئەو گرژیەی كە لە نێوان یۆنان و توركیادا بـوونی هـەبوو، كـە بەهۆی كێشەی دەریای ئیجە لە ساڵی (١٩٩٦)دا ڕوویدابوو([٨٨]).

**٩. دیپلۆماسی پارێزگاری:**

دەركــەوتنی ئــەم جــۆرە دیپلۆماســیە لــە پەیوەندییــە نێودەوڵەتیــەكان پەیوەستە بە " داگ هەمەر شـۆڵد-DagHammarskjold "([٨٩]) كـە سكرتێری پێشووتری نەتەوە یەكگرتوەكان بوو لە نێوان سـاڵانی (١٩٥٣-١٩٦١ زاینی)، ئەم جۆرە لە دیپلۆماسیە بۆیەكەمجار لە قەیرانی سویس لە ساڵی (١٩٥٦)دا پەیڕەوكرا، كاتێك نەتەوە یەكگرتوەكان كۆمەڵێك ڕێكـاری

[٨٨] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص١٨٩

[٨٩] داگ هەمەر شۆڵد (١٩٠٥-١٩٦١) ئابوری ناسێكی سویدیە و لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٣-١٩٦١ز) سكرتێری نەتەوە یەكگرتوەكان بووە، هەروەها وەک جێگری وەزیری دەرەوەی سوید کاری کردووە، دوای ئەوەی تریجیفی لین لە سکرتێری یەکەمی ئەمینداریێتی گشتی دەستی لەکارکێشایەوە داگ هەمەر بە سکرتێری دووەم هەڵبژێردرا، دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ بۆی نوێ کرایەوە، لەو پۆستە مایەوە تا ساڵی ١٩٦١ لە کەوتنەوە خوارەوەی فرۆکەکەی لە کۆنگۆ لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی ئەرستۆ کراتی گیانیان لەدەستدا.

سەربازی سنورداری نێودەوڵەتی گرتە بەر، بۆئەوەی شەڕو پێکدادان لە نێوان هەردوولایەنی ناکۆك سەرهەڵنەدات و ئاگر بەست لە نێوانیانیان ڕابگەیەنرێت.

ئامانجی دیپلۆماسی پارێزگاری، بۆ ڕێگری کردنی ناکۆکیەکانە تاوەکو نەبێتە ململانێی توند، جا ئەو ناکۆکیە ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی ، ئەم کارە بە ئامرازەکانی ئاشتی و دیپلۆماسی و سیاسی و یاسایی لەلایەن چەند لایەنێکەوە چارەسەر دەکرێت([٩٠]).

**١٠. دیپلۆماسی ژێر بەژێر واتە ( نهێنی):**

ئەو جۆرە دیپلۆماسیەیە بەشێوەیەکی ژێر بەژێر ئەنجام دەدرێت، ڕێك بە تەواوی دوور لە هەموو دام و دەزگایەکی تایبەتی و لێپرسراوان، واتا شێوەیەکی زۆر نهێنی و سیکیور بەخۆیەوە دەگرێت، ئەو جۆرە دیپلۆماسیەش کیسنجەری وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پەیڕەوی لێکرد، ئەوەش ئەو کاتە بوو کە ویستی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چین ئاسایی بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەستا بە ناردنی چەندین نامەی نهێنی بە ڕێگای سەرۆك ( ئەیوب خان) سەرۆکی ئەو کاتی پاکستان، دوای ئەو پەیوەندی کردنانە تیمی چینیەکان بانگهێشتنامەیەکیان پێشکەش بە تیمی ئەمریکیەکان کرد، بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٧١دا سەردانی پەکین بکەن، ئەوە بوو ئەمریکیەکانیش ئەو

---

[٩٠] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسیة المعاصرة، ٢٠٠٥، ص١٥٧

بانگهێشــتەیان قبــوڵ کــرد و ئــەو جــۆرە پەیوەندییــە تــاکو ڕۆژی ٩-١١تــەموزی١٩٧١ بــەردەوام بــوو، ، هنــری کیســنجەر بەشــێوەیەکی نهــێنی سەردانی پــەکینی کــرد، لــە دوایــدا بەشــێوەیەکی ئاشــکرا ســەردانێکی بــۆ چەند وڵاتێکی ئاسیا دەستپێکرد و بەسەردانی پاکســتان کۆتــایی پێهێنــا، کیسنجەر سواری فڕۆکەیەکی پاکستانی بوو، وا خۆی نیشاندا کە نەخۆشە و فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەیەکی وێرانکراوی نزیك پەکین نیشتەوە، لەوێـدا وتوێــژەکانیان دەســتپێکرد و هــەردوو لا ڕێــك کــەوتن و زۆر ئیجابیانــە کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پێهات، چـین لـەو کۆبوونەوەیـەدا بانگهێشـتێکی فەرمی پێشکەش کردو تیایدا نیکسۆنی بـۆ چـین بانگهێشـت کـرد، هـەموو جیهان بەو هەواڵە سەریان سوڕما، بـەم شـێوەیە نزیـك بوونـەوەی نێـوان ئەمریکا و چین، شێوەیەکی فیعلی و ئاشکرای بەخۆیەوە بینی.

هــەروەها پەیوەنــدی دیپلۆماســی نهــێنی ســاڵی(١٩٨٦)یــش لــە نێــوان هەواڵگری ئەمریکا و هەواڵگری میسـر لەسـەر داوای ئەمریکیـەکان پـەیڕەو کرا، ئەویش بە دانانی نوێنەرێکی هەواڵگری ئەمریکا لە قاهیرە، بۆ ئەوەی ئــەو نوێنــەرە دوور لــە باڵیۆزخانــە و هۆکارەکــانی دیپلۆماســی کلاســیکی ڕوونکردنەوە و زانیـاریی پێویسـت بداتـە سـەرۆکی ئـەمریکا و راسـتیەکان بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە بگەیەنێتە وڵاتەکەی خۆی، بۆ ئـەوەی سـەرۆکی ئەمریکا لەسەر دۆخی وڵاتەکە وێنەیەکی تەواو واقعی هەبێت، لەدوایدا ئەو ڕێگایەش گەشەی کرد تـاکو گەیشـتە سـەر ئاسـتی زۆر بـەرز، بـێ ئـەوەی وەزارەتــــی دەرەوەی هـــــەردوو وڵات شــــتێك بــــزانن و هــــیچ جــــۆرە

زانیاریەکیشیان لەو بارەوەیەوە هەبێت. دیپلۆماسی ژێر بەژێری چەندین جاریش لە مێژوودا لەلایەن ئیسرائیل و فەلەستیەکانەوە پەیڕەوی لێکراوە، هەروەکو لە کۆبوونەوەکانی ئۆسلۆ و سوید و نەرویج بەمەبەستی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پرۆژەیەکی ڕێکەوتنامەیەکی قبوڵکراو دوور لە ژوورەکانی دانوستان و گفتوگۆی فەرمی([٩١]).

**١١. دیپلۆماسی پیشاندانی هۆکارەکانی جەنگ:**

ئەم جۆرە لە دیپلۆماسیە، بریتی یە لە پیشاندانی هێز و بەکارهێنانی هۆکارەکانی، وەك ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە کەنداوی عەرەبی دژی عیراق ئەنجامیان دا، بۆ ئەوەی عیراق لە کوەیت بکشێتەوە، ئەوان هەموو جۆرە چەکێك لە فڕۆکە و تانك و کەشتی جەنگیان بەکارهێنا و هێزی خۆیان نیشانی عیراق دا([٩٢]).

**١٢. دیپلۆماسی ئابووری:**

پەیوەندی دیپلۆماسی ئابوری بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندی دادەنرێت، مەبەست لەم جۆرە دیپلۆماسە هەموو ئەو چالاکیە دیپلۆماسیانە دەگرێتەوە کە پاڵنەری ئابووری بۆتە هۆی مامەڵەیەکی سیاسی، واتە لایەنی ئابووری ڕۆڵی لەو چالاکیە سیاسیەدا بینیوە.

دوای ئەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو توانا و کاریگەری ئەم پاڵنەرەیان لە جوڵە سیاسیەکان هەست پێکرد، وای لێکردن کە گرنگیەکی زۆر بە

[٩١] دیپلۆمات و دیپلۆماسی، بەهرۆز گەلاڵی، ساڵی ٢٠٠٤، ل٣٩

[٩٢] سەرچاوەی پێشوو ل٣٣

دیپلۆماسی ئابوری بدەن و لە مامەڵە سیاسیەکانیاندا بیکەنە کاری لەپێشینەی خۆیان، لەوەش زیاتر لە ڕێگای دروستکردنی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتیەوە، چوارچێوەیەکیان بۆ سیستەمی دارایی جیهانی دیاری کرد و چەندین ڕێکخراوی وەك سندوقی نەختی نێودەوڵەتی"IMF" و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی"WTO" و چەندین ڕێکخراوی دیکەشیان دروست کرد([٩٣]).

---

[٩٣] یونس طلعت الدباغ، الدبلوماسیة المعاصرة، ٢٠٠٥، ص١٥٨-١٥٩

# بەشی سێیەم:
# دیپلۆماتکارو پارێزبەندی

# بەشی سێیەم: دیپلۆماتکار و پارێزبەندی:
## دیپلۆماتکار کێیە؟

دیپلۆماتکار بەو کەسە دەوترێت کە کاری دیپلۆماسی وەك پیشەییەکی فەرمی دەکات، جا پیشەکەی کاتی بێت یان هەمیشەیی، گرنگ ئەوەیە بچێتە ناو خانەی کاری دیپلۆماسیەوە، هەروەها ئەو کەسەی نوێنەری دەوڵەت لە دەرەوە دەکات پێی دەوترێت" نێردراوی دەوڵەت".

هەروەها ڕێکەوتننامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١ بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان، کەسانی دیپلۆماسی دیاری کردووە، کە " بەو ئەندامانەی نێردراوی دیپلۆماسی دەوترێت کە سیفاتی دیپلۆماسیان هەیە"، هەروەها "نێردراوی دیپلۆماسی" بە سەرۆکی نێردراوان یان ئەندامانی نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەکە دەوترێت.([٩٤]).

کەواتە شێوازی کاری دیپلۆماسی و ئەو لایەنەی پێی هەڵدەستێت خۆی لە چەند کەسایەتیەك دەبینێتەوە، کە سەرۆکی دەوڵەت و وەزیرانی دەرەوە و نێردراوی تایبەت و نێردراوی دەوڵەتان لە ڕێکخراوەکان و دیپلۆماسی کۆنگرەکان دەگرێتەوە.

---

[٩٤] د.شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية، ط٢، ٢٠١١، دارالحكمة، لندن، ص١٧

## باسی یەکەم: ئەو کەسانەی دەبنە دیپلۆماتکار:

ڕەنگە کەسی دیپلۆماتکار جۆرەها پێناسەی بۆ کرابێت، هەر نوسەرێکی تایبەتمەند بەو بوارە پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ دیپلۆمات هەبێت، لێرەدا ئێمە بەم شێوەیە پێناسەی دەکەین کە" دیپلۆمات کەسێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن وڵاتەکەیەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیپلۆماسی لە وڵاتێکی دیکەدا یاخود لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا، کاری سەرەکی دیپلۆماتکار نوێنەرایەتی کردنی وڵاتەکەیی و پارێزگاری کردنە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری و بەرز کردنەوەی ئاستی پەیوەندی دۆستانەیە"([95]).

ئەو کەسانەی کە سیفاتی دیپلۆماسیان پێدەدرێت، چەند کەسایەتیەکی فەرمی دەوڵەتن، کە بریتین لە:

**١. سەرۆکی دەوڵەتان:**

سەرۆکی دەوڵەت، سەری دەسەڵاتی گشتی دەوڵەتە، هەروەها ڕاستەوخۆ بە وەرگرتنی پۆستەکە سیفاتی دیپلۆماسی پێدەدرێت، جا سیستەمەکە پاشایی بێت یان کۆماری، کاتێک کەسایەتیەك پۆستی سەرۆکی وڵات وەردەگرێت، ئەوا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سیاسەتی دەرەوەدا دەبێت، چونکە هەرخۆی وەزیری دەرەوە و باڵیۆزەکان دادەنێت و ڕێکەوتنامەکان

[95] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، چ١، هەولێر ٢٠١٢، لاپەرە ٢٤

دەبەستێت، بۆیە زۆر گرنگە کاتێك کەسێك پۆستی سەرۆکی وڵات وەردەگرێت، تەنانەت بە کودەتا یان شۆڕش بێت دانی پێدانانی دەبێتە کارێکی پێویست، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکان بەردەوام بێت([96]).

بە درێژایی مێژوو دەبینین کە پۆستی سەرۆکی وڵات پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لە سەردەمە کۆنەکان و پاشانیش لە سەدەکانی ناوەندا، سەرۆك و پاشاکان تاوەکو هاتنی شۆڕشی فەرەنساش، " تاکە دەزگا"ی فەرمی وڵات بوون، کە دەسەڵاتی تەواویان لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەرەوە و ئیدارەدانی پەیوەندییە دەرەکیەکانیان هەبووە ، واتە سەرۆك یان پاشا نوێنەری ڕەهای دەوڵەتەکەی بووە، سەروەری ئەو ، بەواتەی سەروەری وڵاتەکەی هاتووە([97]).

بەڵام دۆخی ئێستای سەرۆك و دەسەڵاتەکانی بەهۆی بڵاوبوونەوەی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەك سەرۆکی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی لەناوخۆ و دەرەوە لە چوارچێوەی دەستوردا دیاری کراوە، بەشێوەیەك دەسەڵاتەکانی دیاری کراو وسنورداره([98]).

[96] د. شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية، ط٢، ٢٠١١، ص١٤٢

[97] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٧١

[98] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسية و القنصلية، عمان٢٠٠٥، ص٧٩

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت:

سەرۆکی دەوڵەت کۆمەڵێك دەسەڵاتی تەشریفاتی هەیە([٩٩])، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

- ئیدارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی دەکات.
- ڕێکەوتننامەکان واژۆ دەکات و توانای جێبەجێ کردنیشی هەیە.
- دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی.
- بەشداری لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان وکۆنگرەکانی لوتکە.
- ئیفادی نوێنەرە دیپلۆماسیەکان.
- پێشوازی لە دیپلۆماتکارە جیهانیەکان و وەرگرتنی کارنامە، یان دوای تەواوبوونی کاری خزمەتیان پێشوازی لە باڵیۆز و دیپلۆماتکارەکان دەکات ، یان لە بۆنەیەکی نیشتیمانیدا پێشوازیان لێدەکات، یان دەتوانێت پەیامێکیان بۆ سەرۆکی وڵاتەکەیان پێدا بنێرێت.
- دیاری کردنی نوێنەرانی هەمیشەیی وڵاتەکەی لەکۆنگرە نێودەوڵەتیەکان.
- ئاگاداربوون لە دانوستان و وتوێژەکانی نوێنەرانی وڵاتەکەی کە لە دەرەوە ئەنجامی دەدەن، هەروەها مافی ڕاسپاردنیانی هەیە بەو ئاڕاستەیەی کە خۆی بیەوێت([١٠٠]).

---

[٩٩] لێرەدا مەبەست لەو وڵاتانەیە کە سیستەمیان پەرلەمانیە و سەرۆك کۆمەڵێك دەسەڵاتی تەشریفاتی هەیە، وەك عیراق، ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە کە سەرۆك دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانیشی هەیە، وەك ئێران و ئەمریکا

[١٠٠] سعید ابو عباه، الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دار الشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ ص٧٤

**٢. سەرۆك وەزیران:**

بەشێوەیەکی گشتی کاری دیپلۆماسی پەیوەستە بە وەزیری دەرەوە، بەڵام وەك دەبینین لە هەندێك دەوڵەتدا پۆستی سەرۆك وەزیران گەشەی زۆری پێدراوە، بەشێوەیەك لە زۆربەی دەوڵەتان ئێستا سەرۆك وەزیران هەر خۆی کاری دیپلۆماسیش ئەنجام دەدات و وەزیری دەرەوە هاوەڵی دەکات.

ئەم جۆرە لە کاری دیپلۆماسی لە وڵاتێکدا ئاساییە کە سیستەمەکەی سەرۆکایەتی بێت، وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە سەرۆك لەهەمان کاتدا سەرۆك وەزیرانیشە،کە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی وڵاتەکەی دیاری دەکات، بۆیە ئەگەر ویستی دەتوانێت دانوستانی دیپلۆماسی ئەنجام بدات، هەروەها بەشداری لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانیشدا بکات.

بەڵام کارەکە لە سیستەمی پەرلەمانیدا جیاوازە، چونکە دەبینین لە ڕووی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا، وەزیری دەرەوە جێگای دەگرێتەوە و لێدوان دەدات، هەر خۆشی بەشداری لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکاندا دەکات و لە دانیشتنە جیهانی و هەرێمیەکانیشدا قسە دەکات.

دەستوری زۆرێك لە وڵاتان سەرۆك وەزیرانی سەرپشك کردووە، کارەکانی سەرۆکیش ئەنجام بدات، هەموو ئەمانە وادەکات، کە سەرۆك وەزیران لە

سیستەمی پەرلەمانی هەمان گرنگی سەرۆکی هەبێت لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، هەروەها بە پێچەوانەشەوە()[101].

### ٣. وەزیری دەرەوە:

لەگەڵ فراوان بوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و زیادبوونی بەرژەوەندییەکان و کێشە دەرەکیەکان، هەر دەوڵەتە بە پێویستی زانی وەزارەتێك بۆ کاروباری دەرەوە دابمەزرێنێت، هەروەها کەسێکیش کە پسپۆڕی لە بواری پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە بکەنە هەڵسوڕێنەری وەزارەتەکە، بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی بکات.

دەوڵەتان بەدوای یەکدا وەزارەتی دەرەوەیان دامەزراند، فەرەنسا لە سەردەمی لویسی سێزدەیەمیندا و لە ساڵی (١٦٢٦)دا وەزیری دەرەوەی دامەزراند، کە کاری بەرگری کردن بوو لە بەرژەوەندییە دەرەکیەکانی فەرەنسا، هەروەها وەزیری دەرەوە یەکەم کەسیش بوو کە دانوستانی دەکرد([102]).

دیپلۆماسی بە تایبەتمەندی وەزیری وەزیری دەرەوە و کارە لە پێشینەکانی دادەنرێت، هەروەها یاسا و سیستەمی هەموو دەوڵەتێك تایبەتمەندی وەزیری دەرەوە دیاری دەکات، ئەمەش لەوەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەپێی سروشتی سیستەمی وڵاتەکە و کلتورە باوەکان

---

[101] سەرچاوەی پێشوو ل٧٥

[102] د. شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية، ط٢، دار الحكمة لندن، ٢٠١٢، ص١٤٤

بگۆڕدرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، کاری وەزیری دەرەوە لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:.

١. پێشوازی لەنێردراوە دیپلۆماسیەکان و ناساندیان بە سەرۆکی وڵات، هەروەها دانوستان لەگەڵیاندا دەکات و یاداشتانەمەو وەڵامیان پێشکەش دەکات، ئەمە جگە لەوەی سەرپەرشتی پارێزبەندی و ئیمتیازاتی دیپلۆماسیان دەکات([١٠٣]).

٢. لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکاندا دەبێتە نوێنەری وڵاتەکەی و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی دیکە دانوستان لەسەر دۆسیە گرنگەکان دەکات، کە جێگای گرنگیپێدانی هەردوو لایە، هەروەها سەرپەرشتی و چاودێری جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنامەکان دەکات، کە وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی دیکە واژۆی کردوون.

٣. گرنگی دان بە دۆخی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش لە ڕێگای ئاگاداری و پسپۆڕی خۆیەوە ئەنجامی دەدات، یان لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری کە لە نێردراوانی وڵاتەکەیەوە لە دەوڵەتانی جیهانەوە بەدەستی دەگات، زانیاری گشتی لەسەر کۆی ڕووداوە جیهانیەکان کۆدەکاتەوە، پاشان بە شێوەی خول پێشکەشی حکومەتی دەکات، بۆ ئەوەی حکومەتیش بڕیاری پێویستی لەسەربدات.

---

[١٠٣] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ٢٢٢

٤. لــە ڕووی سیاســی و ئــابوری و بازرگانیــەوە کــار بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەی لە دەرەوە دەکات، بە گشتیش ئەم کارە لە ڕێگای نێردراوەکانی دەوڵەتەکەی لە دەوڵەتانی دیکە ئەنجام دەدات.

٥. سەرپەرشــتی هــەموو بەڵگەنامــە فەرمیــەکان دەکــات، لــە ڕووی ئامــادەکردن و نوســینەوە، جــا ئــەو بەڵگەنامەیــە بــۆ پەیماننامــە و ڕێکەوتنەکان بێت، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی پەیوەست بە کاروباری دەرەوەی دەوڵەتەکەی.

٦. پێشنیاری دانانی نێردراوی دیپلۆماسی و کردنـەوەی کونسـوڵخانە لـە دەوڵەتانی دیکە([١٠٤]).

٧. پێشوازی لە وەفدی بیانی کە سـەردانی وڵاتەکـەی دەکـەن، هـەروەها خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرە جیاوازەکان کە لە وڵاتەکەی دەبەسرێت.

٨. هەماهەنگی هەمەجۆر لەگەڵ نێردراوە دیپلۆماسیەکانی وڵاتەکـەی لـە دەرەوە و پێدانی ڕاپۆرت([١٠٥]).

٩. چاودێری چالاکی باڵیۆزانی وڵاتەکـەی لـە دەرەوە لـە ڕووی جێبـەجێ کردنی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکەی، هەروەها دەوڵەمەندکردنیان بە

---

[١٠٤] سەرچاوەی پێشوو ل١٤٧

[١٠٥] ا.د.عبدالفتاح علي الرشدان، د.محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسية والقنصلية، عمان٢٠٠٥،ص٨٤

زانیاریەکان و ڕاسپاردنیان، جاروبار بەشێوەی خول لەگەڵیاندا کۆببێتـەوە و لەسەر دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەی و دەرەوە زانیاریان پێبدات([106]).

١٠. ئاشکرا کردنی ناوەڕۆکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکـەی، جـا هـەموو بەشەکانی بێت یان چەند بەشێکی دیاری کراوی، ئەم کارە لەبـەردەم رای گشتی نـاوخۆیی و دەرەوە دەبێـت، هـەروەها پێویسـتە وەزیـری دەرەوە وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی ئەنجومەنی نوێنـەران بداتـەوە، کـە لیژنـەی کاروباری دەرەوە ئاڕاستەی دەکەن([107]).

### ٤. نێردراوی دیپلۆماسی هەمیشەیی(باڵیۆز):

ناسراوە بەوەی کە پەیڕەوی لە دیپلۆماسی دوولایەنی دەکات، واتە لە نێو دەوڵـەتی خـۆی و ئـەو دەوڵـەتی بـۆی چـووە، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی کارەکانی لە ڕێگای دیپلۆماسی کلاسیکیەوە ئەنجام دەدات، واتە لەڕێگای باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیـەوە پەیوەنـدی نێـوان دوو وڵاتەکـە پتـەو دەکـات ، باڵیۆز لێرەدا بە پێی ڕێکـەوتنی ڤیـەننای سـاڵی ١٩٦١ خـاوەنی کۆمـەڵێك ئیمتیـازات و پارێزبەنـدی دیپلۆماسـیە([108]). ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە، کـە پێویستەنێردراوی دیپلۆماسی هەمیشەیی (باڵیۆز)، خـاوەن مەعریفەیـەکی گشتگیر و هەمـەجۆر بێـت لەسـەر دەوڵـەت، خـاوەن جیهانبینیـەکی بـەرز

---

[106] سعید ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص٧٨

[107] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٠٢

[108] د. محمودعبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)، ٢٠١١، ص٤٣

بێت، هاوسۆز بێت لەگەڵ ئەو بابەتانـەی کـە لـە دەوڵـەتانی دیکـە گرنگـی پێدەدرێت، ئەمە جگە لەوەی ئاگاداری پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت بێت([109]).

**٥. نێردراوی دیپلۆماسی تایبەت:**

ئـەم جـۆرە نێـردراوە دیپلۆماسـیە چـەند کەسـێك لـەخۆ دەگرێـت، کـە بەشـێوەی وەفـد سـەردانی دەرەوە دەکـەن، واتـە هەمیشـەیی نیـە و لـە ڕێگای چەند نێردراوێکی تایبەتەوە پەیڕەو دەکرێت، ئامـانج لـە سـەردانی ئەو وەفدە بۆ جێبەجێ کردنی کارێکی دیاری کـراوە، یـان بـۆ دانوسـتانە، کە لە نێوان دوو وڵات یان زیاتر ئەنجام دەدرێت و دوای تـەواوبوونی کـارە تایبەتەکەیان دەگەڕێنەوە.

بەهۆی فراوان بوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و ئاڵۆزبوونی کێشەکان، ئەم جۆرە نێردەیە لەم ساڵانەی دوایـدا زۆر زیـادی کـردووە، هـەروەها بـۆ ئەوەی بتوانن بە باشی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هـەموو ئیمتیـازات و پارێزبەندییەکی دیپلۆماسیان پێدەدرێت ([110]).

**٦. نێردراوی دیپلۆماسی سەربازی:**

لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا ئامـاژە بـە "دیپلۆماسـی بـەرگری"کراوە، وەك هەولێك بۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکانی سیاسـەتی دەرەوە، کـە دەوڵـەتانی جیهان بۆ ئاشتی و بەهێز کردنی لایەنی بەرگری پەنای بۆ دەبەن.

---

[109] د.سید امین شلبي، في الدبلوماسية المعاصرة، ١٩٩٧، القاهرة ص٦١

[110] سەرچاوەی پێشوو ل٤٤

ئەم جۆرە دیپلۆماسیە زیاتر دوای جەنگی سارد لە ساڵی (١٩٩١)ەوە گەشەی کردووە، کە کۆمەڵەیەکی لاوەکی دیپلۆماسیە و کەسانی سەربازی و هەواڵگری لەخۆ دەگرێت، دیپلۆماسی سەربازی یان بەرگری، ئۆپراسیۆنی سەربازی لەخۆ ناگرێت، بەڵام چالاکیەکانی بەرگری وەك ئالۆگۆڕی کەسەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هاتوچۆی کەشتی و فڕۆکە لە خۆ دەگرێت، هەروەها کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و گفتوگۆی گروپی کار و ڕاهێنان و کۆبوونەوەی بەرگری هەرێمی و تەگبیردانان بۆ دامەزراندن و بەهێز کردنی هۆشیاری و متمانە کۆمەڵێك بابەتی دیکەی ئەم جۆرە دیپلۆماسیەن(١١١).

دەوڵەتانی جیهان بۆ مەبەستێکی سەربازی یان هەماهەنگی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی، کەسایەتیەکی پلە باڵای سەربازی خۆیان ڕەوانەی دەوڵەتێکی دیکە دەکەن، کە زیاتر سەرۆکی دەزگای هەواڵگریە، یان سوپا سالاری وڵاتەکەیە، ئەو جۆرە لەسەردان و دیپلۆماسیە زۆربەی کات نهێنیە، چونکە دوای سەردان و ئەنجامدانی کارەکەیان ئاشکرا دەکرێت.

---

١١١ دبلوماسية دفاعية، ويكيبديا ٢٠٢٠/٤/١٨

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9_%D8%AF%D9%81%D8%A7%D8%B9%D9%8A%D8%A9

## باسی دووەم: پارێزبەندی و ئیمتیازی دیپلۆماتکار:[١١٢]

یاسا نێودەوڵەتیەکان لە سەدەی شانزەیەمینەوە، دانیـان بـە پارێزبەنـدی دیپلۆماسـی سـەرۆکی نێـردراوی بیـانی و وەفـدی یاوەریـدا نـاوە، بۆیـە ڕێگایـەك نیـە لێپێچـینەوە لـە سـەرۆکی نێـردراو یـان فەرمانبـەرێکی دیپلۆماسی بکات، جا لێپچینەوەکە کەسی بێت، یان تایبەت بـە کارەکـەی بێت ، تەنها ئەو کاتە نەبێت فەرمانبەری دیپلۆماسـی لـە مـاف پارێزبەنـدی خـۆی خـۆش بێـت و حکومـەتیش بـەو داوایـەی ڕازی بێـت، هـەروەها پارێزبەندی دیپلۆماسی خێزانی باڵیۆز و خزمەتکارەکەشی دەگرێتەوە، کە لە ماڵەکەیدا خزمەت دەکـات، بـەڵام ئەمـە ڕێگـری لـە تـەگبیر و چاودێری کردنی نەکات، کاتێك فەرمانبەرێکی دیپلۆماسی تاوانێکی ئەنجامداوە.

چـەند شـارەزایەکی یاسـای نێودەوڵـەتی هەوڵیانـداوە، کـە هۆکـاری پارێزبەنـدی دیپلۆماتکـار و هۆیـەکانی لێنەپێچـینەوەیان لـە دادگـا ناوخۆییـەکان شـی بکەنـەوە، بـەو پێیـەی باڵیۆزخانەکـە لـە خـاکی ئـەو

---

112 بۆ ئەم بەشە سود لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی د. نادر عبدالعزیز شافی، بە ناونیشانی " الحصانة الدبلوماسية و القنصلية" وەرگیراوە، کە لە سایتی " مجلة الدفاع الوطني اللبناني" لە لینكي https://www.lebarmy.gov.lb/ar/content/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D8%B5%D8%A7%D9%86%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%82%D9%86%D8%B5%D9%84%D9%8A%D8%A9?fbclid=IwAR32Gha5zArI6Ns0VoZxk4voTnq1fVxvi_Sq4_Si8nrGDed3n2S2I1Ydqv4. دووبارە بڵاوی کردۆتەوە

وڵاتەدایە، کە بۆ نموونـە تاوانەکـەی تێـدا ئەنجامـدراوە، کەواتـە دەکرێـت وەك نیشتەجێی ئەو وڵاتە سەیری دیپلۆمات بکرێت، هەروەها ئەنجامـدانی تاوان لە دەرەوەی هـەرێمی دەوڵەتەکـەی، وەك وایـە تـاوانی لـە نـاوخۆی هەرێمەکـە ئـەنجام دابێـت، بـەڵام ئـەم بۆچـوونە ڕەتکرایـەوە بـەو پێیـەی پارێزبەنـدی دیپلۆماسـی بـەهۆی پەیوەنـدیی نێودەوڵـەتی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتەوە سـەری هەڵـداوە، بۆیـە پێویسـت دەکـات کەسـی نوێنـەر مـافی تەواوی سەربەخۆیی هەبێت و ڕێـز لـە کارەکـەی بگیرێـت، ئەمـەش واتـای ئەوەیە کە ڕێز لەسەروەری وڵاتەکەی گیرابێـت، بێگومـان ئـەم یاسـایە لـە سەر بنەمای یەکسانی لە نێوان دەوڵەتەکان جێبەجێ دەکرێت، خۆ ئەگـەر لەناو باڵیۆزخانەیەك تاوانێك ئەنجامدرا، ئەوا مادام مافی پارێزبەندی هەیـە، بە پێـی یاسـای نێودەوڵـەتی کـە لـە باڵیۆزخانەکـەدا هەیـە لێپێچـینەوەی لەگەڵ دەکرێـت، بۆیـە دەسـەڵاتی ئـەمنی و دادوەری مـافی ئـەوەیان نیـە، بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی دیپلۆماتکارەکان بچنە باڵەخانەکەوە.

ڕێکەوتننامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١ ریزبەنـدی بـۆ فەرمانبـەرانی نێـردراوە بیانیەکان کردووە و بۆ چەند جۆرێك دابەشی کـردوون، بۆیـە ڕێکارەکـانی پارێزبەندی بەپێی جۆری دیپلۆماتکارەکە دەگۆڕێت .

برگەی" هـ" لە مادەی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ڤییـەنای سـاڵی ١٩٦١، دان بە سەرۆکی نێردراوی هەمیشەیی و فەرمانبەرەکانیدا دەنێت، مادەی ٢٩ی هـەمان ڕێکەوتننامـە بـە دەق ئامـاژە بـەوە دەکـات، کـە رێـزی کەسـی نێـــردراوی دیپلۆماســـی پـــارێزراوە، بـــەهیچ شـــێوەیەك ڕێگـــا نادرێـــت

دەستبەسەر بکرێت یان دەستگیر بکرێت، هەروەها پێویستە لەسەر دەوڵەت بەشێوەیەکی شایستە ڕێزی لێبگرێت و هەموو ڕێکارێك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی دەستدرێژی نەکرێتە سەر یان هێرش بکرێتە سەر ئازادی و کەسایەتی، هەروەها مادەی ٣١ی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئاماژە بە پارێزبەندی دیپلۆماتکار دەکات، بەوەی ڕێگا نادرێت دادگای تاوانەکان لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە، دادگای تاوانەکان بۆی نیە لێپێچینەوە لە دیپلۆماتکار بکات، هەرچەندە تاوانەکەش، تاوانێکی کەسی بێت و پەیوەست نەبێت بە کارەکەیەوە، بۆیە پارێزبەندی دیپلۆماسی هەموو تاوانەکان دەگرێتەوە و ڕێگری لە لێپێچینەوە دەکات، جا تاوانەکە تایبەت بێت بە کاری دیپلۆماسی یان ژیانی تایبەتی خۆی، یان تاوانەکە بینراو بێت یان نا، بۆیە دیپلۆماتکار دەستبەسەر ناکرێت، ناگیرێت، تەنانەت بۆ شایەتی دانیش لەبەردەم دادگا بانگهێشت ناکرێت، ئەمانە لە مادەکانی" ٣١، ٣٠، ٢٢ی ڕێکەوتننامەی ڤییەنا-١٩٦١" بە ڕوونی باسکراوە.

بەڵام پارێزبەندی دیپلۆماسی، واتەی ئەوە نیە کە دیپلۆماتکار بە تەواوی لە تاوانەکەی دەبەخشرێت، بەڵکو مافی لێپێچینەوە دەدرێت بە دادگاکانی وڵاتەکەی خۆی، نەك ئەو دەوڵەتەی بۆی هاتووە.

ئەوەی گرنگە باسی بکەین، ئەوەیە کە پارێزبەندی دیپلۆماسی تەنها دەدرێت بە ئەندامانی دیپلۆماسیەکە، نەك ئەو کەسانەی لەگەڵیاندان و دیپلۆماتکار نین، لەم کاتەدا داواکاری گشتی دەوڵەت دەتوانێت

لێپێچینەوە لەو کەسانە بکات کە ناڕاستەوخۆ بەشداریان لە تاوانێکدا کردووە، ئەگەر لە ناو باڵیۆزخانەکەشدا بن.

پارێزبەندی دیپلۆماسی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە وەزارەتی دەرەوە یان وەزارەتێکی دیکە دیپلۆماتکار بۆ کاری دیپلۆماسی ڕادەسپێرێت و ڕەزامەندی بۆ وەردەگیرێت، یان ئەو کاتەی دیپلۆماتکار بۆ وەگرتنی پۆستەکەی دەچێتە دەوڵەتێکی دیکەوە، هەروەها بە ڕۆیشتنی لەو دەوڵەتە یان کۆتایی هاتنی کارەکەی، پارێزبەندی دیپلۆماسی هەڵدەگیرێت.

دیپلۆماتکار دەتوانێت لە دەوڵەتی سێیەمدا کە پیایدا تێدەپەڕێت، یان لە کاتی گەڕانەوەیدا بەو دەوڵەتەدا، بەهەمان شێوە پارێزبەندی هەیە(م٣٩ و٤٠ لە ڕێکەوتننامەی ڤییەنا-١٩٦١).

ئەو کەسایەتیانە کێن کە پارێزبەندی دیپلۆماسی دەیانگرێتەوە؟

باڵیۆز کونسولگەر و فەرمانبەران، خاوەنی کۆمەڵێك ماف پارێزبەندین ، کە لێرەدا بە وردی بەپێی ڕێکەوتننامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١ باس لەو مافانە دەکەین، کە بەشێك لەو مافانە خێزان و خزمەتکاری دیپلۆماتکارانیش دەگرێتەوە.

فەرمانبەری هونەری و کارگێڕی لە باڵیۆزخانە:

فەرمانبەرانی هونەری و کارگێڕی لە شوێنە دیپلۆماسیەکان، لەگەڵ خێزانەکانیان مافی پارێزبەندی دیپلۆماسیان هەیە، بەمەرجێك خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەتە نەبن کە ئەوان تیایدا دەژین، یان کارتی

مانـــەوەی نشـــینگە" اقامـــە"ی هەمیشـــەییان نـــەبێت، ئەگـــەر ئـــەو دوو مەرجەیان تێدا نـەبوو، ئـەوان بـە پێـی یاسـای(م٢/٣٧ لـە ڕێکەوتننامـەی ڤییەنا-١٩٦١) مافی پارێزبەندی دیپلۆماسیان هەیـە، بـەڵام یاسـای نـەریت کە پێش ئەو ڕێکەوتننامەیە لە جیهاندا کاری پێدەکرا، دانـی بـەو مافـەی فەرمانبەرانی شوێنە دیپلۆماسیەکاندا نەنابوو.

بەڵام فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکان، یان ئەوانەی کارتی مانەوەی نشینگەی هەمیشەییان هەیە، مافی پارێزبەندییان پێنادرێت، مەگەر دەوڵەتی میواندار خۆی ئەو مافەیان پێبدات.

بەکارهێنەرانی شوێنە دیپلۆماسیەکان:

ئەو کەسانەی باڵیۆزخانە و شوێنە دیپلۆماتکارییەکان بۆ کارێکی خۆیان و ئەرکەکانیان بەکاردەهێنن، مافی پارێزبەندییان هەیـە، بەمـەرجێك هـاوڵاتی ئـەو وڵاتـە نـەبن و کـارتی مانـەوەیان نـەبێت(م٣/٣٧ لـە ڕێکەوتننامـەی ڤییەنا-١٩٦١)، بەڵام مەرجە ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن پەیوەست بێت بە کارێکی دیپلۆماسیەوە، هەروەها ڕوونی بکەنـەوە کارەکـەیان لـە کـاتی خزمەتدایە یان هەر هۆیەکی دیکە، بەڵام ئەگەر لەسنوری خۆیـان لایانـدا و لـــە خزمـــەتی دیپلۆماســـی دەرچـــوو، ئـــەوا پارێزبەنـــدی دیپلۆماســـی نایانگرێتەوە.

خزمەتکاری تایبەتی خێزانی دیپلۆماتکارەکان:

ئـەو کەسـانەی کـە کـاری خزمـەتکاری لـەلای دیپلۆماتکارەکـان دەکـەن، بەمەرجێك هاوڵاتی ئەو دەوڵەتە نەبن و کارتی مانەوەیان نـەبێت، ئـەوا لـە

باج و ڕسومات دەبەخشرێت، ئەوەی پەیوەستە بەو ماوەیەی کە لە خزمەتدا بوون، لەوە زیاتر مافی پارێزبەندیان نیە، مەگەر دەوڵەتەکە خۆی کۆمەڵێك مافیان پێبدات.

<u>پۆستەچی و هەڵگرانی جانتای دیپلۆماسی و نێردراوی دیپلۆماسی:</u>

پەیامنێرانی هەموو شوێنە دیپلۆماسیەکان کە بە کارێکی فەرمی تایبەت بە شوێنەکەیان دەچنە دەرەوە، هەموو مافێکی کەسیان پارێزراوە، بۆیە ڕێگا نادرێت جانتاکەی بکرێتەوە یان دەستی بەسەردا بگیرێت، بەڵام پێویستە جانتاکە دیپلۆماسی بێت و لۆگۆی وەزارەتی دەرەوەی لەسەر بێت و دیار بێت، هەروەها لەناو جانتاکە تەنها ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی تێدا بێت کەبۆ کاری دیپلۆماسی بەکاردەهێنرێن.

هەروەها دەوڵەت پێویستە پارێزگاری لە نێردراوی دیپلۆماسی" الرسول الدبلوماسی" بکات، بەڵام ئەویش پێویستە بەڵگەنامەی فەرمی پێبێت و لەسەر جانتاکەشی بەڵگەنامەیەك هەبێت، ئەم کەسەش بەهەمان شێوە پارێزبەندی دیپلۆماسی دەبێت و ڕێگا نادرێت بەهیچ جۆرێك لە جۆرەکان دەستبەسەر بکرێت یان دەستگیر بکرێت([113]).

<u>پارێزبەندی کونسوڵی:</u>

کونسوڵ سەرۆکی نێردراوە دیپلۆماسیەکانە، کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی و هاوڵاتیەکانی لەو دەوڵەتە دەکات کە تیایدا کونسوڵە، ئەمە

---

[113] م٢٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤییەنا–١٩٦١

جگــه لــەوەی لــە چــەندین ڕووەوە هــەوڵی باشــکردنی پەیوەندییــە دووقۆڵیەکان دەدات ، ئەم کەسایەتیە بەڵگەنامەکانی گەشت کرن و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستە بەو کارەوە دەدات بە هاوڵاتیانی وڵاتەکـەی خـۆی کە لەو وڵاتەدا دەژین یان ماونەتەوە، بۆیە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆڵی کونسوڵ زیاتر ڕۆڵێکی کارگێڕییە، پێچەوانەی کـاری بـاڵیۆزە کـە بـە نوێنەری فەرمی دەوڵەت دادەنرێت بەتایبەت لـەو کارانـەی پەیوەسـتن بـە سیاســەتی دەرەوە، ئێمــە لــەم بەشــەدا باســی پارێزبەنــدی کونســوڵ و فەرمانبەرانی شوێنە دیپلۆماسیەکانمان کرد، کە بە دەق لـە ڕێکەوتنامـەی ڤییــەنادا هــاتووە، بۆیــە پێویســتە دەوڵــەت بــە ڕێــزەوە مامەڵــە لەگــەڵ فەرمانبەرانی شوێنە دیپلۆماسیەکان بکات، هەروەها ڕێکاری پێویسـت بـۆ پاراستنیان بگرێتە بەر.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین، باڵیۆز و فەرمانبـەرەکانی لـە کۆمـەڵێك رسوماتی دیکە دەبەخشرێن، وەك بەخشینیان لـە گـەرەنتی کۆمەڵایـەتی" الضمان الاجتمـاعی"، چونکە بـەپێی ڕێکەوتننامـەی ڤییـەنا فەرمانبـەری باڵیۆزخانــەکان، ئــەو یاســایەیان بەســەردا جێبــەجێ ناکرێــت، کــە لــەو دەوڵەتەدا پەیڕەو دەکرێت، بۆیە کارێکی سروشتیە لە رسوماتی گـەرەنتی کۆمەڵایەتی ببەخشرێن، ئەمە جگە لەوەی لـە کۆمـەڵێك رسـوماتی دیکـەی وەك خانوبەرە و گومرگ و باجی دەرامەت دەبەخشرێن([١١٤]).

---

[١١٤] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٩٠ –٣٩٢

هـــەروەها پارێزبەنـــدی دیپلۆماســـی، ئەنـــدامانی خێزانـــی هـــەموو ئـــەو دیپلۆماتکارانـــەش دەگرێتـــەوە کـــە لەســـەرەوە ئاماژەمـــان پێکـــردن، بەمەرجێك لە یەك شوێن لەگەڵیاندا بژین و هاوڵاتی ئەو وڵاتە نەبن([115])

[115] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص٤٠٢

هەروەها بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی ساڵانەی لیژنەی یاسایی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٥٨، ج٢، لاپەرە١٠٥ بکە

## باسی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماتکاری سەرکەوتوو:

دیپلۆماتکاری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی خۆی و هاوسەرەکەی، ئەویش نوێنەرایەتی کردنی ولاتەکەیەتی لە دەرەوەی ولاتی خۆیدا، ئەو کەسە دەبێت خاوەن هەڵسوکەوتێکی ئاسایی بێت و زمان پاراو و دەوڵەمەند بە زانستە هەمەجۆرەکان بێت و لە کارەکانیدا ورد و لێهاتوو بێت، هەروەها دەبێت خۆی و هاوسەر و هاوەڵەکانی بە وریاییەوە مامەڵە بکەن و لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆڵ و داب و نەریتی دیپلۆماسی هەڵسوکەوت بکەن، دەبێت دیپلۆماتکار ئاگاداری کەسایەتی خۆیی و پێگەکەی بێت، چونکە ئەو نوێنەری ولاتێکی دیکەیە و هەر بێ ڕێزی کردنێك پێی، واتەی بێ ڕێزی کردن بە سەروەری ولاتەکەی دەگەیەنێت.

دیپلۆماتکار دەبێت شارەزا و زیرەك بێت لە کلتور و داب و نەریتی نەتەوەکانی دیکە ، پێویستە وەك خۆیان بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، نابێت بە نەرێنی یان گاڵتەجاری باسی کلتور و نەریتی نەتەوەیەکی دیکە بکات، یان بە نەرێنی باس لە نەریتێکی ئەو ولاتە بکات، کە ئەو تیایدا دیپلۆماتکارە .

کەواتە دیپلۆماتکار بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و ببێتە نوێنەرێکی باش و پارێزگاری لە بەرژەوەندی ولاتەکەی خۆی

بكات، پێویستە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەتی تێدا بێت، کە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین باس لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانە بکەین:

١. دەبێت دیپلۆماتکار ئاشتی خواز بێت و بەوردی بیر لە هەنگاوەکانی بکاتەوە:

پێویستە دیپلۆماتکار ئەوە بزانێت، کە دیپلۆماسی واتە چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگایەکی ئاشتیانە، واتە دیپلۆماسی ئامرازێکی ئاشتیانەیە، پێچەوانەی هێز و چەکە، کە ئامرازی شەڕن([116])، چەندین نمونەمان هەیە کە لە ڕابردوودا، دەوڵەتان دیپلۆماسیان بۆ ئامانجێکی دیکە بەکارهێناوە، کە ئامانجی دیپلۆماسی نیە و بۆتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگێکی وێرانکەر، بۆ نموونە ئەڵمانیا دیپلۆماسی وەك ئامرازێکی ترساندن و هەنگاوێکی پێش جەنگ بەکارهێناوە، بۆیە دیپلۆماسی لەبری ببێتە مایەی فەراهەمکردنی سەقامگیری لە جیهاندا، بۆتە مایەی جەنگ و وێرانکاری، کەواتە لە بنەماکانی دیپلۆماسی سەرکەوتوو، ئەوەیە کە نابێت دیپلۆماتکار هەنگاوێك بنێت پێش ئەوەی بیر لە ئەنجام و کۆتاییەکەی بکاتەوە، پێویستە باش بیر لە هەموو هەنگاوەکانی بکاتەوە، چونکە هەنگاوێکی هەڵە نەك زیانی مادی، بەڵکو زیانێکی زۆر بە دەوڵەتەکەشی دەگەیەنێت، بۆنموونە دیپلۆماسی لای ناپلیۆنی سێیەم بووە هۆی دۆڕان و

---

[116] عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية، ٢٠٠٢، مكتبة مدبولي، ص٤٤

زیانێکی زۆر بە فەرەنسا، کەواتە دەبێت دیپلۆماتکار ئاشتی خواز بێت و پێش هەر هەنگاوێکی بەوردی بیری لێبکاتەوە([117]).

٢. دیپلۆماتی سەرکەوتوو دەبێت سەنگین و لەسەرخۆ بێت:

هەموو شتێك زۆر بە هێمنی وەربگرێت، ئەگەر هاتوو یەکێك ڕایەکی توندی لەبەرامبەردا دەربڕی، یان قسەیەکی ناڕێکی پێوت، یاخود بەرامبەرەکەی لە دابو نەریتێکی دیپلۆماسی لایدا، ئەوا نابێت لەبەرامبەردا پەرچەکرداری بەهێزی هەبێت، هەروەها نابێت وەڵامی کەسانی موستفیز بداتەوە، هەروەها نابێت ماوە بدات بەرانبەرەکەی رایبکێشێت بۆ ناو گفتوگۆیەکی ناشرین، هەروەها لە هەڵبژاردنی وشەدا دەبێت زۆر ورد و بە دیقەت بێت، لەکات و ساتی خۆشیدا قسە بکات و کارو کردەوەکانیشی سەنگین بێت([118]).

٣. دیپلۆماتکار دەبێت گوێگرێکی زۆر باش بێت، ئەگەر هاتوو لە شتێك تێنەگەیشت، دەبێت داوای ڕوونکردنەوە بکات([119]).

٤. دیپلۆماتکار پێویستە یەکێك لە زمانە بیانییەکان بەشێوەیەکی زۆر پاراو بزانێت، هەم بتوانێ بخوێنێت و هەمیش بتوانێت پێی بنوسێت، شارەزایەکی باشیشی لە کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا هەبێت،

---

[117] فاضل زکي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٨٣

[118] بەهرۆزگەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٤٦

[119] سەرچاوەی پێشوو ل٤٦

هەروەها هەولّبدات زانیاری ڕاست و دروست لەسەرچاوەی باوەڕ پێکراوی خۆیەوە دەستبکەوێت([120]).

٥. دیپلۆماتکار دەبێت کەسێکی سروشتی و کۆمەلایەتی و بەهۆش بێت لەگەلّ ڕووداوەکاندا، هەروەها نابێت پەیوەندی ناوخۆیی پچڕاو بێت ، پێویستیشە بە ئاگا بێت لە ڕووداوەکانی ناوخۆ و پەیوەندی نەپچڕاوی لەگەلّ یانە و کۆمەلّەکان و چین و توێژەکانی کۆمەلّ و کەسایەتیەکانی ولاتەکەی هەبێت([121]).

٦. خاوەن ڕۆشنبیری گشتی بێت: پێویستە دیپلۆماتکار شارەزایەکی گشتی لەسەر جوگرافیای سیاسەت ، پەیوەندی ئابوری نێودەولّەتی، ڕاگەیاندنی نێودەولّەتی، دۆسیەکانی ژینگە و پەیوەندی لە نێوان کلتور و شارستانیەکان هەبێت، هەروەها گرنگە لە زمانێك زیاتر بزانێت، بەتایبەت زمانی ئەو ولاتەی بۆی دەچێت، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەبێ وەرگێڕان کاری کرد، ئەوە چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان دەبێت و کارەکانی دیکەشی بە ئاسانی بۆ دەڕوات بەڕێوە، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا دیپلۆماتکار دەتوانێت وەرگێڕی لەگەلّدا بێت و لە کۆبوونەوە فەرمیەکاندا بە زمانی ولاتی خۆی قسە بکات و وەرگێڕانی بۆ بکرێت([122]).

---

[120] بەهرۆز گەلالّی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٤٧

[121] د. فاضل زكي محمد، کاری دیپلۆماسی لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا، وەرگێرانی کوردۆ رەحمان، چ٢، ٢٠٠٧، ل ٢٦

[122] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٠٩

٧. گرنگیدان به رای گشتی :ئەگەر لـە کۆنـدا دیپلۆماسـی گرنگـی بـە رای گشتی نەدابێت، ئەوا ئێستا گرنگیدان بە رای گشتی و پەیوەندی بەردەوام لەگـەڵ نـاوخۆ و دەرەوە، یەکێکـە لـە خەسـڵەت و تایبەتمەندییـەکانی دیپلۆماسی سەرکەتوو، بێگومان کەسی دیپلۆمات لە پەیوەنـدی بـەردەوام دابێت، بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژنا، بەڵکو بۆ ماوەی چەندین ساڵ، چونکە تەنها گـەرەنتی سـەرکەوتنی دیپلۆمـات، ئەوەیـە کـە رای گشـتی لـە نـاوخۆ پشتگیری بکات و لە دەرەوەش هەستی خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشێت([123]).

٨. بەسـتنی پەیوەنـدی برایـەتی و دۆسـتایەتی: دیپلۆماتکـار پێویسـتە پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەو وڵاتەی کـە کـاری لێـدەکات دروسـت بکـات، بـۆ ئـەوەی مـاوەی پرسـیارکردنی لەسـەر زۆر بواردامەبێت، بەڵام بـەجۆرێك کـە دەسـتوەردان (تـەداخولات) نـەبێت، لـە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا، هـەروەها بتوانێـت لـە کـاتی پێویستیشـدا تەلەفۆن بۆ ماڵەوەیان بکات و کارەکانی خۆی رایی بکات([124]).

٩. گیروگرفتی مـالی : دیپلۆمـاتی سـەرکەوتوو دەبـێ زۆر ئاگاداربێـت لـە گیروگرفتی مالی" قومار"، تەهریب، پەیوەندی هـەواڵگری گومـان لێکـراو، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەت، ئەوانـەش هـەموویان پەیوەندییـە حەرامەکانی دیپلۆماتی سەرکەوتوون، زۆرجار وایە لەلایـەن دام و دەزگـای

---

[123] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٨٦

[124] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٤٩

تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە دیپلۆماتەکان کاری تێدا دەکەن، هەوڵدەدرێت بەیەکێك لەو ئامرازانە ئیغرا بکرێن، دوایش هەموو شتێکیان لەڕووی دەنگ و ڕەنگەوە تۆمار دەکرێت، بەمە هەوڵدەدرێ کە دیپلۆماتەکە بخرێتە ژێر فشارەوە، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە دەبێت دیپلۆماتکار زۆر ئاگاداری ئەو حاڵەتانە بێ، ئەگەر هاتوو بەیەکێ لەو هۆیانە فشاری لێکرا، ئەوە دەبێت بە زووترین کات ئاگاداری لێپرسراوی سەرووی خۆی بکاتەوە و ڕوونکردنەوەیەك پێشکەش بکات کە توشی شتێکی لەو جۆرە بووە، شێوازی ڕەفتارەکەی خۆشی لەگەڵدا ڕوون بکاتەوە، تاوەکو لێپرسراوانی سەرو خۆی ئاگاداری بابەتەکە بن و ڕێگا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە و هاوکاری بکەن لە تێنەکەوتنی لەو کارەدا([125]).

١٠. دیپلۆماتکار پێویستە لەڕووی کەسایەتیەوە زمان شیرین و پاراو بێت، ئاستێکی هۆشیاری بەرزی هەبێت و لەو کەسانە نەبێت، کە کێشە بۆ وڵاتەکەی دروست دەکات، گورج و گۆڵ و لیاقەی باشی هەبێت و بیری تیژ و توانای کۆمەڵایەتی باشی هەبێت، هەروەها ڕاستگۆ و وردەکار ودڵسۆز بێت بۆ کارەکەی([126]).

١١. شارەزایی تەواو:سەرکەوتوو بێت لە کارەکانی و شارەزابێت لە بواری دیپلۆماسی سەرکەوتوودا، هەروەها شارەزا بێت لە لە چۆنیەتی باس

[125] عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية، ٢٠٠٢، مكتةبة مدبولي، ص٤٣

[126] د. فاضل زكي محمد، کاری دیپلۆماسی لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا، وەرگێرانی کوردۆ رەحمان، چ٢، ٢٠٠٧، ل٢٦

کردنی بابەتەکان لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر مێزی دیپلۆماسی، بزانێت چۆن کێشەی نێوان وڵاتەکەی خۆی و وڵاتەکەی بەرامبەری چارەسەر دەکات، بۆیە مەحمود نامەنی دەڵێت:" مرۆڤ تا ئەو دەمەی شتێك نازانێت شارەزا نیە، بەرپرسیارێتی لەئەستۆدا نیە، بەڵام ئەو دەمەی کە ئاگادار و شارەزا بوو، بەرپرسیارێتی ئەو دەست پێدەکات([127]).

١٢. قسە کردن و گفتوگۆ: بەیەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانی کەسی دیپلۆماسی دادەنرێت، چونکە شێوازی قسە کردن، کێشەکان بە ئاقارێکی باش دەبات، هەر وشەیەك کە لەدەمی کەسی دیپلۆماسی دێتە دەرەوە، ئەوا بەرپرسیارە لەو قسەیەی کە کردویەتی، جا پێش قسە کردن ، دەبێت بەرنامە ڕێژی بۆ کردبێت، هەموو شتێك بەدیلی هەیە، گفتوگۆ بەدیلی نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، غاندی دەڵێت:" بەشێوەیەك قسە بکە، ئەوانی دیکە حەز بکەن، گوێت لێبگرن، بەشێوەیەکیش گوێ بگرە، ئەوانی دیکە حەز بکەن قسەت بۆ بکەن"([128]).

١٣. دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ بە تەنها پشتبەستوو بێت لەسەر بیروهۆشی خۆی، بەڵکو دەبێت لەکاتی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتندا تێبینیەکانی خۆی بەڕێك و پێکی بنوسێت، تاوەکو ڕاپۆرتێکی وردی هەبێت و هیچ شتێك لەبیر نەکات، ئەگەر ئەوە نەکات ڕەنگە هەندێ شتی

---

[127] ڕەشید ئاراز هەورامی، دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەڵەتیەکان، ، چ١، ساڵی٢٠١٦، ل٣١.

[128] سەرچاوەی پێشوو ل٣١-٣٢

گرنگی بیر بچێت، که ببێته هۆی کەمو کوڕیی بۆ ڕاپۆرتەکەی، بۆیە لەو حاڵەتانەدا زۆر پێویستە هەموو تێبینیەکان تۆمار بکرێن([129]).

١٤. دیپلۆماتی سەرکەوتوو نابێ لە خۆیەوە ڕای سەرۆکەکەی بهۆنێتەوە و گوزارشتی لێبکات، بەڵکو دەبێت لە پەیوەندی بەردەوامدا بێت لەگەڵیدا، هەروەها دەبێت ڕاستگۆش بێت لەگەڵ سەرکردەی خۆیدا و شتەکان وەکو خۆی بێ زیاد و کەم بگەیەنێت، ئەگەر سەرکردەکەشی لەسەر بابەتێکی دیاری کراو پرسیاری لێکرد، ئەوا تەنها لەو حاڵەتەدا پێویستە دیپلۆماتەکە رای شەخسی خۆی بدات لەسەر ئەو بابەتەی کە پرسیاری لێکراوە.

١٥. دابو نەریتی زێرینی دیپلۆماتی سەرکەوتوو بۆ وڵاتەکەی خۆی ئەوەیە، کە بزانێت بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی خۆی نێردراوە نەك بۆ گەشتوگوزار یان بۆ جێبەجێ کردنی ئیش و کاری خۆی، هەروەها ئەو حەسانە دیپلۆماسییە و ئیمتیازاتانەی کە وەریشی گرتووە، دەبێ هەمووی لە خزمەتکردنی وڵات و گەلەکەی خۆیدا بەکاری بهێنێت، نەك بۆ شەخسی خۆی کاربکات و ئیستیغلالیان بکات ([130]).

---

[129] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٥١

[130] سەرچاوەی پێشوو ل٥٣

## باسی چوارەم: کارەکانی دیپلۆماتکار (نێردراوی دیپلۆماسی):

کاری نێردراوی هەمیشەیی بە یەکێك لە کارە هەستیارەکانی دەوڵەت دادەنرێت، چونکە کاری دیپلۆماسی وایلێدەکات کە هەموو هەوڵێك بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دوو دەوڵەت بدات، هەروەها هەموو تواناکانی خۆی بۆ گەشەپێدانی ئەو پەیوەندیانە لە هەموو بوارێکدا بخاتە گەڕ([131]).

کارەکانی نێردەی هەمیشەیی بە نوسراو و دەق بوونیان هەیە، کە بریتییە لەکۆمەڵێك کاری دیاری کراو و مادەی سێیەمی ڕێکەوتنی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١ دیاری کردوون([132]).

دیپلۆماسی لە سەدەکانی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی ڕێگاکانی پەیوەندیی و پێشنەکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، کارێکی قورس و زەحمەت بوو، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنەوە ئەو کارە ئاسان بووە، ئەمەش وای کردووە کە بەر یەك کەوتن لەگەڵ وڵاتان کەم ببێتەوە و کاری نێردراویش دیاری کراو بێت.

[131] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٢٥

[132] د.محمود عبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)، ٢٠١١، ص٨٣

ئەگـەر بـەراوردێك بكـەین لـە نێـوان ڕابـردوو و ئێسـتادا، دەبیـنین كـە پێشـكەوتنی شارسـتانی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتانی تێكـەڵ كـردووە، هەروەها كاری دیپلۆماسیشی هەستیارتر كردووە، بۆیە وا پێویست دەكات دیپلۆماسی بە لێهاتوویی و وردی و پشت بەستوو بە یاسا نێودەوڵەتیەكان ئـەنجام بـدرێت، هـەروەها دیپلۆمـاتیش شـارەزاییەكی باشـی لـە مێـژوویی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكاندا هەبێت، دەبێت ئەوەش بزانین كە پێشـكەوتنی تەكنـەلۆژیا و هۆیـەكانی گەیانـدن، بـە تـەنها دیپلۆماسـی نەكردۆتـــە كـــارێكی ورد و هەســـتیار، بـــەڵكو بـــەهۆی خێرایـــی پەیوەندییەكانەوە، وا دەكات كـە دیپلۆماتكـار زوو بڕیـار بـدات و كـاتێكی زۆری لەبەردەمـــدا نـــەبێت، ئەمـــە جگـــە لـــەوەی هەمـــەجۆری لـــە پەیوەندییەكاندا هاتۆتە دی، كـە ئەمـەش دیسـان پێویسـتی بـە وریـایی و لێهـاتوویی زۆر هەیـە، چـونكە بـوونی چـەندین پەیوەنـدی لەیـەك كاتـدا كارەكان ئاڵۆز و زەحمەت دەكات([١٣٣]).

ئێمە لێرەدا بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی سـێی ڕێكەوتننامـەی ڤییـەنای سـاڵی ١٩٦١ بـاس لـە كارەكـانی دیپلۆمـات دەكـەین، كـە خـۆی لـە (نوێنەرایەتی، دانوسـتان، چاودێری و كۆكردنـەوەی زانیـاری ، پاراسـتنی بەرژەوەندی دەوڵەتەكەی) دەبینێتەوە:

---

[١٣٣] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٢٦

**١. نوێنەرایەتی کردن:**

نوێنەرایەتی کردن یەکەمین کاری دیپلۆماتکارە، چونکە کاتێک دەچێتە دەوڵەتێکی دیکەوە، دەبێتە نوێنەری دەوڵەتەکەی خۆی، بەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە نوێنەری دەوڵەت([١٣٤]).

لە ڕابردوودا وەك ئاماژەمان پێکرد، نوێنەری دەوڵەت، لە دەوڵەتەکەی دیکەدا نوێنەری پاشا یان سەرۆك بوو، بۆیە پرسیارێك دێتە پێشەوە، کە ئایا دیپلۆماتکار دەبێتە نوێنەری کێ؟ دەوڵەت یان سەرۆك؟!

ڕێکەوتنامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦١، سنورێکی بۆ ئەم دژ بەیەکیە داناوە، چونکە لە رابردوودا بۆ ماوەیەکی زۆر نوێنەری وڵات، نوێنەری سەرۆك بوو، هەر بە ناوی ئەویشەوە قسەی دەکرد، بۆیە دواتر ئەو گومانە سەری هەڵدا، کە نوێنەر ئێستا چۆنە؟ نوێنەری کێیە؟

ڕێکەوتنامەی ڤییەنا هیچ گومانێکی بۆ ئەمە نەهێشتۆتەوە، بەوەی نێردراوی دیپلۆماسی نوێنەری دەوڵەتەکەی خۆیەتی، پێویستە لەسەری لە هەموو ئەو نوسراوانەی دەری دەکات، یان لە کردار و گوفتاریدا و لە کاتی هەستانی بە کارێکی دیپلۆماتی ئەمە ڕەنگ بداتەوە، کە ئەو نوێنەری دەوڵەتی خۆیەتی، چونکە ئەم نوێنەرایەتی کردنی دەوڵەتە ئێستا بە ڕوونی دەبینین کاتێك سەیری نوسراوی وەرەقەی دەست بەکار بوون دەکەین.

---

[١٣٤] سەرچاوەی پێشوو ل٣٢٧٦

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە نوێنەری دەوڵەت، تەنها واتای ئەوە نیە کە بەشداری لە هەندێك پێشوازی و ئاهەنگە فەرمیەکان بکات، کە وا پێویست دەکات بەشداربوویەك بێت، بەڵکو لەوە زیاتر واتای ئەوەیە کە دیپلۆماتکار خاوەنی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی ویست و بۆچوونەکانی دەربڕێت([135]).

نوێنەرایەتی کردن لە ڕاستیدا، لە پاڵ بەرژەوەندییەکان واتای نوێنەرایەتی کردنی ئەو بەها و بنەمایانەیە کە دەوڵەتەکەی خۆی باوەڕی پێیەتی، جا ئاگادارکردنەوەی زانیاری بێت یان گواستنەوەی هەڵوێستێك بێت، بۆ ئەوەی دیپلۆماتکاریش بتوانێت بەباشی ئەم کارە جێبەجێ بکات، وا پێویست دەکات، هەمیشە لەگەڵ لایەنی فەرمی ئەو دەوڵەتەی کاری لێدەکات لەپەیوەندیدا بێت، کارێکی دیکەی نوێنەر ئەوەیە، کە بەشدار بێت لە ئاهەنگە نیشتیمانیەکانی ئەو دەوڵەتەی کە کاری دیپلۆماتی تێدە دەکات، هەروەها بەشداریش بێت لە ئاهەنگە فەرمیەکانی دیکە و پێشوازی، وەك لە سەرەتاشەوە باسمان کرد، نوێنەری دیپلۆماسی، واتە نوێنەری دەوڵەت یان کەسایەتیەك، ئەمەش بەپێی ڕێکەوتنامەی ڤییەنا مادەی سێ بڕگەی"أ" دیاری کراوە([136]).

---

[135] د.محمود عبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)، ٢٠١١، ص٨٣

[136] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٢٦

کـارێکی دیکـەی نوێنـەر ئەوەیـە، کـە بـەرگری لـە مـافی دەوڵەتەکـەی و بەرژەوەندییەکانی بکات، هەروەها ئەو دەوڵەتـەی کـە وەك نوێنـەر کـاری تێـدە دەکـات، ئاگـادار بکاتـەوە لـە زانیاریـەکان و ناڕەزایەتیـەکانی دەوڵەتەکـەی بەرامبـەر کـارێکی دیـاری کـراو، لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا نوێنـەر نابێـت بـەکارێك هەسـتێت، کـە لـە دەسـەڵاتی ئـەودا نیـە، واتـە پێویستە سنوری دەسەڵاتی خۆی بزانێت([137]).

**٢. دانوستان:**

دانوسـتان لەسـەرەتای مێـژووەوە وەك ئامرازێـك بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەکان لـەڕێگای تێگەیشـتنەوە سـەری هەڵداوە، هـەروەها بـۆ ئـەوەی هەموو لایەنەکان بەبێ ئەوەی پەنا بـۆ هێـزو هێـرش بـەرن و کێشـەکانیان چارەسەر بکـەن دانوسـتانیان کـردووە، دانوسـتان لەیـەك کاتـدا هونـەر و زانسـتە، پەیوەنـدی بـە هـەموو زانسـتە سیاسـیەکانی وەك کۆمـەڵزانی و زمانـەوانی و دەروونناسـی و کـارگێری و زانسـتی پەیوەندییـە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە، زانایان و فەیلەسـوفان لـە چـاخەکانی کۆنـەوە، چەندین پەرتوکیان لەسەر گرنگی هونـەری دانوسـتان نوسـیوە، هـەروەها ڕێگاکانی و چۆنیەتی ئەنجامدانی و ئیدارەدانی لەگـەڵ وڵاتـی کێبڕکێکـاردا شی کردۆتەوە، لەوانە میکیاڤیلی و فرانسیس بیکۆن، ئەمـە جگـە لـەوەی لای عەرەبیش چەندین پەرتوك لەسەر ئەمە بابەتە هەیە.

---

[137] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، عمان، ٢٠٠٥، ص١٢٦

هەرچی پەیوەست بە دانوستانەوە دەتوانین بڵێین کە " بریتی یە لە کۆبوونەوەیەکی دوولایەنی یان زیاتر ، بە ئامانجی قسە کردن و ڕێککەوتن لەسەر دۆسیەیەکی دیاری کراوە، ئەمەش لە ڕێگای کۆبوونەوە و دەربڕینی بۆچوون و ئاڵوگۆڕی بۆچوون و پێشنیارەکانەوە دەکرێت، کە تیایدا هەموو ئامرازەکانی باوەڕ پێکردن(اقناع) بەکاردەهێنرێت، بۆئەوەی لە کۆتایدا نزیك بوونەوە لە دیدوبۆچونەکانیان بێتەدی و لەسەر دۆسیەکە ڕێك بکەون، کە جێگای ڕەزامەندی هەردوو لایەنیان بێت"([١٣٨]).

دانوستان گرنگیەکی زۆری هەیە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگ لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا دەگێرێت، هەروەها ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و ئەو کێشانەی کە لە نێوان دەوڵەتان و تاکەکان و گروپەکاندا دێتە کایەوە، هەروەها ئامرازێکی گرنگە بۆ ئاڵوگۆڕی دیدو بۆچوونەکان و گەیشتن بە سیغەیەك کە هەمووان لەسەری کۆك بن، بەشێوەیەکی گشتی دانوستان واتای ئەوەیە کە لایەنێك گفتوگۆ لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەکات، بۆ ئەوەی ئەو کێشەو ناکۆکیەی لە نێوانیاندا سەری هەڵداوە، چارەسەری بکەن و بگەنە ڕێکەوتنێکی هاوبەش، ئێمە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکانەوە گوێمان لە دانوستانی دامالینی چەك یان گەرێکی دیکەی دانوستانی نێوان دەوڵەتان دەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین لە گرنگی دانوستان تێبگەین کە بە شێوەیەکی ئاشتی کێشە

[١٣٨] طارق حمو، دراسات في فن التفاوض، المركز الكردي للدراسات، بوخوم، المانيا، ٢٠١٨

سیاسـیـیەکان چارەسـەر دەکـات، هـەروەها دەتـوانین بڵـێین دانوسـتان باشترین ئامرازی گفتوگۆیە، کە لە هەموو ئامرازەکانی دیکەی بەکارهێنانی چەك و جەنگ دەتوانێت کێشـەکان زووتـر و باشترچارەسـەر بکـات، ئەمـە جگـە لـەوەی دەتوانێـت بـەبێ هـیچ کاریگەرییـەك بـە زووتـرین کـات ئەنجامەکانی ببینرێت، بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دانوسـتان نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، هـەروەها گـەرەنتی ئاشـتی و سەقامگیریی بۆ ماوەیەکی دوور مەودا فەراهەم دەکات([١٣٩]).

هەرچەندە دانوسـتان بـە کـارێکی ئـاڵۆز هـەژمار دەکرێـت و پێویسـتی بـە هێمنی و زیرەکی و لەسەرخۆیی هەیە، بەڵام هەمیشە بـە باشـترین ڕێگـای گەیشـتن بـە چارەسـەرەکان دادەنرێـت، کـە ڕێگایـەکی ڕاسـتە و دوور لـە شـەڕو وێرانکاریـە، کـە دەتوانێـت ئـاڵۆزترین کێشـە چارەسـەر بکـات، گرنگیەکانی دانوستان خۆی لە چەندین خاڵ دەبینێتەوە، کە ئێمە لێـرەدا هەوڵ دەدەین باس لە خاڵە سەرەکیەکانی بکەین، کە ئەمانەن:

- دانوستان یەکێکـە لـە ویسـتەکانی نـاخی مـرۆڤ، کـە مـرۆڤ هانـدەدات بەسەر ویست و حەزی شەڕی ناخیدا زاڵی بکات.
- دانوستان ئەو ڕێگایەیە، کە دەوڵـەت و گـروپ و تاکـەکان، بەهۆیـەوە دەگەنە ئەنجامێکی باش و ڕازی کەر، کە ڕێگاکانی دیکە نایگەیەنێت.

[١٣٩] د. محسين احمد الخضيري: مبادىء التفاوض، القاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ص١٦

- دانوستان ئامرازەکانی دیکە دەهێنێتە کایەوە، کە ڕەزامەندی و خاڵی هاوبەش لە نێوان مرۆڤەکان دروست دەکات، هەرچەندە چەندین خاڵی ناکۆکیان هەبێت.
- دانوستان دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا، ئەنجامێکی باشی هەبێت، کە لە شەڕو وێرانکاریەکاندا بە چەندین ساڵ پێی ناگەین([140]).
- جگە لە هەموو ئەو گرنگیانەی کە هەیەتی، دانوستان پەیوەندی خۆشەویستی نێوان هەردوو لایەنی ناکۆك زیاد دەکات و بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەیهێڵیتەوە.
- دانوستان ئاشتی و سەقامگیری نێوان دەوڵەتەکان دەپارێزێت و دەبێتە هۆی ئاشتیەکی سەرتاسەری لە جیهاندا([141]).

دەبێت ئەوە بزانین کە بەڕێوەبردنی دانوستان کارێکی زەحمەتە و پێویستی بە بلیمەتی و لێزانین هەیە، بەهەڵەدا دەچێت ئەوەی بیر بکاتەوە کە گوایە توندوتیژی و توندکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە باشترین بەرهەم و ئەنجام، هەروەها هەڵەشە ئەوەی بیر بکاتەوە کە شلکردن و نەرم و نیانیش لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا، ئەویش باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئەنجام وبەرهەمی باش، چونکە ئەو کارە کاری توندوتیژی یان نەرم و نیانی یان کاری توندکردن و شل کردن نیە،

---

[140] طارق حمو، دراسات في فن التفاوض، المركز الكردي للدراسات، بوخوم، المانيا، ٢٠١٨، ص٦

[141] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٢٨

لــه هــەمان کاتیشدا(سـپی و ڕەش) نییــە، یــان ئــەوە نیــە کــە بڵــێین یــان هەمووی یان هیچ، باشترین چارەسەری نموونەیی بۆ ئیدارەدانی دانوستان و بەڕێوەبردنی ئەوەیە، کەنەرمی نواندن لەگەڵ سوربون و بریار وەرگـرتن و زانینی بەرزترین و نزمترین حەدی داواکراو، ئـەو هەڵەیـەی کـە زۆر بـاوە پەیوەندییە لە نێوان مفاوەزات و مسـاوەمەکردندا لەسـەر بناغـەی ئـەوەی کە ئەگەر هـەردوولا ڕەتیـان کـردەوە کـە لەسـەر مێـزی دانوسـتان بۆیـان دانراوە، ڕێك نەکەوتن ، ئـەوا پێویسـتە لەسـەر تـەوەرێك ڕێـك بکـەون کـە لەناوەڕاسـتی نێـوانی هــەردوو لایاندایــە، واتــا لــەنێوانی ئــەوەی کــە ڕەتکراوەتەوە لەگەڵ نێوانی ئـەوەی کـە ڕەزامەنـدیی لەسـەر کـراوە، بـەو پێیــەش هــەردوولا دەگەنــە چارەســەرێکی نێــوانی گونجــاو، واتــە حــەلی وەســەت، هــەر لەبەرئەوەشــە کــە هــەردوو لایــەنی دانوســتانکار لــە کــاتی دانوســتانکردندا لەگــەڵ یەکتریــدا لەســەرەتا زۆر داوا دەکــەن و مــەرجی قورس بۆ یەکتری دادەنـێن و هەرلایـەك دەیـەوێت گـەورەترین سـەرکەوتن بەدەســتبهێنێت، بــەڵام پاشــان وردە وردە لــەکاتی دەســتپێکردن بــە دانوستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری خاوی دەکەنەوە و دەست دەکەن بە سازش کردن بۆ یەکتری، ئەو جۆرە بۆ دانوستان بەداخەوە بیرکردنەوە و حەقلی دیپلۆماسی دەگۆڕێ بۆ شێوازی بازرگانی و بازاڕیی([١٤٢]).

---

[١٤٢] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٥٥

دانوستان کۆمەڵێك تایبەتمەندی گرنگی هەیە کە ئەو تایبەتمەندیانە کار بە ئەنجامی دانوستانەکان دەکەن، کە ئەمانەن:

**أ.** دانوستان بەپرۆسەیەکی نەهێشتنی ناکۆکیەکان دادەنرێت، بەڵام بەردەوام بوونی پەیوەستە بە بەردەوام بوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو دانوستانکار.

**ب.** دانوستان پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە پەیوەستە بە پەیکەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کاری تێدەکات.

**ت.** دانوستان کارێکە کە کاریگەرە بە کەسایەتی دانوستانکار.

**پ.** دانوستانەکان کاریگەر دەبن بە زۆر شت، وەك پێشبینیەکانی لایەنە ناکۆکەکان و تەقدیرەکانیان و مامەڵەیان.

**ج.** ئەنجامی بەدەستهاتووی دانوستانەکان پەیوەستە بە اعتیباراتە دەرەکیەکان.

**ح.** دانوستانکار دەیەوێت لە کورترین ماوەدا بگات بە ئەنجامەکانی.

**خ.** دانوستان لە هەمان کاتدا زانست و هونەرە([١٤٣]).

بۆ ئەوەی دانوستانەکان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێبهێنرێت ، ئەوا پێویستە پشت بە کۆمەڵێك ستراتیژیەت ببەسرێت و لە دانوستانەکاندا پەیڕەو بکرێت، کە یەکێك لەو ستراتیژە ئەوەیە کە، بەباشی خۆی بۆ ئامادە بکرێت، و پشت بە چەندین تاکتیك ببەسرێت، هەروەها بە

---

[١٤٣] ا. د. احمد فهمي جلال، مهارات التفاوض، جامعة القاهرة، ط١، ٢٠٠٧، ص٧

شێوەیەکی زیرەکانە کاتەکەی دیاری بکرێت، ئەمە جگە لەوەی پێویستی بە ڕاوێژی پێشوەختە هەیە، لە هەمووی گرنگتر سەرکەوتنی دانوستانەکان پەیوەستە بە لێهاتویی دانوستانکار و چۆنیەتی ئیدارەدانی لەسەر مێزی گفتوگۆ([144]).

### ٣. چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری:

ئەم کارە بە کۆنترین کاری نێردراوی هەمیشەیی دادەنرێت، کە نێردراو هەڵدەستێت بە چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو دەوڵەتەی کە تیایدا نوێنەرە، پاشان دەوڵەتەکەی خۆی لێئاگادار دەکاتەوە.

لە یاسا نێودەوڵەتیەکان – نەریت و ڕێکەوتننامەکاندا– ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە پێویستە چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگا یاساییەکانەوە بێت، واتە لە ڕێگای سیخوڕی کردن لەسەر دەوڵەتەکەوە نەبێت، لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەم کارەی دیپلۆماتکارەکان ڕێگای ڕاستی لێتێکدراوە، دیپلۆماتکارە هەمیشەییەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و چۆنیەتی دۆخی ئەو وڵاتەی کە تیایدا دیپلۆماتکارن پشت بە ئامرازە نایاساییەکان(غیر المشروعە) دەبەستن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ، کە ناڕوونی و پیسی بکەوێتە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان، لەوەش زیاتر ئێستا دەوڵەتان تەنها بە سیخوڕی کردن بەسەر ئەو دەوڵەتەوە ناوەستن کە نوێنەریان لەوێیە، بەڵکو سیخوڕی بەسەر دیپلۆماتکارە بیانیەکانی

[144] سەرچاوەی پێشوو ل٧

دیکەی ئەو وڵاتەش دەکەن، کە ئەمەش دوورە لە هەموو بنەمایەکی کاری دیپلۆماسی و نوێنەرایەتی یان زانینی دۆخی وڵاتەکە([145]).

پێویستە دیپلۆماتکار بە وردی هەموو گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی ئەو وڵاتەی کە میوانە لێی کۆبکاتەوە" بنوسێتەوە"وەك هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، یان بردنەوەی پارتێك کە بۆ وڵاتەکەی گرنگە، پاشان ڕێکیان بخات و بیانکاتە ڕاپۆرت، کاری دیپلۆمات هەر ئەوە نیە، بەڵکو دەبێت بەردەوام ئەو کارە بکات و لەکاتی گونجاودا بۆ وڵاتەکەی خۆی لە ڕاپۆرتێکدا بنێرێتەوە، هەروەها لێرەدا دیپلۆماتی سەرکەوتوو دەردەکەوێت، کە گرنگەکان جیا دەکاتەوە، لەوەش زیاتر تەنها ئەرکی ناردنەوەی زانیارییەکان نیە، ئەگەر هاتوو گێڕانەوەی زانیاریەك بەس نەبوو، ئەوا خۆی کۆمێنت و بۆچوونی لەسەر دەنوسێت و هەموو ناڕوونیەك شی دەکاتەوە.

نوێنەری دەوڵەت زۆر گرنگە لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیدا جا سیاسی بێت یان ئابوری یان هەر لایەنێکی دیکە، دڵنیا بێت لە ڕاست و دروستی زانیاریەکان، خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا بە هەر هۆیەك دەستی بە زانیاریەك نەگەیشت، ئەوا دەتوانێت بۆ دەوڵەتەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە،

[145] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، عمان، ٢٠٠٥، ص١٢٨

هـەروەها دەشـتوانێت گەشـبینی یـان ڕەشـبینی خـۆی لەسـەر ڕووداوێـك نیشان بدات([١٤٦]).

**٤. پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و هاوڵاتیەکانی:**

یەکێکی دیکە لە هەرە کارە گرنگەکانی نوێنەر یـان دیپلۆماتکـار، ئەوەیـە کـە کـار بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی دەوڵەتەکـەی خـۆی و هاوڵاتیـەکانی بکات، کـە لـەو دەوڵەتـەدا دەژیـن، ئـەم کارکردنـەش وا پێویسـت دەکـات لەسەر بنەما و پێودەنگە نێودەوڵەتیەکان بێت.

هەرچـی پەیوەسـت بـە پاراسـتنی مـاف هاوڵاتیـانی وڵاتەکەیـەتی، ئـەوا ناتوانێـت یەکسـەر بـەپێی یاسـا و نەریتـە نێودەوڵەتیـەکان دەسـتوەردان بکـات، بـەڵکو کاتێـك دێتـە سـەر خـەت کـە هـەموو ڕێگاکـان لەبـەردەم هاوڵاتیەکەیـدا گیرابێـت، لـەو کاتەشـدا دیپلۆماتکـار هـیچ داوایـەك بـۆ مەرجـەعی فـەرمی بـەرز ناکاتـەوە، تـا ئـەو کاتـەی لـە ڕووداوەکـە دڵنیـا دەبێتـەوە، دوای دڵنیـابوون لـە کێشـەیەك یـان لەمپـەرێك ئـەوا نوێنـەر بەڕێگایەکی فەرمی لایەنی پەیوەندیدار ئاگـادار دەکاتـەوە، پێویسـتە ئـەو ئاگادار کردنەوەیە لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتەکەوە بێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە پاراسـتنی بەرژەوەنـدی هاوڵاتیـان نابێـت ببێتە هۆی بەزاندنی سەروەری دەوڵەکە و سەربەخۆییەکەی، بۆیە دەبێـت پەیوەندی و ڕێکارەکـانی دیپلۆماتکارەکـە، بـەپێی یاسـا نێودەوڵەتیـەکان

---

[١٤٦] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٣٣٦

بێت، واتـه بـەڕێز گـرتن بێـت لـەوەی کـە لـەناوخۆی ئـەو وڵاتـە جێبـەجێ دەکرێت و ئەوی دیکە بۆ دەوڵەتەکە جێبهێڵدرێت.

پاراســتنی ســەر و ســامانی هاوڵاتیــانی بیــانی، مافێکــە کــە یاســا نێودەوڵەتیەکان بڕیاریان لەسەرداوە، بۆیە هەر پێشێلکردنێك لەم مافـەدا، جـا حکومــەت خــۆی بیکــات یــان فەرمانبــەر و هاوڵاتیــەکانی، ئــەوا بەرپرســیارێتی دەکەوێتــە ئەســتۆی ئــەو دەوڵەتــەی میوانــداری کەســە بیانیەکـەی کـردووە، بۆیـە کاتێـك نوێنـەر یاداشـتێك پێشـکەش دەکـات و ڕووداوێك ڕوون دەکاتەوە، کە بەسەر هاوڵاتیەکیـدا هـاتووە، ئـەوا لابردنـی ئـەو زیانـە یـان گەڕانـەوەی مافەکـە یـان قـەرەبوو کردنـەوەی دەکەوێتـە ئەســتۆی دەوڵەتەکــە، بــەڵام لــە هــەموو حاڵەتێکـدا پێویســتە نوێنــەر داواکارییەکــەی بــە ڕێــزەوە بنوســێت و داوای هاوکــاری و گەیشــتن بــە چارەسەرێکی دادپەروەرانە بکات([147]).

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بـە هاوڵاتیـەك کـە خـاوەنی هـەردوو ڕەگەزنامـەی دەوڵەتەکە بێت، ئـەوا لێـرەدا مـافی " پاراسـتن" نایگرێتـەوە، دەوڵەتەکـە وەك هاوڵاتیەکی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەروەها مافی تەواوی هەیە کە ڕێگا بە نوێنەر" دیپلۆماتکار" نـەدات کـە دەسـتوەردان لـە کاروباریـدا بکات([148]).

[147] سەرچاوەی پێشوو ل٣٤١

[148] د.محمود عبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)، ٢٠١١، ص٩٠

هەرچی پەیوەست بە کاری کونسولگەریشە، ئەوا دەتوانین بەپێی مادەی پێنجی ڕێکەوتننامەی ڤییەنای ساڵی ١٩٦٣ لە چەند خاڵێکدا کارەکانی کۆبکەینەوە:

- پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەی و هاوڵاتیەکانی.
- پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و زانستیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت.
- کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دۆخی ئابوری و بازرگانی و زانستی و بارودۆخی ژیانی دەوڵەتەکە و پاشان لە ڕاپۆرتێکیدا بینێرێتەوە بۆ دەوڵەتەکەی خۆی ، بەڵام پێویستە ئەم کارە بە ڕێگایەکی یاسایی ئەنجام بدرێت.
- دەرکردنی پاسپۆرت و بەڵگەنامەکانی گەشت کردن بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەی، هەروەها پێدانی ڤیزا بەو کەسانەی دەیانەوێت سەردانی وڵاتەکەی بکەن.
- هاوکاری کردنی هاوڵاتیانی دەوڵەتەکەی خۆی، جا ئەو کەسانە هاوڵاتی ئاسایی بن، یان حوکومی، هەروەها پاراستنیان لە هەر دەستدرێژییەك([149]).

[149] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص٩٦

- هەستان بە کۆمەڵێك کاری وەك دادنوس و باری شارستانی و هەندێك کاری کارگێری هاوشێوە، بەمەرجێك ئەو دەوڵەتەی کە ئەو تیایدا کونسوڵە ڕێگری لەو کارانە نەکات.
- ئامادەبوونی وەك نوێنەری هاوڵاتیانی دەوڵەتەکەی لەبەردەم دادگا و دەسەڵاتەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتەی کە ئەو تیایدا نوێنەرە، یان گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی دیکەی پێویستی کاتی بۆ پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیەکانی، کە هاوڵاتیەکە بەهەر هۆیەك بێت ناتوانێت ئامادەبێت و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێویستی بە ئامادەبوونی کەسێك هەیە.
- ئەنجامدانی هەر کارێکی دیکەی وەك پشکنین و چاودێری، کە تایبەتە بە دەوڵەتەکەی خۆی، بە مەرجێك بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان قەدەغە نەکرابێت([١٥٠]).

**٥. بەستنی پەیوەندیەکی دۆستانە:**

نوێنەری دیپلۆماسی ئامراز و هۆکاری کردنەوەی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتە، بۆ ئەوەی پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان دەوڵەتەکان لە ڕێگای کاری دیپلۆماسیەوە پتەو و دۆستانە بێت، ئەوا پێویستە ڕێز لە سەروەری دەوڵەتان بگیرێت و یەکسانی لە نێوانیاندا بوونی هەبێت.

گرنگترین هۆکار بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت بەهێز بێت، ئەوەیە کە دەوڵەتەکان لە دژی یەکترپەنا بۆ هێز نەبەن، بە

---

[١٥٠] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، عمان، ٢٠٠٥، ص١٣٤

پێچەوانەشەوە ئەگەر دەوڵەتان بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان پەنایان بۆ هێزی سەربازی و جەنگ برد، ئەوە نەك پەیوەندییان تێکدەچێت، بەڵکو ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکەش دەخەنە مەترسیەوە، کەواتە بۆ باشتر کردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان لە چەندین بواردا، تەنها ڕێگا چارەی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکی دۆستانەیە، کە ئەرکی دیپلۆماتکارە ئەم پەیوەندییە پتەو وبەهێز بکات([151]).

ئەمانە کۆمەڵێك کاری دیپلۆماتکار بوون، کە لەو دەوڵەتەی میوانە پێی هەڵدەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك ئەرك هەیە کە پێویستە ئاگاداریان بێت و خۆی بە دوور بگرێت لێیان لەوانە:

- ڕێزی یاسا و سیستەمی دەوڵەتەکە بگرێت.
- دەست لەکاروباری ناوخۆیی دەوڵەتەکە وەرنەدات.
- لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە یان هەر وەزارەتێکی دیکە کە ڕێك دەکەون لەسەری، مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی میوانداریکار بکات.
- پارێزگاری لەو نهێنیانە بکات، کە لە کاتی کارکردنیدا لەو وڵاتە بەدەستی هێناوە.
- بەهیچ شێوەیەك دەستوەردان لە کاروباری دەوڵەتەکەدا نەکات([152]).
- باڵەخانەی نوێنەرایەتی کردنەکە، بۆ کارێك بەکارنەهێنێت کە پێچەوانەی کاری دیپلۆماسی و یاسا نێودەوڵەتیەکانە([153]).

---

[151] سەرچاوەی پێشوو ل١٢٩

[152] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢، ص٩٧

## باسی پێنجەم: پلەبەندی دیپلۆماتکار (نێردراوە دیپلۆماسیەکان):

نێردراوی دیپلۆماسیەکان چەند پلەیەکی جیاوازیان هەیە، کە هەر کەسە و بەپێی پلەکەی کارەکەشی دیاری دەکرێت، ئەم پلە بەندیە تا ڕادەیەکی زۆریش دەبێتە پەیکەری باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەکان، ئەندامانی نێردراوە دیپلۆماسیەکان سیفەتی دیپلۆماتکاریان هەیە، ئەوانەی پەیکەری نوێنەرایەتیەکە پێکدێنن، پێکدێن لە ئەندامانی دیپلۆماتکار و کارگێڕییەکان و هونەرییەکان و پاشکۆکان .

نێردراوە دیپلۆماسیەکان پلەی جیاوازیان هەیە، پلەکەیان بەشێوەیەکی گشتی پێشینەی کاری دیپلۆماسیان دەردەخات، لە جەنگی جیهانی دووەمەوە سەرۆکی دیپلۆماتکاران پلەی باڵیۆزیان وەردەگرت، دوای ئەویش پلەی وەزیری کارپێسێردراو دێت، پاشانیش سکرتێری یەکەم و دووەم و سێیەم و تا پاشکۆی دیپلۆماسی دێت.

دەبێت ئەوەش بڵێین فەرمانبەران بە پلەی جیاوازەوە، کارەکانی نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەکان ڕادەپەڕێنن و هەریەکەیان بەکارێکی تایبەت هەڵدەستێت، کە پلەکەی بۆی دیاری دەکات([١٥٤]).

---

[١٥٣] محمد حاتم العطار،مهام و واجبات أعضاء السلك الدبلوماسي، مدونة عمان القانونية، ٢٠٢٠/٥/٧، http://omanilegal.blogspot.com/2011/05/blog-post_4379.html

[١٥٤] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٢٥

پلەکانی دیپلۆماتکار لە نوێنەرایەتی دیپلۆماسی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێت:

**١. باڵیۆز:**

باڵیۆز فەرمانبەرێکی پلە باڵای دیپلۆماسیە کە سەرۆکایەتی ئەندامانی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە دەرەوە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی باڵیۆز دەبێتە نوێنەری حکومەتەکان یان هەرێمە سەربەخۆکان یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە وڵات و هەرێمێکی دیکە یان لە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی.

نوێنەری دیپلۆماتکاری یەکەم، پلەی باڵیۆزی پایە بەرزیان پێ دەوترێت، ئەو باڵیۆزەش لەلایەن خودی سەرۆکی وڵاتەوە هەڵدەبژێردرێت و نوێنەرایەتی سەرۆکی وڵات لای وڵاتە میوانەکە دەکات، باڵیۆزەکە بەهۆی ئەو بەڵگانەی کە هەڵیدەگرێت وەك وەرەقەی دەست بەکاربوون و نوسراوی ڕاسپاردن لە پێناو هەڵسان بەو کاروبارانەی کە سەرۆك کۆمار پێی دەسپێرێت دەبێتە نوێنەری، هەروەها بۆشی هەیە لەگەڵ وەزیری دەرەوە و یاریدەدەرەکانی ئەو وڵاتەکەی کە بۆی دەچێت هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستێت، هەروەها باڵیۆز چوار ساڵ دەمێنێتەوە لەو وڵاتەی کە کاری لێدەکات، ماف ئەوەشی هەیە ئەگەر بیەوێت ماوەیەکی زیاتر لە وڵاتێکدا بمێنێتەوە، بەڵام دەبێت داوای ساڵێکی زیادە بکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی دەرەوە هەیە، پاش تەواو بوونی ماوەی کارکردنەکەی دەبێت بڕواتە

ولاتێکی دیکه، بالّیۆز له هەندێك ولاتدا ڕۆژانە کۆبوونەوه لەگەڵ ستافی باڵیۆزخانەکەی دەکات، بەلام له هەندێك ولاتدا تەنها هەفتەی جارێك تاکو سێ جار کۆبوونەوه لەگەڵ ستافی باڵیۆزخانەکەی خۆیدا دەکات،کە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکانی ولاتەکەی خۆی دەبێت([155]).

**٢. وەزیری کار پێسپێردراو:**

وەزیرانی کار پێسپێردراو له ڕابردوودا سەرۆکایەتی نێردراوی ولاتەکەیان دەکرد کە پێیان دەوترا کارپێسپێردراو (مفوضية)، بەلام ئەمرۆ دوای باڵیۆز یان سەرۆکی نێردراو کەوتوون و پلەی دووەمیان بەرکەوتووه، له حاڵەتی بوونیان ، ئەوه ئەوان کاری وەزیری کارپێسپێردراو دەکەن([156]).

وەزیری کار پێسپێردراو هەموو ئەو دەسەلاتانەی هەیە کە بە باڵیۆز دراوه، چونکه سەرۆکایەتی نێردراوه دیپلۆماسیەکان لەسەر بنەمای پله و جۆر جیا ناکرێنەوه، بەڵکو تەنها لەسەر بنەمای مافی پێشخستن و ڕێوڕەسمەکان جیا دەکرێنەوه، ئەمە بە دەق لە مادەی ١٤/٢ لە ڕێکەوتننامەی ڤییەنادا هاتووه کە دەڵێت:" ناکرێت بەهۆی جۆرەکەیانەوه ، جیاوازی لە نێوان سەرۆکی نێردراوه دیپلۆماسیەکان

---

[155] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، ل٧٣

[156] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٢٦

بكرێــت ، تــەنها پەیوەســت بــە مــافی پێشخســتن و ڕێوڕەسمــەکان نەبێت"([157]).

سەرۆکی کارگێریش بەرپرسە لە هەموو کارەکانی باڵیۆزخانەکە، لە کاتی نەبوونی باڵیۆز هەڵدەستێت بە کارەکانی باڵیۆزیش، ئەمە واتای ئەوەیە کە وەزیری کار پێسپێردراو دەبێتە دەستە ڕاستی باڵیۆز لە زۆربەی کارەکانی باڵیۆزخانەدا، واتە دەبێتە مەرجەع لە باڵیۆزخانەکاندا، کە ڕاپەڕاندنی هەموو کارەکانیش دەگرێتەوە ، جگە لە هەندێك کاری گرنگ نەبێت، کە پێویست دەکات نیشانی باڵیۆز یان سەرۆکی نێردراوی بدات.

پسپۆڕانی بواری دیپلۆماسی ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەگەر باڵیۆز پسپۆڕی و لێهاتوویی تەواوی لە ڕاپی کردنی کارەکانی باڵیۆزخانەدا نەبوو، ئەوا زۆرینەی کات وەزیری کار پێسپێردراو بە کردەیی کارەکانی باڵیۆز ڕادەپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر سەرۆکی نێردراوەکان (باڵیۆز) خاوەن لێهاتوویەکی زۆر بوو، هەروەها چالاك بوو توانی هەموو کارەکانی باڵیۆزخانە بە باشی ڕاپی بکات، ئەوا تەنها کۆمەڵێك کاری ڕووکەشی بۆ وەزیری کار پێسپێردراو جێدەهێڵێت ([158]).

[157] ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، عمان، ٢٠٠٥،ص١١٧

[158] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٢٦

**٣. ڕاوێژکاره دیپلۆماسییەکان:**

ڕاوێژکاره دیپلۆماسیەکان بەشێوەیەکی گشتی پلەی سێیەمیان لە کاری دیپلۆماسیدا پێدراوه، کە دوای باڵیۆز و وەزیری کارپێسپێردراو دێن، کاری ڕاوێژکارەکان لەسەر ئسلوبی کارکردن و دابەشکردنیان وەستاوه، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کاری ڕاوێژکارەکان لەسەر کادیرانی باڵیۆزخانە و شێوازی کاری سەرۆکی دیپلۆماتکاران وەستاوه، ئەگەر لە باڵیۆزخانەدا دیپلۆماتکارێکی لێنەبوو بە پلەی وەزیری کارپێسپێردراو، ئەوا لە کاتی دابەش کردنی کارەکان کە لەسەرەوە باسمان کرد، ڕاوێژکارەکان صلاحیەتی سەرۆکی کارگێری وەردەگرن، هەروەها بەرپرس دەبن لە هەموو کارەکانی باڵیۆزخانە، هەروەها کاتێك دەبێت بە " داینەمۆ"ی هەڵسوڕێنەری باڵیۆزخانە، ئەوە لەو حاڵەتەدا کارەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ هەندێك گفتوگۆ" دانوستان" بەناوی باڵیۆزەوە، هەروەها دەشتوانێت بۆ پێشکەش کردن بە سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی، سەرپەرشتی ڕاپۆرتەکان بکات.

باڵیۆزی بەتوانا و چالاك لەوەیە ئەوەی بەس بێت کە ڕاوێژکارێکی خاوەن متمانە و ڕۆشنبیری بەرز و بەڕەوش هەڵبژێرێت، بەڵام باڵیۆز لەسەردەمی هاوچەرخدا، پێویستە لەسەری ڕاوێژکارێکی لێهاتوو و چالاك هەڵبژێرێت([١٥٩]).

[١٥٩] سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٧

### ٤. سكرتێری دیپلۆماسیەکان: یەك و دوو و سێ:

سکرتێرەکان کۆمەڵێك کاری باڵیۆزخانە و نوێنەرایەتیەکان ڕادەپەڕێنن، کە بەپێی پلەیان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بەشێوەیەکی گشتی سەرۆکی نێردراوی دیپلۆماسی کارەکانیان پێدەسپێرێت، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترین کارەکانی سکرتێرەکانن:

**أ.** نوسینی کتاب و یاداشتنامەی تایبەت بە پۆستەچیەکان، کە سەرۆکی نێردراوەکان پێی هەستاوە و ناردونی، جا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی ناردبێت کە ئەو تیایدا دیپلۆماتکارە یان بۆ دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی و سەرۆك و هاوپیشەکانی لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی.

**ب.** چاودێری و تۆمارکردنی هاتوو و ڕۆیشتوو، لەگەڵ تۆمارکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و هێشتنەوەی کۆپیەك لە ڕۆیشتوە نهێنیەکان.

**ت.** پاراستنی هێما(رمز)بۆ ئەو بروسکانەی کە هاتوون، لەگەڵ ئامادەکردنی بروسکەی ناردن کە ئەویش نهێنیە(شفرە) ، لەگەڵ دانانی بروسکەکان لە قاسەیەکی ئاسنین و پاراستنی کلیلەکەی لە شوێنێکی پارێزراودا.

**پ.** هاوکاری کردنی سەرۆکی نێردراو و سەرۆکی کارگێڕی لە ئامادەکردنی لایەنەکانی ڕاپۆرت و جێبەجێ کردنی بەشێوەیەکی چالاك و دڵسۆزانە.

**ج.** تەسدیق کردن(مۆر) لەسەر واژۆکان.

**ح.** پێدانی ڤیزە یان گەڕانەوە بۆ ئەو کەسە بیانیانەی کە دەیانەوێت سەردانی وڵاتەکەی بکەن.

خ. پابەند بوون بە جێبەجیٚ کردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی سەرۆکی دیپلۆماتکاران.

د. ئاگادار کردنەوە و بیرهێنانەوەی سەرۆکی دیپلۆماتکاران لە کارە گرنگەکان([160]).

**٥. پاشکۆ دیپلۆماسیەکان: ([161])**

لە فەرمانبەرانی نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەکاندا، پاشکۆی دیپلۆماسی هەیە، ئەوان لە سەردەمی نوێی کاری دیپلۆماسیدا تێکەڵ بە کاری باڵیۆزخانەکان کراون، ئەم فەرمانبەرانە لە چەندین ڕووەوە هاوکاری سکرتێرەکان دەکەن، ئەوەی کە ئەو فەرمانبەرانە چالاك و لێهاتوو دەکات کە کارەکانی خۆیان بە باشی بکەن و شارەزا بن، پەیوەستە بە هاندانی سەرۆکایەتی نوێنەرایەتیەکان و ڕاهێنان پێکردنیان لە چەندین ڕووەوە.

---

[160] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٢٢٨

[161] لەبەر نەبوونی سەرچاوەی پێویست و ئەکادیمی بۆ ئەم بەشە تەنها سودمان لە کتێبی " فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢" لاپەڕە٢٣٠ و ٢٣١ بەستوە.

## پاشكۆ هونەرییەكان:

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبكەین ئەوەیە، كە لەناو نێردراوە دیپلۆماسیەكان دوو پاشكۆی دیكە هەیە( كە پاشكۆی دیپلۆماسی نین) ئەوانە بەشێوەیەكی گشتی ناویان لێنراوە پاشكۆ هونەرییەكان.

پاشكۆ هونەرییەكان لە نوێنەرایەتیە دیپلۆماسیەكان بۆ چەندین كار پشتیان پێدەبەسرێت، ئەوان لە وەزارەتە جیاوازەكانی دەوڵەتەوە هێنراون و بەپێی تایبەتمەندی و پسپۆڕیان لە نوێنەرایەتیەكانی دەوڵەتەكەیان كاریان پێسپێردراوە، ئەوان سەر بە سلكی دیپلۆماسی نین، بەڵام هەموو مافێكی پارێزبەندی دیپلۆماسیان هەیە، ئەم فەرمانبەرانە لە وەزارەتە پەیوەندیدارەكان دامەزراون، بۆ نموونە پاشكۆی رۆشنبیری لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دامەزراوە، یان بازرگانی لەلایەن وەزارەتی بازرگانیەوە، سەربازی لەلایەن بەرگریەوە ([١٦٢])، دواتر بە ڕەزامەندی وەزیری دەرەوە دەخرێنە ژێر فەرمانی سەرۆكی نێردراوەكان، بەو پێیەی ئەو سەرۆكی هەموو ئەندامانی نێردراوەكانە.

پاشكۆ هونەرییەكان لە چەند جۆرێك پێكدێن، لەوانە پاشكۆی ڕۆشنبیری، سەربازی، بازرگانان، ڕۆژنامەنوسان

[١٦٢] د. فاضل زكي محمد، كاری دیپلۆماسی لە نێوان تیۆر و پراكتیكدا، و/ كوردۆ رحمان، چ٢، ٢٠٠٧، ل٤٨

أ. پاشكۆ ڕۆشنبيرييەكان:

گرنگترین كار كە ئەوان پێی هەڵدەستن چالاكیە ڕۆشنبیریە فەرمیەكانی وڵاتەكەی خۆیانە، كە خۆی لە بڵاوكردنەوەی كلتور و زمانی وڵاتەكەیان دەبینێتەوە، هەروەها سیمینار و كۆڕی زانستی و ئاڵوگۆڕ بە مامۆستایانی زانكۆ دەكەن، ئەمە جگە لەوەی هەلی خوێندن بۆ خوێندكاران دەدۆزنەوە و ڕێكەوتننامەی ڕۆشنبیری لە چەندین بواردا دەبەستن.

ب. پاشكۆ سەربازييەكان:

ئەگەر پاشكۆ ڕۆشنبیریەكان گرنگی بە كارە كلتوری و ڕۆشنبیرییەكان بدەن، ئەوا پاشكۆ سەربازییەكان گرنگی بە كاروباری سەربازی دەدەن، كە چەندین بوار لە خۆ دەگرێت، وەك ئاڵوگۆڕی بۆچوون و زانیارییەكان لەگەڵ ئیدارە ناوخۆییەكان، بەتایبەت ئەگەر ڕێككەوتنی هاریكاری سەربازی لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نێوان لایەنی دیپلۆماسی و سەربازیدا هەبێت، ئەوە ئەوان دیدو بۆچوونی خۆیان بە سەرۆكی نێردراوی دیپلۆماسی دەدەن ، كارێكی دیكەی پاشكۆ سەربازییەكان نوێنەرایەتی كردنی دەوڵەتی خۆیانە لە ئاهەنگە فەرمیەكاندا، كە ئاهەنگێكی سەربازییە.

لە كۆتایشدا پاشكۆ سەربازییەكان، دەوڵەتی خۆیان لەچەندین زانیاری ئاگادار دەكەنەوە، كە لەسەر ئەو دەوڵەتە كۆیان كردۆتەوە كە تیایدا میوانن ، زانیارییەكان زیاتر لەسەر دۆخی سەربازی دەوڵەتەكەیە، لە ڕووی چەك و جۆری چەك و توانا و قەبارەی هێز و دامەزراوە

سەربازییەکان، ئەم کەسە سەربازیانە پێویستە زانیاری ورد و بەهێز بدەن ، زانیارییەکەیان دوور بێت لە گومان و ناڕاستی.

**ت. پاشکۆ ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندکارەکان:**

پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆ لە بواری پەیوەندیدا رۆڵێکی گەورەی لە باش ڕایی کردنی کارەکانی پاشکۆ ڕۆژنامەوانیەکاندا بینیوە، ئەمڕۆ چەکی ڕاگەیاندن لە ئاڕاستە کردنی رای ناوخۆیی و جیهانی بۆتە مەترسیەکی گەورە ، چونکە کاتێك ئەو جەنگە" شەڕی ڕاگەیاندن" دژی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی دیاری کراو بەرپا دەکرێت، ئەوا ئەو دەوڵەتانە لە کاتی خۆیدا وەڵامێکی بەهێز و کاریگەریان بۆ هێرشی ڕاگەیاندنەکان نابێت.

گرنگترین کاری ئەو پاشکۆ ڕۆژنامەوانیانە، ئەوەیە کە وڵاتەکەیان لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوە رۆژنامەوانیەکان ئاگادار دەکەنەوە، جا بڵاوکراوەکان لە وێستگەکانی ڕادیۆ بێت یان کەناڵەکان و ئاژانسەکانی هەواڵ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان تاوەکو هەموو ڕاگەیاندنێکی دیکە، هەروەها ئەوان شیکردنەوە بۆ ڕووداوەکان دەکەن و دەیگوازنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، بەڵام دەبێت بەشێوەیەك بێت نەگاتە ئاستی دەستوەردان لە کاروباری دەوڵەتەکە، هەروەها وەڵامی هەواڵ و لێدوانە ناڕاستەکان دەدەنەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست بە رای ناوخۆیی دەدەن، زۆر گرنگە لێرەدا کەشێکی ئارام و ڕاستگۆیانە دروست بکەن، چونکە بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانی و بڵاو کراوە ڕۆژنامەوانیەکانیان پێویستیان بە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی ڕۆژنامەنوسانی دەوڵەتەکە دەبێت.

**پ. پاشکۆ بازرگانیەکان:**

پەیوەندی بازرگانی لەم ساڵانەی دوایدا گرنگیەکی زۆری لەسەر ئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتی دروست کردووە، هەموو دەوڵەتێك جۆرە کاڵایەك بەرهەمدەهێنێت، کە بۆ گەرەنتی ئابورییەکەی و بەهێز بوونی پێویستە، هەروەها دواتریش پێویستە بازاڕ بۆ فرۆشتن و ساغ کردنەوەیان پەیدا بکات، بۆیەگرنگترین کاری پاشکۆ بازرگانیەکان ئەوەیە کە کاڵاکانی وڵاتەکەی خۆیان بەو وڵاتە بناسێنن، بەتایبەت ئەو کاڵایانەی کە پێویستیان پێیەتی.

پاشکۆ بازرگانیەکان بە وردی و بە ڕێکاری تایبەت بە کاروباری ئابوری و بازرگانی کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە زانیاری تەواوی لەسەر کاڵاکانیان هەبێت، پاشان ئەم ڕێنماییانە بە دەوڵەتەکەیان و هاوڵاتیان و سەرمایەدارەکانیان دەڵێن ، هەروەها ئاگاداریان دەکەنەوە کە چ کارێکیان بۆ کردون، بۆ ئەوەی کاڵاکانیان بازاڕی هەبێت.

# بەشی چوارەم:
# زمانی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆڵ

# بەشی چوارەم: زمانی دیپلۆماسی و پرۆتۆکۆڵ

## باسی یەکەم : زمانی دیپلۆماسی

پسـپۆڕانی بـواری دیپلۆماسـی هـەموویان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە دیپلۆماسـی زانسـت و هونـەرە، زانسـتە چـونکە لـە ڕێگـای خوێنـدن و لێکۆڵینەوە و ڕێگاکانی دیکەی زانستەوە پێی دەگـەین، ئـەو مەعریفەیـەی لەسەر دیپلۆماسی لە ڕێگـای خوێندنـەوە دەسـتمان دەکـەوێت، پشـت بـە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسـای نێودەوڵـەتی و پەیماننامـەکان دەبەسـتێت، بۆیـە هەموو ئەمانە وا دەکات کە زانستی دیپلۆماسی لە زانسـتەکانی دیکـە جیـا بکرێتەوە و ببێتە زانستێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەم زانسـتە تیۆرییـە نابێتـە حەقیقەت و پراکتیك ئەگـەر خاوەنەکـەی لـە ڕێگـای مامەڵـە و قسـەکردنی زیرەکانەوە جێبەجێی نەکات، بە واتایەکی دیکە قسە کردنـی دیپلۆماتکـار هونەرە و دەبێت ئەو هونەرە بزانێت، ئەم هونەرەش لە دیپلۆماسیدا پێـی دەوترێت" زمانی دیپلۆماسی"([١٦٣]).

کەواتە زمانی دیپلۆماسی، ئەو زمانەیە کە دیپلۆماتکارەکان بە کردەیی لە کارە دیپلۆماسیەکانیاندا بەکاری دەهێنن، ئەوان لە قسە کردنە ئاسـایی و

---

[١٦٣] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٣٣

چاو پێکەوتن و ئاهەنگە فەرمیەکاندا ، زمانێک بەکاردەهێنن کە تا دەکرێت زمانێکی بە ئەدەبانە و زمانێکی لێهاتووی شیرینە.

زمانی دیپلۆماسی بۆ سێ ئاماژە و واتای جیاواز بەکاردەهێنرێت:

١. زمانی دیپلۆماسی، بریتی یە لە گوزارشتێکی نەرم ، کە لەناوەخنیدا زۆر واتای شاردۆتەوە، کە هاریکاری دیپلۆماتکارەکان دەکات بە چەندین گوزارشت و شێوازی جیاواز باس لە ڕاستیەکان بکەن، لەگەڵ ئاگاداربوون لە هەستی خەڵکی و بریندار نەکردنی هەست و ڕێزیان.

٢. زمانی دیپلۆماسی ، زمانێکی فعلیە و دیپلۆماتکارەکان لە هەموو نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان بەکاریدەهێنن.

٣. زمانی دیپلۆماسی کۆمەڵێك گوزارشتی هونەرییە، کە لەگەڵ سەردەمدا گونجاوە و دیپلۆماتکارەکان لە سەرانسەری جیهان و لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا بەکاریدەهێنن([١٦٤]).

دیپلۆماتکاران بە شێوەیەکی گشتی بە زمانێکی نەرمتر دەدوێن لەوەی کە مەبەستیانە، واتە زۆر بە ڕوونی و بە ئاشکرا مەبەستەکە نالێن و ئاگاداری وشەو تورەیی خۆیانن، بۆ نموونە کاتێك دیپلۆماتکارێك دەڵێت:" بێگومان وڵاتەکەم لەسەر ئەو کارە ناچارە دووبارە بە وردی چاو بە هەڵوێستەکانیدا بخشێنێتەوە" . ئەوە واتای ئەوەیە، کە پەیوەندی دۆستایەتی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگۆڕێت بۆ دوژمنایەتی.

---

[١٦٤] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٣٥

هـەروەها کاتێـك دەڵێـت:" وڵاتەکـەمان لەسـەر ئـەو پرسـە بـە ڕاشـکاوی تەحافوزاتی خۆی هەیە". ئەوە واتای ئەوەیە کە ڕێگا بەو کارە نادات.
یـان کاتێـك دەڵێـت" حکومەتەکـەم ناچـارە ڕەچـاوی بەرژەوەندییـە تایبەتەکانی بکات، یان بڵێت حکومەتەکـەمان مـافی ئـازادی تـەواوی هەیـە چی بکات". ئەوە واتـای ئەوەیـە، کـە دەوڵەتەکـەی دەیـەوێت پەیوەنـدی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بپچڕێنێت([١٦٥]).
هـەروەها دیپلۆماتکـار نایـەوێت وشـەی " هۆشـداری یـان هەڕەشـە" بەکاربهێنێت، بەڵکو ئەگـەر وشـەی " نیگـەرانی تونـدی" بـەکارهێنا، ئـەوا واتای هۆشداری و ئاگـادار کردنەوەیـە، یـان کاتێـك دیپلۆماتکـار دەڵێـت" ئەگەر ئەوە ڕوویدات، ئەوا وڵاتەکەی ئێمە بە کارێکی دۆستانەی نازانێت " ئـەوا مەبەسـتیەتی بڵێـت، کـە وڵاتەکـەی هەڕەشـەی جـەنگ و پچـڕانی پەیوەندییەکان دەکات.
ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەین، ئەوەیە هەر هەڵەیـەك لـە بـەکارهێنانی دەستەواژەیەك بکات، ئەوا نزیکە ببێتە هـۆیی تێکچـوونی پەیوەندییـەکان لەبری باشکردنی، لەم کاتەشـدا کـارە دیپلۆماسـییەکە بـە شکسـتخواردوو دادەنرێت([١٦٦]).

---

[١٦٥] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٣٦

[١٦٦] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٣٥

کەواتە زمـانی دیپلۆماسـی، زمانێکـە پـڕە لـە دەربـڕینی ناسـك و جـوان و ئەتەکێت و جێگیر، هەندێك جار دەڵێن ئەم زمانـە هـیچ مانـای نیـە کـە لـە هەموو بۆنەکاندا و لە شەڕ و ئاشـتیدا و لەگـەڵ هـاوڕێ و کەسـانی دیکـەدا بەکاریـدەهێنن و دووبـارەی دەکەنـەوە، بۆیـە جگـە لـە دەمەتـەقێ و موجامەلە هیچی دیکـە نیـە، جێگـای متمانـە نیـە، چـونکە لـە ناوەڕۆکیـدا ڕاسـتەقینەی شـاردۆتەوە، بـەڵام ئـەم ڕەخانـە نابێتـە هـۆی لەدەسـتدانی ئـەرکی ڕاسـتەقینەی دیپلۆماتکـار، کـە ئـەرکێکی تـەڕو پـاراوە، ئەرکێکـە خاوەنەکەی بڕیار لە دوژمنایەتی و شەڕ لە نێوان میلەتان دەدات، کەوابوو زمانی دیپلۆماسی پەیامێکی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و ئاشـتیە، تەنانـەت لەو کاتانەش کە شەڕ هەیە لە نێـوان دەوڵەتەکـەی و دەوڵـەتێکی دیکـەدا، کەسی دیپلۆماتکار هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ بەکارهێنانی وشەی بە حـەزەر و زیندو و جوان و جێگیر و پوختە کراو و بە پارێز([١٦٧]).

[١٦٧] کاری دیپلۆماسی لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا، و/ کوردۆ رحمان محمد، چ٢، ٢٠٠٧، لاپەڕە ٥٣

## زمانە دیپلۆماسیە باوەکان:

بـە درێـژایی مێـژوو، کۆمـەڵێك زمـان لـە بـواری کـاری دیپلۆماسـیدا بەکارهێنراون، کە بە پێی کات و شوێنی خۆیان بوونەتە زمانی فەرمی، کە گرنگترین زمانەکان ئەمانەن:

**١. زمانی ئەکادی:**

لە ئەنجامی پشکنین و هەڵکۆڵینەکان کە لـە ناوچـە جیـاواز و فراوانـەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن ئەنجامدراون، دەرکەوتووە کە یەکەم زمان کە لـە جیهانـدا سەری هەڵدابێت، زمانی ئەکادییەکانە، کە لە ساڵی (٢٣٥٠ پ.ز)ەوە بۆتـە زمانی تێگەیشـتن و قسـە پێکـردن لـە نێـو گـەلانی ئـەو سـەردەمەدا و تـا سـەدەی حـەوتی پـێش زایـین بـەردەوام بـووە، چـەندین پەیماننامـە و ڕێککـەوتن بـەو زمانـە واژۆ کـراون، زمـانی ئـەکادی لـە میسـر و هـەموو ڕۆژهەڵاتی کۆن بڵاوبۆتەوە([١٦٨]).

**٢. زمانی ئارامی:**

زمـانی ئـارامی بـە یەکـەم زمـانی نوسـراو لـە ناوچـە شارسـتانییەکانی (ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی )دادەنرێت، مێژوونوسان ئامـاژە بەئەوەدەکـەن، ئـەم زمانـە زۆر بـەربڵاوبووە، چـونکە لەلایـەك لـە ڕووی نوسـین و قسەپێکردنەوە ئاسان بووە، لەلایـەکی دیکەشـەوە ئارامییـەکان لـە ڕووی جوگرافیـەوە ناوچـەیەکی بـەربڵاویان لـە نێـوان شارسـتانیەکاندا کـۆنترۆڵ

---

[١٦٨] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٣٧

کـردووه، ئـەم کـارە وای لـە ئارامیــەکان کـردووە، کـە ببنـە سـەنتەری بازرگـانی، بەمـەش زمانەکـەیان ببێتـە زمـانی بازرگـانی و مامەڵـە کـردن، زمانی ئارامیەکان هەژمونی خۆی بەسەر گەلانی ئـەو ناوچـانەدا کێشـاوە، هـەروەها تـا داگیرکـاری ئیغریقیـەکان بـەردەوام بـووە، دوای هاتنیشـیان ئیغریقیـەکان لـە پـاڵ ئـارامی ، زمـانی خۆیـان سـەپاندووە و کردویانەتـە زمانێکی فەرمی.

### ٣. زمانی ئیغریقیەکان:

یۆنان رۆڵێکـی بەرچـاوی لـە دروسـتبوونی زانسـتی دیپلۆماسـیدا هـەبووە، لەبەرئەمـە کتێبـە مێژووییـەکان بـاس لـە زمانەکـەیان دەکـەن، کـە پلـەی سێیەمی وەگرتووە و دوای ئەکادی و ئارامیەکان دێـت، بڵاوبونـەوەی ئـەم زمانە لەگەڵ هاتنی داگیرکاری ئیغریقی بـووە، کـە ناوچـەکانی رۆژهـەڵاتی نزمیان لە سەردەمی ئەسکەندەری گەورەدا داگیرکردووە.

زمانی ئیغریقیەکان بۆتە زمانی تێگەیشـتن لـە نێـوان " سـەنتەری هێـز" و گەلانی دیکە، هەروەها زمانی فەلسـەفە و مێـژوو و مەعریفـە و ڕۆشـنبیری بووە، ئـەم زمانـە بـەم شـێوەیە بـەردەوام بـووە، تـا ڕوخـانی شارسـتانی ئیغریقـــی و دەرکـــەوتنی ئیمپراتۆریـــەتی رۆمانیـــەکان، دوای هـــاتنی ڕۆمانیەکانیش زمانی لاتینی جێگای زمانی ئیغریقییەکانی گرتـەوە و بـووە زمانی دیپلۆماسی. ریشەی چەندین لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە هەموو بوارە زانستیەکاندا دەگەڕێنەوە بـۆ زمـانی ئیغریقـی و پاشـان رۆمـان، ئـەم دوو

زمانــه تــاکو ئێســتا لــه زۆرێــك لــه زانکۆکــانی ڕۆژئــاوا و ڕۆژهــەڵات دەخوێندرێن([169]).

**٤. زمانی عەرەبی:**

لەگەڵ هاتنی سەدەی حەوتی زاییني زمانی عەرەبی لە پاڵ زمـانی لاتـینی بۆتە زمانێکی بەربڵاو، هەروەها لە سەدەی نۆدا ئەم زمانە گەشەی زیاتری بەخۆیـەوە بینیـوە و بـەربڵاوتر بـووە، چـونکە زمـانی نوسـینی قورئـانی پیرۆزە، هەروەها بووە بەزمانی فەرمی دەوڵەتی ئیسلامی کـە دەوڵەتەکـە لــە ڕۆژهەڵاتــەوە گەیشــتە ســنووری چــین و لــە ڕۆژئاواشــەوە گەیشــتە ئەنــدەلوس، ئەمــە جگــە لــەوەی لــەو کاتــەدا زمــانی زانســتەکان و شارســتانیەکان بــوو ، هــەموو ئــەم هۆکارانــە وای کــرد، ببێتــە زمــانێکی بەرفراوان و فەرمی، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانـەکانی عـەرەبی و لاتـینی تـا سەرەتای سەردەمی نوێ دوو زمانی دیپلۆماسی باو بوون.

**٥. زمانی لاتینی**

دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئیسلامی و دابەشبوونی بۆ چـەندین دەوڵەتۆچـکە، دواتریش دەرچوونی عەرەب لە ئەنـدەلوس، وای کـرد کـە زمـانی عـەرەبی وەك زمانی دیپلۆماسـی کۆتـایی پێبێـت، زمـانی لاتـینی وەك تاکـە زمـانی دیپلۆماسی بمێنێتـەوە، هۆکـاری بڵاوبوونـەوەی زمـانی لاتـینی و ڕێزگـرتن لێی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کـە زمـانی پاپـا و ئیمپراتۆریشـە، واتـە زمـانی

[169] سەرچاوەی پێشوو ل١٣٨

کەنیسەی کاسۆلیکییە، کە هەژمونی خۆی بەسەر حەوزی دەریای ناوەڕاست و ئەوروپادا کێشاوە.
کاتێك ئیمپراتۆریەتەکان دەڕوخێن و چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێدروست دەکرێتەوە، ئەو دەوڵەتانە زمانی ناوخۆیی خۆیان دەکەنە زمانی فەرمی و سەربەخۆی خۆیان، ئەمە لە لاتینیدا ڕوویدا و دوای ڕووخانی ئیمپراتۆر زمانەکانی فەرەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی... هتد هاتنە کایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتانی ئەوروپا وەك زمانی نوسین و قسەکردن، پارێزگارییان لە زمانی لاتینی کرد، ئەم دۆخە تا نیوەی سەدەی هەژدەهەم بەردەوام بوو، کە دەسەڵاتی پاپا روخا و لەگەڵ روخانیدا زمانی لاتینیش روخا، لە جێگای ئەوە یەکێك لە زاراوەکان جێگای گرتەوە کە زمانی فەرەنسییە([١٧٠]).
گرنگترین پەیماننامەی نێودەوڵەتی بە زمانی لاتینی نوسرابێتەوە: پەیماننامەی وستڤالیایە(١٦٤٨) و ڕێکەوتنی ئاوترەخت (١٧١٣) و ڕێکەوتنامەی ڤییەنا (١٧٣٨) و بەلگرادە لە ساڵی (١٧٣٩)دا ([١٧١]).

**٦. زمانی فەرەنسی:**

فەرەنسییەکان لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا هەوڵی ئەوەیان دەدا کە زمانەکەیان بکەنە زمانێکی دیپلۆماسی فەرمی، هۆکاری ئەم هەوڵەیان بۆ

---

[١٧٠] الدكتور حنا عيسى، لغة الدبلوماسية، وكالة نون الخبرية ، ٢٠٢٠/٥/٢٤ http://www.non14.net/public/92668

[١٧١] سعيد ابو عباه، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩ ص١٣٩

ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لەو کاتەدا پێگەیان بەهێز بووبوو، بۆیە دەیانویست زمانی فەرەنسی جێگای لاتینی بگرێتەوە، لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزەدەدا هەرچەندە چەندین دەوڵەت ناڕازی بوون، بەڵام زمانی فەرەنسی شوێن و پێگەی خۆی گرت، لە کۆنگرەی ڤییەنای ساڵی (١٨١٥)دا و کۆنگرەی پاریسی ساڵی (١٨٥٦)دا، بووە زمانی دیپلۆماسی، هۆکاری ئەم پێشکەوتنەی زمانی فەرەنسی بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە کە بوونە پاڵنەر بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی دیپلۆماسی([١٧٢]).

زمانی فەرەنسی بەم شێوەیە لە پێشکەوتن و نوسین تا ڕێکەوتننامەی لاهای لە سالآنی (١٨٩٩) و (١٩٠٧)بەردەوام بوو ، بەڵام لە کۆنگرەی پاریس کە کۆتایی بە جەنگی جیهانی یەکەم هێنا ، هەروەها ڕێکەوتننامەی " فرسای" بە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی نوسرایەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە فەزڵی هیچ زمانێکیان بەسەر زمانێکی دیکەدا بکات.

سەرەڕای ئەوەی زمانی فەرەنسی زمانی دیپلۆماسی و نێردراوە دیپلۆماسییەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەك زمانی زانست و ڕۆشنبیری و هونەر بووە زمانی هەموو ماڵێکی ئەورووپا ، هەروەها بووە زمانێك کە چینی ئۆرستۆقراتی لە وڵاتانی ئەورووپا قسەی پێبکەن، تا گەیشتە

---

[١٧٢] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٣٦

ئیمپراتۆریەتی ڕوسیا و میسر و مەغریبیش، هەتاوەکو ئەمڕۆش زمانی فەرەنسی زمانی چەندین گوزارشت و چەمکی دیپلۆماسییە([173]).

**٧. زمانی ئینگلیزی:**

لە ساڵی ١٩١٩دا دانوستانکارانی کۆنگرەی پاریس پێشنیاریان کرد، لەگەڵ زمانی فەرەنسیدا زمانی ئینگلیزیش بکرێتە زمانێکی فەرمی، ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە ڕێکەوتننامەی فرسای (چەندین ڕێکەوتننامەی کۆمەڵەی گەلان) لە پاڵ زمانی فەرەنسیدا بەزمانی ئینگلیزیش بنوسرێتەوە و ببنە دوو زمانی فەرمی، بەڵام لەدوای ئەو ڕێکەوتننامانەوە، بەچەند ساڵێکی کەم زمانی ئینگلیزی هەنگاوی زۆرینا و پێش فەرەنسی کەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئەمریکا بوو بە دەوڵەتێکی زلهێز، هەروەها بەریتانیەکانیش باڵیۆز و نێردراوە دیپلۆماسییەکانیان ناچار دەکرد، لەبری فەرەنسی بە ئینگلیزی قسەیان لەگەڵدا بکەن، ئەمانە بوونە هۆی پێشکەوتنی زمانەکە.

زمانی ئینگلیزی بازێکی دیکەی گەورەی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم دا، ئەویش ئەوەبوو کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٤٥)دا شاری نیویۆرکی کردە نوسینگەی سەرەکی خۆی، بەمەش زمانی ئینگلیزی لە پاڵ فەرەنسیدا بووە زمانی دیالۆگ و کاری دیپلۆماسی، لەو کاتەدا لیژنەیەك بڕیاریدا، زمانەکانی (ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕوسی و ئیسپانی و

---

[173] سعید ابو عباه، الدبلوماسیة تاریخها مؤسساتها انواعها قوانینها، دار الشیماء للنشر والتوزیع، ٢٠٠٩ ص١٤٠

چینی) ببنه زمانی فەرمی، لەو کاتەوە تاکو ئێستا هەموو دانیشتن و قسەکان بەو زمانانە دەکرێن و لەکاتی پێویستدا وەرگێڕان بۆ زمانێکی دیاریکراو دەکرێت.

ئەوەی هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە، کە زمانی فەرەنسی دوای داگیرکاری ئەڵمانیا پاشەکشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ، داگیرکاری و هێزی دەوڵەتان گۆڕانکارییان بەسەرداهات، هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش وەك هێزێکی بێ ڕکابەر هاتە پێش، هاوکات شاری نیویۆرکیش کرا بە نوسینگەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەموو ئەم هۆکارانە وای کرد زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانێکی سەرەکی دیپلۆماسی و زمانی زانست و بازرگانی([١٧٤]).

## ٨. چەندین زمانی فەرمی دیپلۆماسی:

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دانیان بە شەش زمانی فەرمیدا ناوە، کە دەتوانرێت لە کۆڕو کۆبوونەوە و کۆنگرەکاندا قسەیان پێبکرێت، ئەوانیش بریتین لە زمانەکانی " ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕوسی، ئیسپانی، چینی و عەرەبی".

بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ژمارەی دەوڵەتانی سەربەخۆ زیادی کرد، چونکە زۆرێك لە دەوڵەتان دوای ئەو جەنگە لەژێر هەژموونی

---

[١٧٤] فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩٢ ص٤٣٧

داگیرکاران دەرچوون، هەروەها لەبری بەکارهێنانی زمانی داگیرکەرەکە، هەستی نەتەوەیی جولاو گەلان بە زمانی خۆیان قسەیان دەکرد، ئەمەش وایکرد لە پاڵ یەکێك لەو شەش زمانە فەرمییەدا، زمانی نیشتیمانی خۆیان بکەنە زمانی ڕێکەوتننامە دیپلۆماسییەکان، هەروەها لە چاوپێکەوتنە فەرمیەکانیشدا بەکاریان دەهێنا.

ئەمڕۆ کارەکە بەوە نەوەستاوە کە زمانی نیشتیمانی بەکاربهێنرێت، بەڵکو بەهۆی پەیوەندییە مێژوویی و رۆشنبیری و شارستانیەکانەوە، زمانی هاوبەش لە کۆنگرە و رێکەوتننامە و کۆبوونەوەکان بەکاردەهێنرێت، بۆنموونە عەرەب زمانی عەرەبی و کوتلەی شیوعی زمانی ڕوسی و رابیتەی کۆمنۆلیس زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن.

کورتەی قسەئەوەیە، ئەگەر لە ڕابردوودا دەوڵەتان تەنها یەك زمانیان بەکارهێنابێت، وەك زمانی لاتینی یان فەرەنسی یان ئینگلیزی، ئەوا ئێستا دەتوانرێت لە پاڵ یەکێك لە زمانە فەرمی و جیهانییەکاندا، زمانی نیشتیمانی و نەتەوەیی و هەرێمی خۆشیان بەکاربهێنن([١٧٥]).

---

[١٧٥] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٤٣٨

## باسی دووەم: پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتی دیپلۆماسی

**یەکەم: واتاو چەمکی پرۆتۆکۆڵ و بنەماکانی**

پرۆتۆکۆڵ کۆمەڵێك داب و نەریت و یاسا و ڕێسایەکی نوسراو و نەنوسراوە، کە تایبەتە بە شێوازی هەڵسوکەوت و ڕێکخستنی ئاهەنگەکان و پێشوازییە فەرمییەکان، کە لە نێوان وڵاتان ئەنجام دەدرێت، جێبەجێ کردنی بنەماو یاساکانی پرۆتۆکۆڵ، دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی سەرکەوتنی کاری دیپلۆماسی ([176]).

هەروەها لە ڕووی دیپلۆماسییەوە دەکرێت بەم شێوەیە پرۆتۆکۆڵ بناسرێت" بریتییە لە کۆمەڵێك بنەما و ڕێکار و ڕێکەوتننامە، کە لەپەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتان بەکاردەهێنرێت، ئەم بنەماو ڕێکارانەش زیاتر لە ڕووی نەریتی (عورف)ی نێودەوڵەتییەوە ڕێکخراوە.([177])

وشەی پرۆتۆکۆڵ لە ڕاستیدا وشەیەکی فەرەنسییە هاوواتای ڕێوڕەسمە(مراسم) و لە وشەی پرۆتۆکۆڵم"Protokollum"ی یۆنانیەوە وەرگیراوە، وشەکە بۆخۆی دوو بەشە، پرۆتۆس"Protos" واتە یەکەم، کۆلا "Kolla" ئەویش واتە چەسپ، بە پەڕەی یەکەمیان

---

[176] السفير عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية، ط١، ٢٠٠٢، عربية للطباعة و النشر، ص٧٧

[177] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، چ١، هەولێر، لاپەڕە ٢٧

دەوت کە دەلکێنرا بە بەڵگەنامەکانەوە، هەروەها وشـەی "Protos" لـە فەرەنسیدا بە واتای یەکەمی یان پێشەکی دێت ([178]).

پرۆتۆکۆڵ لای عەرەب واتای " مەرسومە" واتە فـەرمانێکی نوسـراو، وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین کە دەڵێن " مەرسـومی پاشـایەتی یـان کۆمـاری" کە بە واتای یاسـا یـان جێبـەجێ کردنـی فـەرمانێکی ئیلزامـی دادەنرێـت، هەروەها تورکەکانیش لە عەرەبییـەوە وشـەکەیان بـردووە و کردویانـە بـە مەراسیم، هەروەها وشەی " رسمی" و مەرسـوم ، بـە شـێوەیەکی گشـتی بەواتای ویستی سەرۆکایەتی دێت([179]).

وشەکە بە شێوەیەکی گشتی، بریتییـە لـە کۆمـەڵێك یاسـا و بنـەما کـە لـە پەیوەندییــە نێودەوڵەتیــەکان و دیپلۆماســییەکاندا جێبــەجێ دەکرێــت، هەروەها بـۆ رێکخسـتنی رێوڕەسمـەکان سـودی لێوەردەگیرێـت و پـەیڕەو دەکرێت.

---

[178] صباح طلعت قدرت، الوجيز في الدبلوماسية و البرتوكول، وزارة الخارجية العراقية، ٢٠١٣، ط٣، مطبعة كركي، ص١٠٣

[179] نورالدين بيدوكان، عبدالواد الرفيق، قواعد البرتوكول الدبلوماسي و الاتيت، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية و الاستراتيجية،٢٠٢٠/٥/٣٠ https://www.politics-dz.com/%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%D8%AD%D9%88%D9%84-%D9%82%D9%88%D8%A7%D8%B9%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%88%D8%AA%D9%88%D9%83%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D9%88/

پرۆتۆکۆڵ لەناو چینە بەرزەکانی کۆمەڵگەش پەیڕەو دەکرێت، ئەو چین و توێژانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگی بە لایەنی پرۆتۆکۆڵی دەدەن ، وەك جێبەجێ کردنی لە پۆشاك و هەڵسوکەوت و نانخواردن و چالاکییەکانی دیکەیان.

یاساکانی پرۆتۆکۆڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیان و پەیوەندییەکاندا دەبینن، بەتایبەت لە بواری پەیوەندی دیپلۆماسی لە نێوان پاشا و سەرۆك و نێردراوە دیپلۆماسیەکاندا، بۆیە پرۆتۆکۆڵ ئەو گرنگییە زۆرەی لە ژیانی سیاسیدا هەیە، بۆتە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی سیاسییەکان، ئەوان بنەماکانی و یاساکانی وەك بەشێك لە ئسلوب و مامەڵەکانیاندا پەیڕەوی لێدەکەن، چونکە جێبەجێ نەکردنی یاساکانی پرۆتۆکۆڵ بە واتای بە کەمزانین دێت، تەنانەت لە سەدەی نۆزدەدا پشتگوێ خستنی یاساکانی دەبووە مایەی جەنگ و دوژمنایەتی، ئەمە لە کاتێکیشدایە یاساکانی بەشێوەیەکی ڕوون نەنوسراونەتەوە، بەڵکو زۆرینەیان عورفین.

پرۆتۆکۆڵ تەواوکەری ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکانە، یان پاشکۆی ئەوانە، چونکە هەندێك خاڵ و بنەمای هەیە پێویستی بە دانوستان و ڕێکەوتن هەیە، بۆیە وەك ڕێکەوتننامەکان کۆبوونەوەی بۆ دەکرێت و لەسەر خاڵەکانی ڕێك دەکەون ، پرۆتۆکۆڵ بە کەمتر لە پەیماننامەکان دادەنرێت یان دەکرێتە پاشکۆیان، یەکەمین ڕێکەوتننامەی پرۆتۆکۆڵی کە هاوشێوەی پەیماننامەکان بووە، پرۆتۆکۆڵی ئێکس لاشابیل بوو، کە لە ساڵی (١٨١٨)دا بەسترا ، تیایدا چارەسەری یاساکانی لەپێشتر " کێ لە

پێشتره "ی سەرۆکی نێردراوە دیپلۆماسییەکان و پلـەکانیان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیانیدا کرد، هەروەها پرۆتۆکۆڵی ژنێف لەساڵی ١٩٢٥دا بۆ قەدەغەی چەکی کیمیاوی بایۆلۆژی بەسترا([١٨٠]).

گرنگترین یاساکانی پرۆتۆکۆڵ و بوارەکانی جێبەجێ کردنی:

وەك لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد، پرۆتۆکـۆڵ کۆمـەڵێك بنـەماو یاسـای گـرنگن کـە لـە پەیوەندییـە دیپلۆماسـی و سـەردانە فەرمیەکانـدا پـەیڕەو دەکرێن، ئەم بنەمایانە لە چوار خـاڵی سـەرەکیدا جێبـەجێ دەکـرێن، کـە ئەمانەن:

١. پرۆتۆکۆڵ بە بەشێکی فەرمی و ئیجبـاری پەیوەندییـەکان دادەنرێـت، هـەروەها بریتیشـە لـە کۆمـەڵێك بنـەما کـە پشـت بـە هەسـتی گشـتی بـاو دەبەستێت، بێگومان ئـەم بنەمایـە لـە کـاری دیپلۆماسـی و کـاری فـەرمی نێوان دەوڵەتەکانـدا پـەیڕەو دەکرێت، پشـتگوێ خسـتنی دەبێتـە مایـەی زیان گەیاندن بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، یـان بەشـێوەیەکی گشـتی زیـان بـە سیاسـەتی وڵاتەکـە دەگەیـەنێت، بـەڵام پشتگوێخسـتنی لەسـەر ئاستی تـاك، ئـەوا لێکەوتـەکانی تـەنها بـۆ خـودی کەسـەکە دەبێـت، نـەك سیاسەتی گشتی وڵاتەکە، هەروەها جیـاوازی لـە نێـوان ئـەوەدا هەیـە کـە باڵیۆزێـك بنــەماکانی پەیوەنـدی لەگـەڵ گـەورە بەرپرسـانی ئـەو وڵاتـە

---

[١٨٠] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١٠٥

پشتگوێ بخات که میوانه، لەگەڵ وازهێنانی بـه شـێوەیەك کـه پەیوەنـدی بە ویستی خۆیەوە هەبێت.

٢. پرۆتۆکۆڵ و پەیوەندییە گشتیەکان جیاوازن له یەکتری، هـەروەها لـه چـەند روویەکیشـەوە وەك یـەکن، هــەردووکیان " پەیوەنـدی گشـتی و پرۆتۆکۆڵ" یەك ئامانجیان هەیە، کـه بریتییـه لـه گونجـان لەگـەڵ تاکدا، بەشێوەیەك ببنه مایەی ڕاییکردنی کارەکان نەك قورسکردنیان، لەبەرئەوە پەیوەندییـەکان ئـامرازێکن بـۆ ئامـانجێکی دیکـە، ئەگـەر ئـەو ئـامرازە دۆزرایەوە، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت له کارەکانیـدا ئەگـەر نەشـدۆزرایەوە، ئـەوا شکسـت دێنێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئـەم لێکچـوونە، نابێـت جیاوازییـە بنەڕەتیەکانیان بزر بکرێن، چونکه پرۆتۆکۆڵ پیشـە و سیسـتەم و یاسـایە کە بە ئیجباری جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پەیوەندییەکان بەشێوەکی گشتی بـۆ هـەموو خەڵکـە، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە پەیوەندییـەکان پێشـکەوتن بەخۆیانەوە دەبینن و له چەند یاسایەکدا قەتیس ناکرێن.

٣. بنـەماکانی پرۆتۆکـۆڵ لـه سـلوك و مامەڵەکانـدا جیـاوازن code of conduct، ئەوەی کە له بواری ئەخلاقیـدا بـاوە، جـا پزیشـك بێـت یـان وەرزشـەوان یـان بازرگـان یـان فەرمانبـەرانی وەزارەتـی دەرەوەی وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، مامەڵەی سلوکی پەیوەستە بە ئـەخلاقی مەعنەوییـەوە، کـە گرنگـی بـە یاسـا سـلوکیەکانی دەرەوە دەدات، بـەڵام بنەماکانی پرۆتۆکـۆڵ پەیوەسـتە بـە خـودەوە، ئامـانجی ڕێـز گرتنـە، کـە

هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات.

٤. پشتگوێخستنی بنەماکانی پرۆتۆکۆڵ لەلایەن دەوڵەتێکەوە، دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە دەوڵەتەکە، پێدەچێت هەمان جۆری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئایا پشتگوێ خستنی یاساکانی پرۆتۆکۆڵ پێچەوانەی یاسا باوەکانە، یان شکاندنی عورفی موجامەلەیە؟ هەرچییەك بێت گرنگی نەدان بە یاساکانی پرۆتۆکۆڵ واتای خۆی هەیە، کە دەوڵەتی بەرامبەر لەوەیە لە مەبەستەکە بگات، بۆنموونە دواخستنی وادەی پێشکەشکردنی وەرەقەی دەستبەکاربوون بۆ سەرۆکی دەوڵەت، واتای ئەوەیە کە دەوڵەتەکە خۆشی بە وڵاتی باڵیۆزەکە نایەت، یان واتای ئەوەیە کە ئاهەنگی فەرمی بۆ ناکرێت([181]).

مەرج نیە کاری پرۆتۆکۆڵی تەنها سەردانی شاندی نێودەوڵەتی بێت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگای ناردنی پەیامێکەوە بێت، بۆ نموونە:

---

[181] نورالدين بيدوكان، عبدالواد الرفيق، قواعد البرتوكول الدبلوماسي و الاتيت، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية و الاستراتيجية،٢٠٢٠/٦/١٢ https://www.politics-dz.com/%D8%A8%D8%AD%D8%AB-%D8%AD%D9%88%D9%84-%D9%82%D9%88%D8%A7%D8%B9%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%88%D8%AA%D9%88%D9%83%D9%88%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D9%88/

- ناردنی پیرۆزبایی: پیرۆزبایی کردنی سەرۆکەکان لەکاتی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا، لە بۆنە نیشتیمانیی و ئاینییەکان و هەندێك جار زەماوەندی بنەماڵەی سەرۆك و پاشاکان.
- ناردنی پرسەنامە:لە کاتی پرسەی نیشتیمانی وڵاتەکاندا، بۆنموونە کۆچی دوایی سەرۆکی وڵات یان کارەساتێکی نیشتیمانیی.
- ناردن و گۆڕینەوەی دیاری: ئەمەش لە چوار چێوەی (موجامەلە) دەکرێت لە بۆنە جیاوازەکاندا دیاری دەگۆڕنەوە.
- داوای لێبوردن: داوای لێبوردن لەکاتی هەڵەیەك لەلایەن وڵاتێکەوە بەرامبەر وڵاتێکی دیکە.([١٨٢])

هەروەها دەکرێت کاری پرۆتۆکۆڵیەکان لە چەند خاڵێکدا دیاری بکەین کە ئەمانەن:

- دانان و ڕێکخستن و ئامادەکردنی بەرنامەی سەردانی شاندە فەرمییەکان بۆ وڵات و بە پێچەوانەشەوە سەردانی شاندی وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە.
- پێشوازی شاندو کەسایەتییە فەرمییەکان.
- پێشوازی باڵیۆزی نوێ و بەڕێکردنی ئەو باڵیۆزەی کۆتایی بە کارەکانی هاتووە.

١٨٢ .كتاب "البروتوكول الدبلوماسى" – د. عالو أبو عامر – دار الشروق،

- سەرپەرشتی ئاهەنگی فەرمی، کە نوێنەرایەتی وڵاتان تیایدا بەشداردەبن.
- ڕێکخستنی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان کە لە وڵاتدا دەبەسرێت.
- دەرچواندنی پاسپۆرتی دیپلۆماسی تایبەت و ڕێگەپێدان و ئاسانکاری بۆ هەڵگرانی ئەو پاسپۆرتە.
- هەرکارێکی دیکەی تایبەت بە پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان([183]).

پرۆتۆکۆڵ کۆمەڵێك بابەت دەگرێتەوە، کە پێویستە لە ڕێوڕەسمە جیاوازەکاندا پەیڕەو بکرێن، دەکرێت دابەشیان بکەین بۆ ئەم چەند بابەتەی خوارەوە:

١. پێشخستن: کێ مافی ئەوەی هەیە لە پێشەوە بێت.
٢. ڕێوڕەسمی خوانی فەرمی
٣. ڕێوڕەسمی کۆنگرە و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان.
٤. ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای نیشتیمانی([184]).

**دووەم: ئەتەکێت و جیاوازی لەگەڵ پرۆتۆکۆڵ**

ئەتەکێت لەڕووی پێناسەوە ، بریتییە لە زانینی ئادابەکانی پێشوازی و تیکەڵاو بوون، هەروەها هونەری ژیانێکی شاهانەییە، ئەتەکێت زانستێکە

---

[183] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، چ١، هەولێر، لاپەڕە ٢٨

[184] الدائرة الاعلامية في مجلس النواب العراقي، ٢٠١٠، ص٤٤

که یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها هونەری مامەڵەی ڕۆژانەیە بە باشترین ڕێگا و جوانترین شێواز.([185])

هەرچی پەیوەست بە وشەکەشە، ئەوا توێژەران لەسەر ڕەچەڵەکی وشەکە کۆک نین، هەندێك دەڵێن وشەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و لە "ستیکۆس"ەوە وەرگیراوە، کە بە واتای سیستەمی چینایەتی یان چینەکانی کۆمەڵگە دێت، هەندێکی دیکەش دەڵێن، نەخێر وشەکە ئەڵمانییەوە و لە "Stechen"ـەوە وەرگیراوە، کە بە واتای چینێکی باڵا دێت، هەروەها بەشێکی دیکەی توێژەران دەڵێن وشەی ئەتەکێت دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی "Ticket"ی فەرەنسی، کە بە واتای تکتی چوونە ناو کۆمەڵگەی راقی دێت، ئەم بۆچوونە نزیکترین بۆچوونە کە لە ڕاستییەوە نزیك بێت، هەروەها لویسی چواردەیەمی فەرەنسا سور بووە لەسەر ئەوەی کە بەبەراورد بە هەموو دیوانەکانی دیکەی ئەوروپا، دیوانی پاشایەتی وڵاتەکەی بکاتە پێشەنگ و نموونە.([186])

هەرچی پەیوەست بەجیاوازییەکانی ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵیشە، ئەوا هەرچەندە نزیکییەکی زۆر لە نێوان ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵدا هەیە، تەنانەت لە چەمك و پێناسەشەوە لە یەك نزیکن، بەڵام ئەگەر زیاتر وردبینەوە، دەبینین کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێتدا هەیە، پرۆتۆکۆڵ کارێکە پەیوەستە بە ڕێکارەکانی ڕێکخستن و ئامادەکاری،

---

[185] صفاء شريم، الإتيكيت فن التعامل مع الآخرين، موضوع، ٢٠٢٠/٦/١٧ https://mawdoo3.com

[186] سەرچاوەی پێشوو

بەڵام ئەتەکێت یان ئادابەکانی سلوك پەیوەستە بە جێبەجێکردن و وردەکارییەکان و چۆنیەتی پابەندبوون پێیانەوە، بۆنموونە لەبەرکردنی پۆشاك ئەوە كارێکی پرۆتۆکۆڵییە، بەڵام وردەکاری زیاتر لەسەر پۆشاکەکە وەك جۆر و ڕەنگ و کوالێتی قوماشەکە پەیوەستە بە ئەتەکێتەوە، هەروەها سازکردنی ئێوارە خوانێك و دیاری کردنی کاتەکەی، کارێکی پرۆتۆکۆڵیە، بەڵام چۆنیەتی بەخێرهێنان و پێشوازی کردن و فشار نەکردن لە دەستەکان لەکاتی تۆقەدا کارێکی ئەتەکێتیە.

کەواتە پەیوەندی نێوان پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت، پەیوەندییەکە لە نێوان گشتی و تایبەت یان کۆ و وردەکاری، بەڵام بێگومان پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت یەکتری تەواو دەکەن، هەردووکیشیان یەك ئامانجیان هەیە کە بریتییە لە " لەیەك تێگەیشتن یان گونجاندن و نیشاندانی ڕێز".

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین، ئەگەر پرۆتۆکۆڵ بریتیبێت لەکۆمەڵێك یاساو ڕێکار بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگ و بۆنە فەرمییەکانی نێوان وڵاتان، ئەوا ئەتەکێت بریتییە لەمامەڵەی جوان کەپەیوەستە بەپەیوەندییەکانی تاکەوە، یان تایبەتەوە([١٨٧]).

---

[١٨٧] قواعد الاتيكيت، الفريق بين الاتيكيت و البروتوكول، موقع البلاغ:٢٠٢٠/٦/٢١
https://www.balagh.com/article/%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%B1%D9%8A%D9%82-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AA%D9%8A%D9%83%D9%8A%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%88%D8%AA%D9%88%D9%83%D9%88%D9%84?fbclid=IwAR0cWzt_lWocm8Zqm4C-U9WaQwphZehw5t4f3aeMRQ0Ua0xFFj1YwDrBQcE

**سێیەم: کێشەی پێشخستن- الأولوية" کێ پێش کێ دەکەوێت؟":**

پێشخستن، بریتییە لەمافی پێشکەوتن لەنێوان کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان لەبواری دیپلۆماسیدا، جائەو کەسایەتییە حکومی بێت یان لەدەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێت، پێشخستن بەپێی یاساو نەریتە نێودەوڵەتییەکان بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێکخراوە:

أ. پێشخستن لەنێوان سەرۆکەکاندا: لێرە بەپێی کێیان زۆرترین ماوە لە فەرمانڕەوایەتیدا بووبێت پێش دەخرێت (جائەگەر پاشا بێت، یان سەرۆك کۆمار).

ب. پێشخستن لە نێو باڵیۆزەکان، بەپێی بەروار و کاتژمێری پێشکەشکردنی نوسراوی دەستبەکاربوون دەبێت(کتاب الاعتماد) بۆ سەرۆکی ئەو وڵاتەی کە ئەوان باڵیۆزن تیایدا، واتە کێ کۆنتر بێت، ئەوە مافی پێشخستنی هەیە.

ت. پێشخستن لە نێو هەموو نوێنەرایەتییە دیپلۆماسیەکاندا، ئەمانیش بە پێی پلە و پێشکەوتنیان لە کارکردن(زوو دەستبەکاربوون) لە کاری دیپلۆماسی دەبێت، هەروەها باڵیۆزی ئەسڵی پێش باڵیۆزی فەخری دەکەوێت، کونسوڵی گشتی پێش کونسوڵەکانی دیکە دەکەوێت، بەشێوەیەکی گشتی کونسوڵی گشتی دوای باڵیۆز دێت، هەروەها لە پارێزگاکانیشدا کونسوڵی گشتی لەلای دەستە ڕاستی پارێزگار

دادەنیشێت، بەرپرسانی دیکەی دەوڵەتیش کە پلەیان نزمترە لەلای دەستی چەپەوە دەبن([188]).

پ. پێشخستن لە نێو ئەندامانی خێزانی پاشا و سەرۆکەکان، بەپێی پلەی نزیکی و خزمایەتییان لەسەرۆکەوە دەبێت، پاشان ئەو شوێنەی کە ئەوانی لێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تەمەنیان.

ج. پێشخستن لە نێوان وەزیرەکانی دەوڵەتاندا، بەپێی ریزبەندی ناویان دەبێت وەك چۆن لە مەرسومی دامەزراندنیاندا هاتووە.

ح. پێشخستن لە نێو سەربازیدا: لە سەربازیدا بەپێی پلەی سەربازییان دەبێت، ئەگەر هاتوو پلەی هاوشێوە هەبوو(دوو کەس پلەیان وەك یەك بوو)، ئەوا سەیری قیدەمیان دەکرێت، هەروەها ئەگەر لەمەشدا وەك یەك بوون، ئەوا لێرەدا تەمەن رۆڵی خۆی دەبینێت([189]).

خ. پێش خستن لەنێو رێکخراوەکان: هەموو کات پێشخستن بۆ رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان دەبێت، چونکە ئەوان سەر بە رێکخراوێکی نێودەوڵەتین و سیفاتیان گشتییە، دوای ئەوانیش رێکخراوە هەرێمییە سیاسی و سەربازییەکان دێن، دواتریش رێکخراوە کارگێڕی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەکەونە بەشی کۆتاییەوە([190]).

---

[188] د. محمد المجذوب، التنظيم الدبلوماسي، منشورات الحلبي الحقوقية، ط١، ٢٠١٢، ص٧٠٣

[189] د. شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية، دار الحكمة، لندن، ط٢، ٢٠١١، ص١٩

[190] الدائرة الاعلامية في مجلس النواب العراقي، مباديء عامة في الدبلوماسية و البروتوكول، ص٤٦

پێشخستن، یان کێ مافی ئەوەی هەیە لە پێشەوە دابنیشێت یـان نـاوی لـە پێشەوە بێت، بەشێکی گرنگی کاری پرۆتۆکۆڵی پێکدەهێنێت، لە سەدەی رابــردوودا پێشخســتن بــووە هــۆی ســەرقاڵکردنی پاشــا و ســەرۆکەکانی ئەوروپا، بەشێوەیەك ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەکرد، تا کار گەیشـتە هەڵگیرسـانی جـەنگ، بـەڵام کـۆنگرەی ڤییـەنا لـە سـاڵی ١٨١٥ و ١٩٦١، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەو کێشەیەی چارەسەرکرد([١٩١]).

[١٩١] سەرچاوەی پێشوو ل٤٥

## باسی سێیەم: ڕۆڵی دیپلۆماسی لە چارەسەرکردنی کێشەکان:

ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە کەڵەکە بوونی کێشەکان، کە لەنێوان دوو وڵاتی دراوسێدا کە ماوەیەکی زۆرە بوونیان هەیە و چارەسەر نەکراوە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی کێشەکان و تەقینەوەیان، بەهۆی بەرژەوەندی ئابوورییەوەیە، کە بەرژەوەندییەکە لەگەڵ ئامانجەکانی وڵاتەکەدا یەکناگرێتەوە، بۆیە کێشە دروست دەبێت، یان لەوانەیە دروستبوونی کێشەکان بەهۆکاری سیاسی بێت، ڕێکنەکەوتنی دوولایەن لەسەر بابەتێکی یاسایی دیاریکراو، دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەو ناکۆکی.

وڵاتانی جیهان تاکو ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن، کێشەکانیان دوور لە هەڵگیرسانی جەنگ چارەسەر بکەن، بەتایبەت ئەم هەوڵە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تەواو هەستی پێدەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش نەتەوە یەکگرتوەکان و چەندین دادگای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دامەزراون، هەروەها چەندین یاسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی و ئاشتی دانراون، بۆنموونە مادەی (٣٣) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دووپاتی دەکاتەوە، کە پێویستە کێشەکان بەڕێگای ئاشتی چارەسەر بکرێن، مادەکە بە دەق دەڵێت:

" پێویسته لەسەر لایەنە ناکۆکەکان کێشەکانیان بە ڕێگای دانوستان، نێوەندگیری، پشتبەستن بە دادگاکان چارەسەر بکەن، چونکە هەر کێشەیەکیان هەبێت، بەردەوام بوون لەسەری، دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئاشتی ، هەروەها ئاسایشی هەردوو وڵات دەخاتە مەترسییەوە".([192])

کاری دیپلۆماسی، تەنها نوێنەرایەتی یان ڕاگەیاندن و پاراستنی بەرژەوەندییەکان نیە، بەڵکو لەگەڵ فراوانبوونی بوارەکانی دیپلۆماسیدا، دیپلۆماسی بۆتە بەستنی ڕێکەوتننامە و چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوەی دوایی" چارەسەرکردنی کێشەکان" ئێستا لە هەموو کات زیاتر ڕۆڵ دەبینێت، چونکە لەگەڵ فراوان بوونی بەرژەوەندییەکان، قەیرانەکانیش زیادیان کردووە و بەرژەوەندییەکان یەك ناگرنەوە، بۆیە کاری دیپلۆماسی بۆتە هۆی دروستبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەسەرکردنی کێشەکان([193]).

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە جەنگی وێرانکەر و بەریەك کەوتنی سەربازی کە لەهەموو ئەو جەنگانەدا توندوتیژیەکی زۆر بەکارهێنراوە، بۆیە لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، کە ئایا ئەم جەنگ و بەریەککەوتنانە واتای شکستی دیپلۆماسی نییە؟

لەڕاستیدا زۆری جەنگ و ناکۆکییەکان واتای شکستی دیپلۆماسی نییە، هێندەی ئەوەی پەیوەندی بە قوڵی و کەڵەکەبوونی کێشەکانەوە هەیە،

---

[192] د. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القديمة و المعاصرة، ط١، ٢٠٠٢م، ص١٢٩

[193] د. محمد المجذوب، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠١٢، ص٤٢

چونکە کاتێك بەرژەوەندییەکان بەریەك دەکەون و نابنە بەرژەوەندی هاوبەش، مرۆڤیش بەسروشتی خۆی حەز بە قازانجی خۆی دەکات، لەم کاتەدا دەیەوێت بە جەنگ هەموو بەرژەوەندییەکان بۆ خۆی بەرێت، بۆیە ئەم بەریەککەوتنانە بوونەتەهۆی ئەوەی کە نەتوانرێت سیستمێك دابنرێت لەم ناکۆکیانە دوورمانبخاتەوە، بەشێوەیەك مرۆڤ لەبەریەککەوتنی چەکداری بپارێزێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندین دانوستانی بەرهەمدار کراوە، کە بۆتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، جا چارەسەری ڕیشەیی بێت یان کاتی، چارەسەرەکان پەیوەستە بە دۆخی ئەو کاتە و کۆمەڵێك ڕەهەندی دیکە، گرنگ ئەوەیە دیپلۆماسی و دانوستان دەتوانێت هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە، بە واتایەکی دیکە دیپلۆماسی بۆتە هۆی دانانی سنورێك بۆ کێشەکان.

هەروەها نیکۆس سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە کتێبی" بەم شێوەیە ئاشتیمان لەدەستدا" باس لە بەریەککەوتنی کێشەکان دەکات، کە ئەو بۆ هۆکاری سەرمایەداری و ئیشتراکی دەگێڕێتەوە، کە بەهۆی ناکۆکی بیر و بۆچوون و فکریانەوە کێشەی گەورەیان دروست کردووە، ئەو دەڵێت:" چ واتایەکی دەبوو، ئەگەر هەر بەڕاستی جەنگی سێیەمی جیهان سەری هەڵبدایە، کە زیانە مرۆییەکان زۆر زیاتر دەبوون لە دوو جەنگەکەی دیکە".

نیکسۆن دەشڵێت:" هەموو ئەو جەنگانە هەر لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە بۆ سەرەتای ساڵی هەشتاکان، بەهۆی ناکۆکی لە نێوان سەرمایەداری و ئیشتراکیدا ڕوویانداوە".

سەرەڕای هەڵگیرسانی ئەو جەنگانە، بەڵام دیپلۆماسی ڕێگای لە چەندین جەنگی سەرتاسەری گرتووە و ئاشتی بۆ جیهان فەراهەم کردووە، وەك قەیرانی گەمارۆی سەر بەرلین لە ساڵی ١٩٤٩ و کێشەی موشەکەکانی کوبا لە ساڵی ١٩٦٠دا.

دیپلۆماسی لە ساڵی ١٩٦٠دا ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاشتی جیهانیدا گێڕا، چونکە لەو کاتەدا تەواوی مرۆڤایەتی لەسەر لێواری جەنگێکی سەرتاسەری بوون، بەڵام دیپلۆماسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا و ئاشتی بەرقەرار کرد، بووە هۆی ڕەوینەی ترسی سۆڤیەت لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر کوبا، هەروەها لەبەرامبەریشدا ترسی ئەمریکییەکان نەما لەو موشەکانەی کە سۆڤیەت لە سەر خاکی کوبا جێگیری کردبوون، لەگەڵ ئەوەی ڕێگری لەم جەنگە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی دیپلۆماسی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەرکردنی کێشەکە کاتی بوو، چونکە ناکۆکییەکی قوڵ لە نێوان ئەو هێزانەدا هەیە، دیپلۆماسی هەر ئەوەندەی پێکرا کە ڕێگری لە جەنگێکیماڵوێرانکەر بگرێت، نەهێشتنی ناکۆکییەکان ، لەوەیە شتێکی دیکە بێت و ڕەهەندێکی فراوانتری هەبێت([١٩٤]).

[١٩٤] د. ضرغام عبدالله الدباغ، قوة العمل الدبلوماسي في السياسة، ط١، بغداد ١٩٨٥، ص٦٩

# بەشی پێنجەم:
# ڕۆڵ و پێگەی کورد لە بواری دیپلۆماسیدا

# بەشی پێنجەم: ڕۆڵ و پێگەی کورد لە بواری دیپلۆماسیدا

بەو پێیەی دیپلۆماسی تایبەتە بە دەوڵەت و کوردستانیش لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و سەردەمی پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتوەکان و فراوانبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکاندا خاوەن دەوڵەتێکی تایبەت و سەروەری خۆی نەبووە، بۆیە بەشێوەیەکی فەرمی کوردستان لەو نێوەندەدا نابینرێت، کوردستان هەتا سەردەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (١٩٩١)ی زاینییەوە لە باشووری کوردستان، خاوەنی پەیوەندی دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی نەبووە، بۆیە بە فەرمیش نوێنەرایەتی لە وڵاتان نەبووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش و بزاڤە کوردییەکان لە ڕابردوودا نوێنەری شۆڕشیان لەدەرەوە هەبووە، بەڵام نوێنەرایەتییەکی فەرمی نەبووە، هەرچەندە لە رووی نەتەوەییەوە ڕەوایەتی هەبووە، بەڵام نوێنەرایەتیەکان نەچوونەتە بابی یاسای نێودەوڵەتییەوە([195]).

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کورد هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە ، بەجۆرێك لە جۆرەکان کاری دیپلۆماسی پەیڕەو کردووە، بۆیە ئێمە لێرەدا بە پێی ئەو سەرچاوە مێژوویی و ئەکادیمییانەی لەبەردەستماندایە باسێك لە مێژووی دیپلۆماسی لای کورد دەکەین و پاشان ئاماژە بەتایبەتمەندیی دیپلۆماسی لای کورد دەکەین، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی کورد چۆن دەبێت لەم سەردەمی بێ دەوڵەتیەدا کاری دیپلۆماسی بکات.

[195] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، چ١، هەولێر، لاپەڕە ٣٢

## باسی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی دیپلۆماسی لای کورد:

١. پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمی میرنشین و شۆڕشە کوردییەکان
٢. جەنگی جیهانی یەکەم تا کۆماری کوردستان
٣. کۆماری کوردستان تا هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ
٤. شۆڕشی نوێ تا ڕاپەڕین
٥. ڕاپەڕین تاوەکو ئێستا

**١. پەیوەندی دیپلۆماسی لەسەردەمی میرنشینەکان:**

کورد لە سەردەمی ئایینی ئیسلامیشدا لە خاکی کوردستاندا چەند دەوڵەتێکی جیاوازی دامەزراندووە، بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە ، ئەوان دەوڵەتی هەرێمی بوون و لە ژێر سەرۆکایەتیی هەندێك خێزاندا بوون، بەداخەوە کورد لەو کاتەدا نەیتوانی لە سەرانسەری کوردستاندا دەوڵەتێکی مەزن و ناوەندی دامەزرێنێت، هەر لەبەر ئەوەش بوو چەند دەوڵەتێکی هەرێمی دامەزرا، بۆنموونە لە باشووری کوردستاندا، لە شاری "جیبەل" خانەدانێکی کورد بە ناوی "حەسنەوی"یەوە، هێزی خۆی ڕێکخست و لە ساڵی٩٤١ی زاینیدا سەربەخۆیی خۆی ئاشکراکرد، بەرەبەرە سوپا و دەوڵەتی پێشخست ([١٩٦]).

---

[١٩٦] میرنشینە کوردیەکان،موقع ویکبیدیا، ٢٠٢٠/٧/١٧

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D9%85%DB%8C%D8%B1%D9%86%D8%B4%DB%8C%D9%86%DB%95_%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%DB%8C%DB%8C%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86

لەبەرئـەوەی نـاوخۆیی بـوون، پەیوەنـدی دیپلۆماسیشـیان هـەر نـاوخۆیی بـووە، واتـە پەیوەنـدییان تـەنها لەگـەڵ میرنشـینەکانی دیکـە و دەوڵـەتی قاجـاری ئێـران و عوسمـانیی تورکیـدا هـەبووە، زۆرجـاریش سـودیان لـە نـــاکۆکی نێـــوان قاجـــاری و عوسمانیـــەکان وەرگرتـــووە، بۆنموونـــە عەبدولڕەحمان پاشای بابان، کە لە ساڵی (١٧٨٩)دا بووە بە میری بابان، بە میرێکی ئازا و بە توانا دادەنرێت، توانیویـەتی سود لـە نـاکۆکی نێـوان دەسەڵاتی قاجاری و عوسمانییەکان وەربگرێـت و بـۆ پتـەوکردنی پێگـەی میرنشینکەی بەکاریبهێنێـتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانیش ویسـتویانە بەکاریبهێن، گرنگترین کـاری دیپلۆماسـی ئـەم مـیرە ئـەوەبووە، کـە دوای دوورخستنەوەی لە میرایەتی بابان، توانیویەتی دەسەڵاتی قاجـاری ئێـران ڕازی بکات، کە یارمەتی بدەن و بیکەنەوە بە میری بابان ، بۆیە لە ساڵانی ١٨٠٦ تاوەکو کاتی مردنیش لە ساڵی ١٨١٣دا هەر بە میری مایەوە.([١٩٧])
هەروەها میرە کوردەکان هەوڵیانداوە، لە ڕێگـای دانوسـتان و گفتوگـۆوە، لەیەکتێگەیشـتن لـە نێـوان خـودی کـورددا بێتەکایـەوە، بۆنموونـە مـیر بەدرخان، میری بۆتانیەکان لە نێوان سـاڵانی (١٨٢١-١٨٤٧) توانیویـەتی هاوپەیمانێتییـەك لـەنێوان سـەرۆك هـۆز و خێڵـە کوردەکـان لـە پێنـاو پتـەوکردنی گیـانی کوردایـەتی و زاڵبـوون بەسـەر دەمـارگیری هۆزایەتیـدا

[١٩٧] م. لوقمان عبدالله محمد، پوختەیەک لە مێژووی گرنگترین میرنشینە کوردییەکان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەدا

دروستبكات([198])، هەمووان دەزانین كە دروستكردنی هاوپەیمانێتی لە هەموو سەردەمەكان پێویستی بە دانوستان و گفتوگۆ هەیە، هەروەها بۆ كۆكردنەوەی هێزە دژی هێزی بەرامبەر، كە بێگومان ئەم كارەش دەچێتە بواری دیپلۆماسییەوە.

تایبەتمەندییەكی دیكەی دیپلۆماسی لەسەردەمی میرنشینەكان، ئەوەیە میرەكان لەگەڵ خێڵە كوردییەكان دانیشتوون و داوای هاوكارییان لێكردوون بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێز بكەن، بۆنموونە محەمەدی كوڕی شەدادی كوردی لە ساڵی (٣٤٠ك/٩٥١ز)بە سود وەرگرتن لە هەستی دەمارگیری كوردەكان لە ناوچەی ئاران، بەهاوكاری خێڵەكی توانی پەرە بەدەسەڵاتی بدات و میرنشینی شەدادی دابمەزرێنێت([199]).

هەروەها سەركردە كوردییەكان، ئەوانەی ویستی سەربەخۆییان هەبووە، هەوڵ و تەقەلایەكی زۆریان داوە، كە كۆنگرەی كوردی ببەستن و كورد لە یەك بەرەدا كۆبكەنەوە، بۆنموونە شێخ عەبدوڵڵای نەهری خولیایەكی زۆری بۆ یەككگرتنەوەی كورد و جاڕدانی سەربەخۆیی كوردستان هەبووە، بۆیە لە ئەیلولی ساڵی (١٨٨٠ز)دا كۆنگرەی سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد لە شەمدینان بەڕێوەچوو، شێخ لەو كۆنگرەیەدا ڕاز و نیازی خۆی بۆ

[198] سەرچاوەی پێشوو

[199] كامەران عزیز عبدالله، سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینە كوردییەكان لەسەردەمی عەباسیدا، ٢٠١٢، ل٧٤

سـەرۆك عەشـیرەتەكان دركانـد و پشـتیوانی ئـەوانی بەدەسـتهێنا([200])، بێگومان بەستنی كۆنگرە بـە كـارێكی سـەرەكی دیپلۆماسـی دادەنرێـت، شێخ عەبدوڵڵاش باش لـە كاریگـەری كۆبوونـەوەكان تێگەیشـتبوو، بۆیـە هەنگاوی گەورەتری ناوە، پەیوەندییە دیپلۆماسییەكانی فـراوان كـردووە، بۆ نموونە لەگەڵ كونسـوڵەكانی ڕوس چـەندینجار كۆبوونـەوەی كـردووە و ڕازو نیازی خۆی لەلایەن دركاندووە، چونكە زانیویەتی كـە ڕوسـەكان دژی دەوڵـەتی عوسمانییـەكانن، بـەڵام بـە پێچـەوانەوە شـێخ حـەزی بـە ئینگلیزەكان نەكردووە، گومانی لە بوونی نوێنەر و كونسوڵەكانی بەریتانیا دەكرد، كە دەهاتن بۆ سـەردانی زۆر بـە وردی و ژیرانـە وەڵامـی پرسـیارە وروژێنەرەكانی دەدانەوە، چونكە دركی بەوە كردبوو، بەریتانیا پشتیوانی ڕاستەقینەی دەوڵەتی عوسمانییە([201]).

لە دەرئەنجامی خوێندنەوەی مێژووی میرنشـینەكان و شۆڕشـەكانی كـورد پێش جەنگی جیهـانی یەكـەم، دەگەینـە ئـەو ڕاسـتیەی كـە دیپلۆماسـی و پەیوەندی لای میرەكان، پەیوەندییەكی ناوخۆیی بووە، زیاتر لەگەڵ خێڵە كوردیەكان بووە، كە دانیشتنیان لەگەڵ كردوون بۆ ئەوەی پشتیوانیان بن و پاڵپشتی دەسەڵاتەكانیان بكـەن، یـان لەگـەڵ قاجـاری و عوسمانیـەكان هـەوڵی ئەوەیانـداوە، سـود لـە ناكۆكییـەكانیان وەربگـرن و لـە

[200] م. لوقمان عبدالله محمد، پوختەیەک لە مێژووی گرنگترین میرنشینە کوردییەکان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەدا

[201] سەرچاوەی پێشوو

چاوپێکەوتنەکانیاندا بۆ سودی خۆیان بەکاریان بهێنن، هەروەك چۆن ئەوانیش بەکاریان هێناون، یان شۆڕشگێڕێکی وەك شێخ عەبدوڵڵای نەهری کۆنگرەی بۆ کورد بەستووە و لەگەڵ کونسولگەری ڕوسەکان دانیشتووە و هاوکاری ئەوانی بەدەست هێناوە.

**٢. پەیوەندی دیپلۆماسی کورد لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاوەکو دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

بەو پێیەی لەم قۆناغەدا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری لە ڕووی یاساییەوە لە کوردستان بوونی نەبووە، ئەوەی هەبووە بە زۆری لەسەر ئاستی تاکە کەسی و ناردنی نامە و پەیام بۆ کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانی ئەو سەردەمە بووە ، جگە لە ژەنراڵ شەریف پاشا کە زیاتر ڕەوشێکی دیپلۆماسیانەی هەبوو، بەهۆی ئەو توانا و لێهاتوییەی کە خودی شەریف پاشا لە بواری دیپلۆماسیدا هەیبوو. وەك ئاماژەمان پێکرد لەو قۆناغەدا کوردستان خاوەنی دەوڵەت نەبووە، بەڵام دەسەڵاتێکی کاتی هەبووە، کە لەلایەن شێخ مەحمودی حەفیدەوە (١٨٨١-١٩٥٦)دەسەڵاتی میری خۆی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا ڕادەگەیەنێت و پاشان لە ٢١ی مایسی ١٩٢١دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی ئاشکرا دەکات([٢٠٢]).

لەم قۆناغەدا دەکرێت ئاماژە بە نامەیەکی حەپسەخانی نەقیب (١٨٩١-١٩٥٣) بکەین، کە لە ساڵی ١٩٣٠دا نامەیەکی مێژوویی و سیاسی

---

[٢٠٢] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، هەولێر٢٠١٢، ل٣٣

ئاڕاستەی ڕێکخراوی کۆمەڵـەی نەتـەوەکان لـە شـاری ژنێـف —ی سویسـرا کرد و داوای مافی چارەی خۆنوسـینی بـۆ گـەلی کوردسـتان کـرد لـە چـوار چێوەی خاکی کوردستاندا، هەروەها لە کۆنگرەی ئاشتی پـاریس(٢٢–٣–١٩١٩) کە تیایدا چارەنوسی گەلان دیاری کرا، کوردیش بە گوێرەی خـۆی هـــەوڵی دیپلۆماســـی داوە، نوێنـــەری خـــۆی (ژەنـــراڵ شـــەریف پاشـــای خەنـــدان)ی وەك ســـەرۆکی شـــاندی کـــوردان لـــەو کۆنگرەیـــە دیـــاری کردووە([٢٠٣]).

شەریف پاشای خەندان(١٨٦٥–١٩٤٥)، یەکەم سەرکردە و سیاسـەتکاری کـوردە کـە بانگەشـەی دروسـتکردنی دەوڵـەتی کـوردی کـردووە و لـەو پێناوەشدا ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا تێکۆشاوە.

سەرەتا وەك ڕیفۆرمخوازێك لە ناو دەوڵەتی عوسمانی دا کـاری کـردووە و پشـتیوانی جەمعیـەتی ئیتیحـاد و تـەرەقیی کـردووە، بـەڵام کاتێـك ڕووی ڕاسـتەقینەی ئـەوانی بـۆ دەرکـەوتووە بەرامبـەر کـورد، وازی لـە بـیری چاکسازیی لە نێو دەوڵەتی عوسمانی هێناوە و ڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی تێکۆشاوە، ساڵی(١٨٩٨) دەکرێتـە بـاڵیۆزی دەوڵـەتی عوسمانیی لـە سـوید و مـاوەی دە سـاڵ لـەو پۆسـتەدا بەپلـەی (بـاڵوێزی فەوقولعادە) لە ستۆکهۆڵم ماوەتەوە، لەوێ دەبێتـە دۆسـتی شـای سـوید،

[٢٠٣] سەرچاوەی پێشوو ل٣٤٧

هەر لە سویدیش فێری زمانی سویدی و ئینگلیزی دەبێت و هەر لـەوێ دوو خەڵاتی شاهانەی (نیشانەی شمشێر و ئەستێرەی باکوور) وەردەگرێت.

شەریف پاشا، لەو ساڵانەی لە پـاریس دەژی، هەوڵـدەدات پەیوەندییـەکی فـراوان لەگـەڵ سیاسـەتکار و ناوەنـدە جیهانییـەکانی ئـەو سـەردەمە دابمەزرێنێ و لە دۆزی کورد ئاگاداریان بکاتـەوە. سـەرەتا هەوڵـدەدات لـە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمـانیی دا مافـەکانی کـورد بەدەسـتبهێنێ و بـۆ ئـەو پرسـە تێدەکۆشـێت. لـە سـەرەتاکانی دەسـتپێکی یەکـەم جـەنگی جیهـانیی لـە(١٩١٤)دا، شـەریف پاشـا، هەوڵـدەدات پەیوەنـدەی لەگـەڵ دەوڵەتی بەریتانیا ببەستێ ، لە بارودۆخ و خواسـتەکانی کـورد ئاگاداریـان بکاتەوە، نامە دەنێرێ بۆ وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا و پێیـان دەڵـێ: کورد هاوکاری هاوپەیمانەکان دەکـات، بەمـەرجێك شـتێك بـۆ کـورد دابـین بکەن، ئەم نامەیە یەکەم کـاری دیپلۆماسـی نەتـەوەیی بـووە، کـە جیـاواز بووە لە کارەکانی پێشووی ژەنەڕاڵ، کە زیاتر مەیلی بـەلای چاکسـازیی و مافی کورد، لە نێو دەوڵەتی عوسمانیی دا دەچوو([٢٠٤]).

هـەروەها سـەدەی بیسـت، سـەدەی گرنگیـدان بـە دیپلۆماسـی میللـی دەوڵەتان بە نەتەوەی کورد بوو، یەکەم ئاوڕدانەوەی زلهێزەکان بـۆ کـورد لەسـەرەتای سـەدەی بیسـت دەسـت پێـدەکات، بەتایبـەت لەگـەڵ هـاتنی

٢٠٤ شەریف پاشای خەندان یەکەم ئەندازیاری دەوڵەتی کوردی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، http://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=4867&type=farhang&fbclid=IwAR0liFXbrBtCOL0EXZWi4BjWjPfXYuOMo3_2IZQ0RQcBMtQPFBrva6zQCno

داگیرکاری بەریتانی و فەرەنسی بۆ ناوچە کوردییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەدەی بیست هەروەك چۆن سەدەی هاتنی هێزی داگیرکاری و بەریتانی و فەرەنسی بۆ خۆهەڵاتی ناوەڕاست و سەدەی جەنگە جیهانیەکان و جەنگە ساردەکان بووە، ئاوهاش سەدەی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی دیپلۆماسی میللی بووە، بەو پێیەی ئەم جۆرەی دیپلۆماسی وەك فۆڕمێکی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دەردەکەوێت، ولاتە زلهێزەکانی بەریتانیا و فەرەنساو سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەشێوەیەك لە شێوەکان پەنایان بردۆتە بەر ئەو جۆرە دیپلۆماسیە و هەوڵی ڕاکێشانی نەتەوەکانی جیهانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە، لەناویشیدا کورد بەشێك بووە لەو نەتەوانە، کە زلهێزەکان هەوڵی ڕاکێشانی سۆزیان داوە، بۆ نموونە بەریتانیا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی " تێگەیشتنی ڕاستی ١٩١٨-١٩١٩" کە دوو هەفتە جارێك بە زمانی کوردی دەردەچوو بارەگاکەی لە بەغداد بوو، زیاتر ئاڕاستەی باشوری کوردستان دەکرا، بابەتەکانی تایبەت بوو بە پڕوپاگەندە بۆ بەریتانیا و دژایەتی نەیارەکانی بەریتانیا، ئەمەش بە یەکەم چالاکی دیپلۆماسی میللی زلهێزەکان بۆ کورد دادەنرێت([٢٠٥]).

هەروەها کوردیش لە بەرامبەردا توانیویەتی پەیوەندیەکی دیپلۆماسی بەهێز لەگەڵ زلهێزەکان دروست بکات، بۆنموونە د. کامەران بەدرخان کە

[٢٠٥] پ.ی.د. ئیبراهیم سەعید، زنجیرە بڵاو کراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە و لە ململانێی و قەیرانەکان، ٢٠١٨، ز٦

ئـــەو کـــات لـــە بـــەیروت و دیمەشـــق ژیـــاوە، ئـــەو دەمـــە توانیویـــەتی پەیوەندییـەکی بـەهێز لەگـەڵ فەرەنسـیەکان دروسـت بکـات و لـەڕێگای مەندوبی سامی فەرەنساوە لە سوریا لە سـاڵی (١٩٤٠)دا یاداشـتنامەیەکی ئاڕاستەی حکومەتی فەرەنسا کردووە، کە تیایـدا باسـی لـە هەڵمەتـەکانی سۆڤیەت کردووە، کەلەوکاتـەدا لەناوچـە کوردییـەکان پـەیڕەوی کـردووە، حکومەتی فەرەنسای ئاگادار کردۆتەوە کـە دەبێـت ئـەوانیش شـوێن پێـی خۆیان لەوناوچانە فراوان بکەن([٢٠٦])

**٣. پەیوەندی دیپلۆماسی کورد لە کۆماری کوردستانەوە تا هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ:**

کۆماری کوردستان لـە مهابـاد لـە ڕۆژی ٢٢ی یەنایـەری ١٩٤٥ی زایـنی لـە شاری مهاباد بە سەرۆکایەتی قازی محمد دامەزرا، ئەم کۆمارە هەرچـەندە تەمـەنی تـەنها یـازدە مـانگ بـوو، بـەڵام تـوانی کۆمـەڵێك کـاری گـرنگ و مەدەنی بۆ کورد بکات و مێژوویەك بۆ کوردستان بنوسـێتەوە، هەرچـەندە کۆمەڵێك کەموکورتیشی هەبوو، لە ڕووی ڕۆڵ پێدان بە سـەرۆك خێڵـەکان، کە لەژێرەوە لەگەڵ ناوەندە هەواڵگرییەکان کاریان دەکرد، هەروەها ڕۆڵی زۆریش بە خانەوادەی پێشەوا قازی درابوو.

باسی ئێمە لەسەر دیپلۆماسـی کۆمـاری کوردسـتانە تـاوەکو هەڵگیرسـانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان،

---

[٢٠٦] سەرچاوەی پێشوو

کۆماری کوردستان بەهۆی کەمی تەمەنیەوە نەیتوانیوە پەیوەندییەکی دیپلۆماسی فراوان لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان ساز بکات، تەنها پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ سۆڤیەت هەبوو، کە ئەمەش دەتوانرێت بە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی کۆماری کوردستان سەیر بکرێت، چونکە سۆڤیەت ئەگەرچی هەڵگری بیری کۆمۆنیستی بوو، بەڵام زیاتر لە دووی بەرژەوەندییەکانی خۆی وێڵ بوو، ئەم وێڵ بوونەشی لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا کەمتر نەبوو، هەر بۆیە کاتێك سوپای سور لە باکوری ئێران پاشەکشە دەکات، کۆماری کوردستان بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە([207])، هەروەها لەو کاتەشدا هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی لەگەڵ زلهێزانی ناوچەکە نەبوو، وەك فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکا، بۆیە ئەم هێزانە پابەندیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران ڕاگەیاند و هاوکاری کۆمارەکەیان نەکرد.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆماری کوردستان بەردەوام هەوڵی دانوستانی داوە و بڕوای تەواوی بە کاری دیپلۆماسی هەبووە، بۆیە سەدری قازی( برای قازی محمد) لە دەورەی چواردەی گۆنگرەی شورادا، بەنوێنەری مەهاباد هەڵبژێردراوە، لەسەردەمی جوڵانەوەی دیموکراتی کوردستاندا، لەتاران نوێنەری کۆنگرەی شورای میللی بووە، هەروەها سەرپەرشتی دانوستان و گفتوگۆکانی لە تاران کردووە، ئەوە بوو ڕۆژی ٣ی ٢ی٢٥ دا نوێنەرایەتی

[207] کۆکردنەوە و ئامادەکردنی رەحمان نەقشی، کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، ٢٠١٦، ل٢٩٦

هەردوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە تەورێز " پـەیمانی یـەکێتی و برایـەتی"یان ئیمـزا کـرد، هـەروەها ڕۆژی ٨ی٢ دەسـتەی نوێنەرایـەتی تێکـەڵاوی ئازەربایجـان و کوردسـتان بـە سـەرۆکایەتی پێشـەوە چـوو بـۆ گفتوگۆ بـۆ تـاران، محمـد حسـێن خـانی سـەیفی قـازی، وەزیـری جـەنگی حکومەتی کوردستان و ئـەبولقاسمی سـەدری قـازی، نوێنـەری مهابـاد لـە خولی ١٤ هەمی مەجلیسی شوردا ئەندامی هەیئەتەکە بـوون، لـەو کاتـەدا کە نوێنەرانی حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان لـە تـاران سـەرقاڵی گفتوگۆ بـون هێزەکـانی ئێـران لـە سـەقز خـەریکی بـەهێز کردنـی بنکـە و سەربازگەکانیان بون([٢٠٨]).

هەروەها لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول بـە سـەرکردایەتی مسـتەفا بـارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) چالاکی دیپلۆماسی بەشـێوەیەکی فـەرمی نـەبوو، ئـەوەی هەبوو لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی خودی مستەفا بارزانی یاخود شۆڕشـی ئەیلولدا بوو، لە وڵاتانیش بـە گـوێرەی بـارودۆخی ئـەو سـەردەمە مامەڵـە لەگـەڵ نوێنـەرە کوردەکـان کـراوە، هەنـدێك جـار بـووە کـە نوێنـەرانی شۆڕشـەکانی کوردسـتان لـە چـایخانەیەك یـان قاوەخانەیـەك لەلایـەن کارمەندێکی بچووکەوە پێشوازیان لێکراوە.

بە گشتی دەکرێ لەم قۆناغەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك بکرێت لە پەیوەندی دیپلۆماسی کوردو دەرەوە:

---

[٢٠٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، سلێمانی، چ٣، ٢٠٠٦، ل١٩٠

أ. بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێران، سۆڤیەت، ئەمریکا ، ئیسرائیل.

ب. بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و چەند ڕێکخراوێکی دیکەی نێودەوڵەتی([209]).

لەو قۆناغەدا بەشێوەیەکی گشتی کوردستان لەلای جیهان ناوێکی ناسراو نەبوو، بەڕێز( مام جەلال) سکرتێری پێشووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سەرۆك کۆماری پێشووتری عیراق لە بارەی نەناسراوی کوردستانەوە دەڵێت:" یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٥ کە چوومە دەرەوەی عیراق چووینە ڤیستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی دیموکراتی دونیا لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا، کە چووین لە بیرمە چاومان بە وەفدێکی وڵاتێکی گەورە کەوت، دەمانویست باسی کوردستانی بۆ بکەین... دەمانگوت ئێمە لە کوردستانەوە هاتووین، گوتی: پاکستان.. گوتمان نەخێر کوردستان گوتی: جارێکی دیکەش بیڵێرەوە، گوتمان کوردستان... چەندین (ستان)ی گوت، ئاخیرەکەی هاتە سەر ئەوەی گوتی کوردستان چیە؟ ئێمەش زۆر بۆمان باس کرد و ناچار نەخشەمان دەرهێنا و تێمانگەیاندن"([210]).

[209] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، هەولێر٢٠١٢، لا٣٥

[210] هاوار مستەفا خان، مام جەلال: چەپکە گوڵم پێ جوانترە لە تاقە گوڵ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، چ٣، ٢٠١٨، لا٨٦

**٤. پەیوەندی دیپلۆماسی کورد لە شۆڕشی نوێوە تا ڕاپەرین:**

دوا بەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ لە ساڵی ١٩٧٦دا هەرچەندە لەو سەردەمەدا کورد پچڕ پچڕی زۆری تێکەوت، بەڵام دیسان گرنگیی زۆری بە ئیش و کاری دیپلۆماسی لە ناوە و یان لە دەرەوە داوە، لەناوەوە زۆر جار خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ حکومەت، لە دەرەوەش هەمیشە خەریکی پەیدا کردنی دۆست و پشتیوان بوو بۆ جوڵانەوەکەی، بەڵام دیسان دەتوانین بڵێین ئەو کاتیش دیپلۆماسی کوردی قاڵبی دامەزراوەی ڕەسمی بەخۆیەوە نەگرتبوو، چونکە کورد لە شۆڕشدا بوو لەناوەندی نێودەوڵەتیدا دانی پێدانەنرابوو، نوێنەرەکانی هەل و بواری کارکردنیان بە تەواوی بۆ نەڕەخسابوو، مەسەلەی کورد وەك ئەمڕۆکە نەبوبوە مەسەلەیەکی سیاسی گرنگ بۆ وڵاتانی خاوەن بڕیار([٢١١]).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانوستانی ناوخۆیی و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی تایبەتمەندییەکی گرنگی دیپلۆماسی ئەم سەردەمەن، بۆنموونە لە دانوستانی ناوخۆیدا دەتوانین باس لە دانوستانی نێوان حکومەتی عێراق و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بکەین، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دا بەدیاری کراوی لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵەدا دانوستانی نهێنی دەستی پێکرد و ئەنجامێکی باشی هەبوو، هەرچەندە ئەنجامە ئەرێنیەکانی کاتی بوون.

---

[٢١١] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، ٢٠٠٤، چ١، ٢٠٠٤، ل١١٤

**دەربارەی ئەو دانوستانە سەرۆك (مام جەلال) سكرتێری پێشووی یەكێتیی نیشتیمانی كوردستان دەڵێت:"دوای چەند كۆبوونەوەیەك، چاو پێكەوتنێكمان لەگەڵ سەدام دانا كە دكتۆر قاسملۆش ئامادەبوو، بەخێرهاتنی گەرمی كردین و گوتی من خۆشحاڵم هەموو پرۆتۆكۆڵی كۆبوونەوەكانم خوێندۆتەوە هەموو قسەكان بە نیشانەی جدی دەزانم، هەتا شەڕەكەی كاكە جەلال و تاریقیشم پێخۆشە([212])، .....مەرج بێت شتێكت بەرامبەر بەوە بدەمێ كە سەرت نەك تەنها بەرامبەر بە كوردی عیراق بەرزبكاتەوە، بەڵكو سەرت بەرامبەر بە هەموو كوردی توركیا و ئێران و سوریا بەرز بكاتەوە"([213]).**

**هەروەها لەو كاتەدا خودی سەرۆك ( مام جەلال) پەیوەندیەكی فراوانی لەگەڵ حكومەتی ئەو كاتی سوریا و موعەمەر قەزافی سەرۆكی لیبیادا**

---

[212] شەڕێک لەکاتی گفتوگۆکان، لە نێوان مام جەلال و تاریق عەزیزدا ڕوویداوە، کە تاریق عەزیز وتویەتی دوای ڕێکەوتن هەرکەس پەیوەندی بە قەزافیەوە بکات، وای لێدەکەین!، لە بەرامبەردا مام جەلال بەو قسەیە زۆر تورە دەبێت شتەکانی بەردەمی کۆدەکاتەوە و عەینەکەکەی لەچاو دەکات و لەسەر کورسیەکەی هەڵدەستێت و دەڵێت" ئەوا من قسە لەگەڵ تۆ ناکەم"، ئەویش گوتویەتی بۆ؟ مام جەلالیش وتویەتی ئێمە بەندی شەڕین یان وەفدین هاتووین بۆ گفتوگۆ، ئێمە ئەو لەهجە ڕەت دەکەینەوە، تاریق عەزیش وتویەتی برام گاڵتەم کرد، مام جەلالیش وتویەتی ئەوە گاڵتە نیە و ئەسڵەن لەگەڵ تۆ هەر دانانیشم و قسەش ناکەم، تاریق عەزیزیش وتویەتی، داوای لێبوردن دەکەم، قسەکانم سەحب دەکەمەوە، داوا دەکەم قسەکانم لە مەحزەری کۆبونەوەکە بسڕدرێتەوە، مام جەلال وتویەتی هیچیانم قبوڵ نیە، تاریق عەزیزیش وتویەتی، باشە چیتان دەوێت؟ دەڵێم قسە سەحب دەکەمەوە، داوای لێبوردن دەکەم، من بەراستم نەبووە، تۆ هەزار جار دەڵێیت (بەعسی فاشی)و حکومەتی دیکتاتۆری، کەچی ئێمە عاجز نابین، دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر داوای وەفدی یاوەری مام جەلال داوای لێبوردنەکە قبوڵ دەکات، بڕوانەلاپەڕە ١٥٦ی دیداری تەمەن بەشی دووەم.

[213] سەلاح رشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم ، لا١٥٧

هەبووە، کە لە ڕێگـای دیپلۆماسـیەوە زۆر شـتی لێوەرگرتـوون و بوونەتـە هۆی پتەبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

### ٥. پەیوەندی دیپلۆماسی کورد لە ڕاپەڕینەوە تا ئێستا

دوای ڕاپــەڕینی کۆمــەڵانی خــەڵکی باشــوری کوردســتان و دامەزرانــدنی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان لــە ســاڵی ١٩٩٢دا ، گـەورەترین ڕووداوی مێژوویی بۆ گـەلی کـورد هاتـە کایـەوە، چـونکە دوای ئـەم ڕووداوە کـاری دیپلۆماسی لای کورد گۆڕانکاریەکی جۆری بەسـەردا هـات، کرانەوەیـەکی گەورە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد ، نوێنەرانی ئـەوروپا و ئـەمریکا و ڕوسیا ڕوویان لـە هـەرێم کـرد، هـەرێم بـووە وڵاتێکـی نیمچـە سـەربەخۆ و پەیوەنــدی دەرەکــی بەشــێوەیەکی فــەرمی دامەزرانــد، هەرچــەندە پەیوەندییەکان تا ئەو کاتەش هەر نوێنەرایەتی پارتەکان بوون، بـەڵام بـە ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا و چەسپاندنی فیدراڵی بـۆ هـەرێمی کوردستان، کوردستان بووە هەرێمی دانپێنـراوی نێودەوڵـەتی، حکومـەتی هــەرێمیش یــەکی گرتــەوە و فەرمانگــەی پەیوەندییــەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٩دا دامەزرا، فەرمانگەکە سەر بەئەنجومـەنی وەزیرانە وکارمەنـدێك بـە پلـەی وەزیـر سەرپـەرشـتی دەکـات، دوای ئەمـە نوێنەرایــەتی وڵاتــانی جیهــان لــە هــەرێم کرانــەوە، بــە پێچەوانەشــەوە نوێنەرایەتی هەرێم لە دەرەوە کرانەوە، کە بەرگێکی فەرمیان هەیە([214]).

---

[214] هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، هەولێر٢٠١٢، ل٣٧

ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا سی و سێ کونسولگەری و نوسینگەی باڵیۆزخانە و نوسینگەی نوێنەرایەتی هەیە، لە بەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان چواردە نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دەرەوە هەیە([215]).

[215] سایتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان٢٠٢٠/٨/٢٣
https://dfr.gov.krd/p/p.aspx?p=83&l=13&s=030200&r=391

## باسی دووەم: کورد و سود لە کاری دیپلۆماسی :

کورد بە درێژایی مێـژوو کێشـەی ئـەوەی هـەبووە، کـە لـە ڕێکەوتننامـە و کـۆنگرە نێودەوڵەتیـەکان نوێنـەری ڕاسـتەقینەی خـۆی نـەبووە، بۆیـە هەمیشە ئەنجامی کۆبوونەوە و ڕێکەوتنەکان بە زیانی کـورد شـکاوەتەوە، بـەڵام ئێسـتا لـە باشـوری کوردسـتان دۆخێکـی جیـاواز هەیـە، کـە کـورد دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ڕەخسـاوە تـا سـود لـە دیپلۆماسـی وەربگرێـت و دیدو بۆچوونی خـۆی بـە زلهێزانـی جیهـان بڵێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش وا پێویست دەکات بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان هەرێمی کوردسـتان و ئـەو وڵاتانە بدۆزرێتەوە، چـونکە پەیوەنـدی دیپلۆماسـی یـەکێك لـە کارەکـانی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی هاوبـەش و گـەڕان بـە دوای بەرژەوەندیدایـە، هەروەها گرنگە کورد سود لە دۆستەکانی وەربگرێت، بەتایبەت لە وڵاتـانی ئـەوروپا کـە ئێسـتا بـەهۆی هەنـدێك ڕووداوی مێژووییـەوە، ئەوروپیـەکان ڕقیان لە عەرەب و تورکە، لەبەرامبەریشدا سۆزێکی زۆریان بۆ کورد هەیـە و نوسەران و بیرمەندانی ئـەو وڵاتانـە دیدوبۆچـونی باشـیان لەسـەر کـورد هەیە و لە نوسین و بڵاو کراوەکانیاندا ئاماژەی پێدەکەن.

گرنگە نوێنەرانی کورد لە حکومەتی ناوەندی لە بەرزترین باڵاوە تـا بـاڵیۆز و نێـردراوە دیپلۆماسیەکان، بـە وریایـەکی زۆرەوە مامەڵـە بکـەن و دۆزی

کورد به زیرەکانە تێکەڵ بـە کارەکانیـان بکـەن و ببنـە نوێنـەر و بـاڵیۆزی کورد.

ئەوەی لـە ڕابـردوو نـەیارمان بـوون، ئێسـتا دۆسـتمانن، وەك فەرەنسـی و بەریتانی و ئەڵمانی و ئەمریکیەکان، گرنگە وەبـەرهێنان لـەو دۆسـتایەتیدا بکـــەین، پەیوەندییـــەکی فـــراوان لەگـــەڵ ئـــەو وڵاتانـــە دابمـــەزرێنین و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانماندا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێـت لـە دۆخـە نەخوازراوەکان، بۆ بەرگری لـە بەرژەوەندییـەکانیان بـەرگری لـە هـەرێمی کوردستان و گەلەکەشی بکەن.

پێویستە کورد چەکی دپیلۆماسـی بکاتـە کاریگـەرترین چـەکی هاوچـەرخ، چونکە لە ڕابردوودا نەبوونی ئەو چەکە بۆتە مایەی زیانگەیاندن بە کورد و نەگەیشتن بە خەونەکانی یان لەناوچوونی خەونەکانی دوای گەیشتن پێی.

# بەشی شەشەم:
# کۆتایی و پچرانی پەیوەندی دیپلۆماسی

# بەشی شەشەم: کۆتـایی و پچرانی پەیوەندی دیپلۆماسی:

## باسی یەکەم: کۆتـایی کاری دیپلۆماسی:

نێردراوی دیپلۆماسی وەك دیپلۆماتکاری وڵاتەکـەی کۆتـایی بـە کارەکـانی دەهێنرێت، لەبەر یەك لەم هۆکارانە:

١. بانگهێشـتکردنی لەلایـەن وڵاتەکـەی خۆیـەوە، لـەو کاتــەدا ســەرۆکی نێردراوانی دیپلۆماسی، سەرۆکی ئەو دەوڵەتەی ئـەو تیایـدا دیپلۆماتکـارە ئاگادار دەکاتەوە یان وەزیـری دەرەوە، بـۆ ئـەوەی ماڵئاواییـان لێبکـات، بەڵام ئەگەر بانگهێشتکردنەکە لەبەر کارێکی سەرۆکی نێـردراوان بـوو، کـە گومانی لەلای وڵاتەکەی دروسـت کردبـوو، ئـەوا تـەنها داوای گەڕانـەوە بـۆ وڵاتەکەی دەکات، بەبێ ئاشکرا کردنی هۆکار و ماڵئاوایی.

٢. دیپلۆماتکار کۆتایی بە کارەکانی دەهێنرێت، ئەگەر ئەو دەوڵەتەی کە کاری تێـدا دەکـرد، داوای کـرد لـە وڵاتەکـەی بچـێتە دەرەوە یـان بـەهۆی کارێکەوە دەری کرد([216]).

٣. ئەگەر سەرۆکی دیپلۆماتکار پلەی بەرز کرایەوە، کە لە پلەکەی ئێستا بەرزتر بوو، ئـەوا کارەکـەی کۆتـایی دێـت و پێویسـتە دووبـارە وەرەقـەی دەستبەکاربوون بە سیفەتی نوێوە پێشکەش بکات.

---

[216] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠٠٢، ص٢٦١

٤. سەرۆكی دیپلۆماتكاران بە كۆچی دوایی سەرۆكی وڵاتەكەی یان سەرۆكی ئەو وڵاتەی كە ئەو تیایدا دیپلۆماتكارە كۆتایی بە كارەكەی دێت، یان بەهۆی لەسەر كارلابردنی یەكێك لەو سەرۆكانە، دیسان كۆتایی بە كارەكەی دێت، لەو كاتەدا پێویستە دووبارە وەرەقەی دەستبەكاربوونەوە پێشكەش بكاتەوە([217]).

٥. ناڕەحەتی ئەو وڵاتەی كە لێی كار دەكات، ئەگەر لەسەرۆكی نێردراوەكە نامورتاح بوو، ئەوا پێویست ناكات وڵاتەكەی خۆی بەهانەی بۆ بهێنێتەوە.

٦. سەرۆكی نێردراو كۆتایی بە كارەكەی دێت، ئەگەر هاتوو دوو وڵات یەكیان گرت، ئەو یەكگرتنەش وا دەكات كە وڵاتەكە ، كەسایەتی دەوڵەتی خۆی لەدەستبدات و دروستبوونی كەسایەتیەكی دەوڵەتی تازە، وەك ئەوەی لە كاتی یەكبوونی میسر و سوریا لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕوویدا، لەو كاتەدا هەموو نێردراوە دیپلۆماسیەكانی هەردوو دەوڵەت كۆتاییان پێهات، تاوەكو نێردراوی تازە لە شوێنی ئەوان دادەنرێت بۆ نوێنەرایەتی كردنی وڵاتەكە([218]).

٧. ئەگەر دیپلۆماتكارەكە فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەركرا، كە پێی دەوترێت گواستنەوەی خول (دەوری)، ئەوا لەم كاتەشدا كارەكەی لەو وڵاتە كۆتایی پێدێت، دەوڵەتانی جیهان ماوەی باڵیۆزەكانیان دیاری

[217] سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٢

[218] بەهرۆز گەلاڵی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی، چ١، ٢٠٠٤، ل١٠٠

کردووه، که لـه سـێ ساڵ کـەمتر نـەبێت و لـه پێـنج سـاڵ زیـاتر نـەبێت، بەشێوەیەکی گشـتی کـاری دیپلۆماتکارەکـان لـه وڵاتێکـدا لـه چـوار سـاڵ تێپەڕ ناکات.

٨. ئەگەر دیپلۆماتکار کۆچـی دوایـی کـرد، ئـەوا بەشـێوەیەکی سروشـتی کۆتایی بە کارەکەی دێت و کەسێکی دیکه جێگای دەگرێتەوە([٢١٩]).

٩. هەنـدێك وڵات بـەهۆی قـەیرانی داراییـەوە، باڵیۆزخانـه یـان نوێنەرایەتیەکـەی لـه دەوڵەتێکـدا دادەخـات و نێردراوەکـان دەگێڕێتـەوە، ئەوا لەم کاتەدا کۆتایی به کاری دیپلۆماتکاره دێت و هیچ کاریگەریـەکیش لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەوڵەته بەجێناهێڵێت.

١٠. هەنـدێك جـار بـەهۆی هەڵپەسـاردنی کـاری نێـردراوی دیپلۆماسـی، دیپلۆماتکارەکـان دەگەڕێنـەوە وڵاتەکـەی خۆیـان، ئـەم هەڵپەسـاردنه جیاوازه له پچرانی پەیوەنـدی دیپلۆماسـی، بـەڵکو بـەهۆی کارێکـەوە کـه بێزاری کردووه، وڵاتەکه دیپلۆماتکارەکانی دەکێشێتەوە([٢٢٠]).

١١. ئەگەر له نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا جـەنگ بـەرپا بـوو، ئـەوا پێویسـته نێـردراوی هـەردوو وڵات، دەوڵەتـەکان بـەجێبهێڵن، چـونکه بنـەماکانی دیپلۆماسی لەگەڵ جەنگدا یەك ناگرێتەوە([٢٢١]).

---

[٢١٩] د. فاضل زکي محمد، الدبلوماسية في عالم المتغير، ١٩٩٢، دار الحكمة للطباعة و النشر، ص٦٦٣

[٢٢٠] ا. د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسية و القنصلية، ط١، ٢٠٠٥، ص١٤٣

[٢٢١] د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي، ط١، ٢٠٠٢، ص٢٦٣

١٢. ئەگەر دیپلۆماتکارەکە توشی نەخۆشیەکی درێژ خایەن بوو، هەروەها هیوای چاك بوونەوەی کەم بوو، ئەوا کۆتایی بەکارەکەی دێت([٢٢٢]).

ئەمە ئەو هۆکارە سەرەکیانە بوون، کە دەبێتە هۆی کۆتایی هێنان بە کاری دیپلۆماسی، لەکاتی تەواوبوونی کاری سەرۆکی نێردراو، ئەوا باڵیۆزخانەکە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە ئاگادار دەکاتەوە کە کاری تێدا کردووە، دواتر باڵیۆز دەچێتە لای وەزیری دەرەوە و بەرپرسانی باڵای وڵاتەکە و ماڵئاواییان لێدەکات.

---

[٢٢٢] د. فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم المتغير، ١٩٩٢، دار الحكمة للطباعة و النشر، ص٦٦٤

## باسی دووەم:

## چەمکی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان و جۆرەکانی

### یەکەم: پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان: چەمك و پێناسە([223])

پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتیی بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی زاراوەی (پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان)ـەوە هەیە" لەگەڵ ئەوەی زۆربەی پسپۆڕانی خۆرئاوا لە دارشتنی پێناسەکانیاندا جیاوازن، بەڵام لە دیاریکردنی ئەو زاراوەیەدا تیشکدەخەنە سەر ئەوەی کە: "بریارێکی سیادیی تاکلایەنەیە کە دەوڵەتان لە سۆنگەی سەروەریی نیشتمانیی خۆیانەوە دەریدەکەن، ئامانجیش لێی کۆتاییهێنانە بە مامەڵەی دبلۆماسیی لە نێوان خۆی و وڵاتێکی تردا"(٢٢٤). ئەوان لەم پێناسەیەدا تیشکدەخەنە سەر لایەنی رێکاری و باسی لایەنەکانی تر ناکەن، هەروەها تێبینی ئەوەش دەکرێت کە ئەم پێناسەیە پرۆسەی پچڕانی پەیوەندییەکانی تەنها لە نێوان دەوڵەت وەك یەکەی نێودەوڵەتیی سەرەکیی کورتکردۆتەوە، لە کاتێکدا پرۆسەی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی هەندێکجار وڵاتان تێپدەپەڕێنێت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو کاتانەی کە رێوشوێنی

---

[223] بۆ ئەم بەشە سود لە کتێبی (پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسیەکان- هۆکار و لێکەوتەکانی) د. دانا علی ساڵح وەرگیراوە، کە لە ساڵی ٢٠١٩دا بڵاوی کردۆتەوە.

(٢٢٤)بۆ خوێندنەوەی هەندێک لە پێناسەکان بڕوانە: محمد الأخضر كرام، قطع العلاقات الدبلوماسية: المفهوم والأسباب، المجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسية بالتعاون مع مركز دراسات الوحدة العربية، (خريف ٢٠٠٧)، العدد ١٦، ص١٥٠.

پچڕانی پەیوەندیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام دەدرێت. (د.هادی ئەلمالیکی) پێناسەیەکی رون و ئاشکرای بۆ پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان کردووە و پێی وایە کە بریتییە لەو: "کارە تاکلایەنەیەی کە لەلایەن یەکێك لە دوو دەڵەتەکەوە ئەنجامدەدرێت، کە داخستنی نوێنەرایەتییە دبلۆماسییە هەمیشەییە دانپێدانراوەکانی هەردوو وڵاتی نێرەر و پێشوازیکەری لێدەکەوێتەوە، ئەو کارەش بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان سەرهەڵدەدات، لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا وەسفی دەوڵەتیان ماوە"(٢٢٥). ئەم پێناسەیەش حاڵەتەکانی پچران لە پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییە.

دوولایەنییەکاندا کورتهەڵێناوە، و پچرانی فرەلایەنەی پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی رێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکاندا، بۆ نموونە، لەخۆ ناگرێت.

رەنگە پچرانی پەیوەندییەکان فرەلایەنی و گروپی بێت و لە رێگەی رێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە ئەنجام بدرێت، هەروەك چۆن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەشی حەوتەمی کارنامەکەیدا دانی پێداناوە، کە تێیدا باسی ئەو کارانە کراوە کە لە کاتی هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و تێکدانی ئاشتی و روودانی دەستدرێژی پێویستە ئەنجام بدرێن، وەك توانای پچڕاندنی پەیوەندییەکان وەك ئامرازێك بۆ فشارخستنەسەر دەوڵەتی دەستدرێژیکەر، وەك لە دەقی مادەکەدا هاتووە کە:

(٢٢٥) هادي نعيم المالكي، قطع العلاقات الدبلوماسية، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١١، ص١٦.

"ئەنجومەنی ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی توانای ئەنجامدانی هەر ڕێوشوێنێکی هەیە کە پێویستی بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار نییە، و دەتوانێت داوا لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە ئەو ڕێوشوێنانە جێبەجێ بکەن، ئەو ڕێکارانەش دەکرێت ئەمانە لەخۆ بگرن: راگرتنی پەیوەندی ئابووری و پەیوەندی ڕێگای ئاسنی دەریایی و ئاسمانی و پۆستەیی و بروسکەیی بێتەل و هۆکارەکانی تری پەیوەندی، بە راگرتنێکی بەشەکی یان یەکجاری، هەروەها پچڕینی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیش دەگرێتەوە"(٢٢٦).

پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی نێوان دوو دەوڵەت زۆر کات بە بڕیارێکی تاکلایەنە ئەنجام دەدرێت، ڕێککەوتننامەکانی ڤیەننای ساڵانی (١٩٦١) و (١٩٦٣) و (١٩٦٩)ی پەیوەست بە پەیوەندییە دبلۆماسیی و کونسوڵییەکان و نێردە تایبەتەکان، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دانیان بەوەدا ناوە کە دەوڵەتان مافی ئەوەیان هەیە کە بە بڕیارێکی تاکلایەنە پەیوەندیی دبلۆماسیی خۆیان بپچڕێنن، هەر لەو ڕێککەوتننامانەشدا پرسی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان و لێکەوتەکانی خراونەتەڕوو(٢٢٧).

---

(٢٢٦)ماددەی (٤١) لە کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

(٢٢٧)ماددەی (٤٥) لە ڕێکەوتنامەی ڤیەننا بۆ پەیەندییە دبلۆماسییەکان ساڵی (١٩٦١)، و برگەی دووەم لە ماددەی (٢) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە کونسوڵییەکان ساڵی (١٩٦٣، و ماددەی (٤٦) لە ڕێککەوتننامەی نێراوە تایبەتەکانی ساڵی (١٩٦٩).

دەکرێـت پچـرانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان، وەسـتانی پەیوەندییـە سیاسـی و ئابوریـیـەکانی لایەنـەکانی بەشـێوەیەکی گشـتیی لـەخۆ بگرێت(٢٢٨). بڕیاری پچڕینی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیش بە چەندین شێوە دەبێت، دەکرێت زارەکی بێت، یان بە نوسراو، یان راشکاوانە، یـان بـە ناراسـتەوخۆ (چـمنی) بێـت، دەکرێـت هۆکارەکـەی ڕوون بکرێتـەوە و دەشکرێت ڕوون نەکرێتەوە" ئەوەش بەو واتایە دێت کە بوارێکی فراوان بۆ هەڵسـەنگاندن و خەملاّنـدنی دەوڵـەت لـە دەرکردنـی ئـەو بڕیـارەدا دانـراوە[٢٢٩]، بڕیارەکـەش لەسـەر مێـژووی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکانی لایەنەکان یان ئاستی پەیوەندییەکانیان، یاخود جۆری ئـەو هۆکـارەی کـە دەبێتـە هـۆی پچـرانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان و جـۆری ئامـانجی پچڕانەکە و ئاستی جددیبوونی ئەو لایەنـەی دەستپێشـخەریەکەی کـردووە وەستاوە. بەشێوەیەکی گشتیی پچرانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان بـە فەرمی بە نوسراو ئاراستەی دەوڵەتی بەرانبـەر دەکرێـت، زۆبـەی کـات بـە نوسـراوی فـەرمی بانگهێشـتی نوێنـەر و بـاڵیۆزی بەرانبـەر دەکرێـت بـۆ وەزارەتی دەرەوە، بانگهێشتکردنەکەش ماوەیەکی کورت دەبێـت و تـەنها بڕیاری پچرانی پەوەندییەکانی بۆ دەخوێندرێتەوە و پێیدەدرێت[٢٣٠].

---

(٢٢٨) د.عصام العطية، القانون الدولي العام، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، كلية القانون، ط٦، ٢٠٠٦، ص٣١.

(٢٢٩)محمد الأخضر كرام، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٣.

(٢٣٠)سەرچاوەی پێشوو ل١٥٣-١٥٤.

بەشـــێوەیەکی گشـــتیی کاتێـــك دەوڵـــەتێك پچـــڕانی پەیوەندییـــە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتی بەرانبەر دەپچڕێنێت، لە پێکەی ئەلیکترۆنی وەزارەتـی دەرەوەیـدا بـڵاوی دەکاتـەوە، هـەروەها لـە هـەموو دەزگـا ڕاگەیاندنە فەرمییەکاندا بڵاودەکرێتەوە.

لەم توێژینەوەیـەدا مەبەسـتمان لـە پچـڕانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان، "ئەو ڕێکارەیە کە یەکەیەکی نێودەوڵەتی، وەك ڕێکارێکی تاکلایەنـە، یـان لـە چوارچـێوەی ڕێکخراوێکـی نێودەوڵەتیـدا، دەیگرێتەبـەر، ئـەویش بـە دەرکردنی نێردەی دبلۆماسیی هەمیشەیی ئـەو وڵاتـە کـە لـەلای ئـەو کـار دەکات و کێشانەوەی نێردەی دبلۆماسیی خۆی لەو وڵاتە، ئـەم ڕێکـارەش یـاخود دەرەنجامـە یـان ئامرازێکـە بـۆ بـەدیهێنانی چـەند مەبەسـتێکی دیـاریکراوی پەیوەسـت بـە ئاسـایش بـە چـەمکە فراوانەکـەی لـە دیـدی بڕیاربەدەستانی ئەو یەکە نێودەوڵەتییەدا".

## دووەم: جیاکردنەوەی چەمکی پچڕانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان لـەو چەمکانەی لێوەی نزیکن

چـەمکی پچـڕانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان زۆرجـار لەگـەڵ هەنـدێك چەمکی نزیك لێوەی تێکەڵ دەکرێت، لەکاتێکدا کە ئەم زاراوانـە هاوواتـای یـەکتر نـین، بـۆ نموونـە: وەسـتانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان، یـان کۆتاییهاتنیان، یان بایکۆت (المقاطعة).

لــە ســەرتاوە پێویســتە ئامــاژە بــەوە بــدەین کــە لــە پەیوەندییــە دبلۆماسییەکاندا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەردوو حاڵەتی "پچڕان" و

"کۆتاییهاتن"دا هەیە، چونکە هەمیشە پچڕان خۆویستانەیە، بەپێچەوانەی کۆتاییهاتنـەوە کـە دەکرێـت خۆویسـتانە نـەبێت، بـەڵکو دەکرێـت بـەپێی ڕێوشوێنێکی ڕۆتینی خـوازراو یـان ناچـارییەوە بێـت. هـەروەها پچـڕاندنی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان سەردەکێشێت بۆ داخسـتنی بارەگـای نێـردە دبلۆماسییە هەمیشەییەکانی دەوڵـەتانی پەیوەندیـدار لەگـەڵ بـەردەوامیی بوونی سیفەتی دەوڵەت و کەسێتی یاسایی ئەو دەوڵەتانە، ئەمە لەکاتێکدا کـە کۆتاییهێنـان بـە پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان لـە ئـەنجامی چـەندین هۆکـارەوە دروسـتدەبێت، کـە گرنگترینیـان هەڵوەشـانەوە یـان نـەمانی دەوڵـەتی نێـرەر یـان پێشـوازیکەر، جـا بـە یـەکگرتنیان بێـت لەگـەڵ دەوڵەتێکی تردا، یان چوونەپاڵ دەوڵەتێکی تر یان نەمانی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی تـەواو، یـاخود لـە دەرەنجـامی کێشـانەوەی دانپێدانانـە. ئـەم حاڵەتانـەش دەبنـە هـۆی داخسـتی هـەموو ئـەو نێردانـەی کـە لـە لایـەن دەوڵەتەکەوە نێراون یان پێشوازیکراون لـە یـەك کاتـدا، ئەمـەش بـە هـۆی ئەوەی کـە مـافی پیـادەکردنی کـاری دبلۆماسـیی سـەلبی (پێشـوازیکردنی دیپلۆماتکاری وڵاتان) و ئیجابیشی (نـاردنی نێـردەی دبلۆماسـی بـۆ یەکـە نێودەوڵەتییەکان) لە هەمان کاتدا نامێنێت[٢٣١].

بـەڵام سـەبارە بـە چـەمکی "پچـڕاندن" و "وەسـتاندن"ی پەیوەندییـە دبلۆماسییەکان جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیانـدا هەیـە" پچـڕانی پەیوەندییـە

(٢٣١)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هادی نعیم المالکی، سەرچاوەی پێشوو ، لا٢١-٢٣.

دبلۆماسییەکان بە یەکێك لە بەهێزترین و توندترین شێوەکانی گرژی نێوان یەکـــە نێودەوڵەتییـــەکان دادەنرێـــت، بـــەڵام وەســـتانی پەیوەندییـــە دبلۆماسسیەکان توندییەکەی لە پچڕان کـەمترە، چـونکە کۆتاییهێنـانێکی کـاتیی پەیوەنـدیی دبلۆماسـییە، ئەمـە لـە کاتێکـدا کـە پچـڕان بڕیـاری کۆتاییە(٢٣٢). کەواتە، وەستان واتای پچڕانی پەیوەندی لەگـەڵ یەکەیـەکی نێودەوڵـەتی بەشـێوەیەکی کـاتی، بـۆ چـاوەڕوانیکردن تـا روونبوونـەوەی هەڵوێست، لەگەڵ هێشتنەوەی نێردەی دبلۆماسی لـە شـوێنی خـۆی بـەبێ ئـەوەی هـیچ کارێـك بکـەن، ئەمـە لەکاتێکـدا کـە پچـڕاندنی پەیوەندییـە دبلۆماسییەکان دەبێتە هۆی داخستنی بارەگای نێردەی دبلۆماسیی(٢٣٣).

وەستانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان چـەندین شـێواز و جـۆری جیاجیـای هەیە، لەوانە(٢٣٤):

- بانگێشتکردنی سەرۆکی نێردە دبلۆماسییەکان و دانانی کاربەڕێکەرێك لەبری سەرۆکی نێردەکە، تا گەڕانەوی سەرۆکی نێردەکە یان گۆڕینی.
- حاڵەتی داگیرکردنی دەوڵەتی خانەخوێ، یان روودانی کودەتـا بەسـەر سیستمەکەیدا.
- دەرئەنجامی سیاسـەتێکی دەسـتگرتنەوە (سکهەڵگوشـین)ی دەوڵـەت بە هۆکاری ئابووریی و دارایی.

---

(٢٣٢) بڕوانە: محمد الأخضر كرام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

(٢٣٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هادی نعیم المالكی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٧.

(٢٣٤)محمد الأخضر كرام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

- بەهۆی ڕەوشێکی ئەمنیی خراپ یان بوونی هەڕەشەوە.

لە ڕووی ڕێکاریشەوە، زۆربەی حاڵەتەکانی وەستانی پەیوەندییەکان پێویست بەوە ناکات کە سەرۆکی نێردەکە بۆ دەستبەکاربوونەوەی پەراوی دامەزراندنی نوێ پێشکەش بە سەرۆکی دەوڵەتی پێشوازیکەر بکاتەوە، وەك ئەو وەستانەی کە لە نێوان دوو دەوڵەتدا ڕوودەدات کە دانیان بەیەکتریدا ناوە، بەڵام لەپاش گۆڕانگاری نادەستوری لە حکومەتدا (وەك حاڵەتی گۆڕینی سیستمی حکومڕانی لە پادشاییەوە بۆ کۆماری کە بەگشتی لە ڕێگەی شۆڕش یان کودەتاوە ڕوودەدات)، ئەوا دبلۆماسییە دامەزرێنراوەکان لەو وڵاتە وەك دبلۆماتی فەرمی نامێنن، بۆیە نوێکردنەوەی پەڕاوی دامەزراندن دەبێتە کارێکی پێویست. ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەموو بارێکی پچڕانی پەیوەندیی دبلۆماسییدا پێویستە کاتێك پەیوەندییەکان دەستپێدەکرێتەوە، پەڕاوی دامەزراندنی نوێ پێشکەش بە سەرۆکی دەوڵەتی پێشوازیکەر بکرێتەوە. جگە لەوەش، پێویستە لە باری پچڕانی پەیوەندییدا ڕێککەوتنێکی نوێ بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکان بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەم کارە لە باری وەستانی پەیوەندیدا پێویست نییە[235]، تەنها لە باری گۆڕینی سیستمی سیاسییدا نەبێت، بۆ نموونە لە پادشایەتییەوە بۆ کۆماری.

---

(٢٣٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هادی نعیم المالکی، سەرچاوەی پێشوو، ، ل٢٥-٢٧. و: د.دانا عەلی ساڵح بەرزنجی، دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە دبلۆماسی و کونسوڵییە هاوچەرخەکان، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٥٩-٢٦١.

هەرچی "بایكۆت" (المقاطعه)شە، لە پەیوەندییە دبلۆماسییەكاندا بەواتای رەتكردنەوەی مامەڵەكردن لەگەڵ دەوڵەتێكدا دێت یان نەكڕینی هەموو یان بەشێك لە بەرهەمەكانی، بەمەبەستی نارەزایەتی بەرانبەر سیاسەتێكی دیاریكراوی دەوڵەتەكە، و/یاخود وەك ئامرازێك بۆ گوشارخستنەسەر دەوڵەتی بەرانبەر بەكاردێت تاوەكو دیدوبۆچوونی یان هەڵسوكەوتی بگۆرێت.

لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەم چەمكە بەشێوەیەكی گشتی بەشێكی دانەبڕاوە لە كاری پێرەوكراوی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەلام كەمترین كات دەگیرێتەبەر، چونكە لەبری ئەو زاراوەی "سزاكان" بەكاردەهێنرێت[٢٣٦].

بایكۆتی ئابووری گوشارێكی ئابوورییە بە بەكارهێنانی ئامرازی ئابووری و دارایی بۆ ناچاركردنی یەكە نێودەوڵەتییەكان بۆ رێزگرتن لە یاسا، ئەوەش لە لایەن دەوڵەتان یان رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە جێبەجێ دەكرێت، جا لەكاتی ئاشتی یان جەنگدا بێت[٢٣٧].

كەواتە، زۆربەی كات بایكۆت بۆ هەڵپەساردنی مامەڵە و پەیوەندیی بازرگانیی لەلایەن هاووڵاتیانی وڵاتێك یان زیاتر لەبەرانبەر دەوڵەتێكی تر یان هاوڵاتییەكانی بەكاردێت، بۆ دەربڕینی تووڕەیی و ناڕەزایی بەرانبەر بە هەڵویستی ئەو وڵاتەی كە لەسەر هەڵسوكەوت و بریارەكانی سوورە،

(236) See: G. R. Berridge and Alan James, A Dictionary of Diplomacy, PALGRAVE MACMILLAN, New York, 2003, p.24.

(٢٣٧) د.عصام العطية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

یان بۆ ناچارکردنی به دەربڕینی هەڵوێستك یان بڕیارێکی دیاریکراو. بەو شێوەیە بایکۆت لایەنی ئابووری و بازرگانی لەخۆ دەگرێت، لە کاتێکدا پچڕانی پەیوەندییەکان لایەنی پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی نێوان دەوڵەتان لەخۆ دەگرێت، و لەسەر ئاستی دەوڵەت دەکرێت، بەڵام بایکۆت لەسەر ئاستی هاوڵاتیان ئەنجام دەدرێت، و دەشکرێت کە دەوڵەتان و حکومەتەکان بڕیاری لێبدەن، دەشکرێت دەوڵەتان لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیاری لێبدەن، ئەوەش بەپێی مادەی (٤١) لە کارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، وەك سزایەك دژی دەوڵەتێکی دیاریکراو، وەك ئەوەی کە لە بەرانبەر عێراق کرا بە هۆی داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی (١٩٩١)، کە کۆمەڵێك بریار لەبارەی بایکۆتی ئابوریيە بەرانبەر عێراق دەرکرا[٢٣٨].

هەرچی چەمکی"سزاکان Sanctions"یشە، ئامرازێکە بۆ پابەندکردنی دەوڵەتێك بەیاساوە پەنای بۆ دەبرێت، کە دەکرێت سزاکە تاکلایەنە یان فرەلایەنە بێت، بۆ نموونە بەپێی کارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش مافی ئەوەی هەیە کە رێکاری گونجاو بگرێتەبەر یان ڕێگەی پێبدات، لەنێویشیاندا هێزی سەربازی بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر هەرەشە یان پێشێلکارییەکی ئاشتی، هاوکات دەتوانێت دەستوەردان لەو پرسانەدا بکات کە لە بنەڕەتدا دەچنە بازنەی دەسەڵاتی دادوەریی

(٢٣٨)محمد الأخضر كرام، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٨–١٥٩.

ناوخۆیی دەوڵەتەوە. لە کۆتا دەیەی سەدەی بیستەمدا حاڵەتەکانی سزا بە کۆمەڵێیەکان لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە رووی لەزیادبوون کردووە. دیارترین نموونەش سزا سەپێندراوەکانی سەر عێراق و لیبیایە[٢٣٩].

چەمکی گەمارۆدان (الحصار Embargo)یش یاخود پەیوەستە بە بڕیاری ڕێگریکردن لە دەریاوانی کەشتییەکانی وڵاتێك لە بەندەرێکەوە، یان رێگریکردن لە دەرچوونی شتێك، وەك کاروانی چەك، یاخود پەیوەستە بە گەمارۆی بازرگانییەوە، واتە گەمارۆ هەناردە و هاوردە پێکەوە دەگرێتەوە(٢٤٠). بە گشتی گەمارۆی ئاشتی بریتییە لە یەکێك لە جۆرەکانی ئەو سزایانەی کە زۆرلێکردن لەخۆدەگرن، کە یەکەیەکی نێودەوڵەتی یان چەند یەکەیەکی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی سنووربەزێن پیادەی دەکەن، لە ڕێگەی کەنارخستنیان و پەراوێزخستنیان لە وڵاتانی تر بە بەرپاکردنی ڕێگری سەربازی لە هەر پەیوەندییەك لە نێوان ئەو وڵاتانە و وڵاتانی تردا[٢٤١].

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە پێویستە جیاکاری لە نێوان ئەو چەمانەدا بکرێت، و بە وردی بەکاربهێنرێن، بە تایبەت لەو توێژینەوانەدا کە لە یەك کاتدا تیۆری و پراکتیکیشن.

---

(239) See: G. R. Berridge and Alan James, Op. Cit, pp.235=236.

(240) See: Ibid, p.92.

(٢٤١)د.عصام العطية، سەرضاوةى ثيَشوو، ل٣٥.

سەبارەت بە حاڵەتی قەتەر، بڕیاری پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکاندا، هاوکات بوو لەگەڵ گەمارۆی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی، وێڕای بایکۆتێکی گشتگیر، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ناچینە نێو لایەنە جیاوازەکانی ئەو گەمارۆ و بایکۆتەوە، بەڵکو جەخت دەخەینەسەر هۆکارەکانی پچرانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان و دەرئەنجامە سیاسیی و ئابورییەکانی بەشێوەیەکی تایبەت، و وردەکاریی زیانەکانی گەمارۆکە بە ژمارە و داتا لە ڕووەکانی ترەوە ناخەینە روو، چونکە هەر یەکێك لەو لایەنانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەگەلێکی تری درێژ و قوڵ هەیە.

# باسی سێیەم: هۆکاری پچڕانی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و لێکەوتەکانی

## یەکەم: هۆکارەکان:

بە پێی ڕێککەوتنامەی ڤیەننای تایبەت بە پەیوەندییە دبلۆماسییەکان: پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لە نێوان دەوڵەتەکان و ناردنی وەفدە دبلۆماسیە هەمیشەییەکان بە ڕەزامەندی هەردوولایەنەکە دەبێت([242]) بەمەش هەر دەوڵەتێك مافی ئەوەی هەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا بپچڕێنێت، بەبێ ئەوەی بۆچوونی وڵاتەکەی تر وەربگرێت، ئەمە واتای ئەوەیە کە هەرچەندە بڕیاری پچڕانی پەیوەندییەکان کارێکی دۆستانە نییە و لەگەڵ ڕێساکانی موجامەلەدا ناگونجێت، بەڵام ئەمە نایکاتە کارێکی ڕێگەپێنەدراو، جا بارودۆخی دەرکردنی بڕیاری پچڕانەکە هەرچۆنێك بێت([243]).

سەرەڕای ئەمانە، هۆکار و بیانووی زۆر هەیە کە دەوڵەتان بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکانیان پەنای بۆ دەبەن، بەشێوەیەك کە هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە یان بڕیارەکانیان دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی تەقدیری دەوڵەتەکەوە، بۆیە دەوڵەتان دەتوانن بە ساناترین هەڵسوکەوتی

---

([242]) بڕوانە مادەی (٢)ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دبلۆماسییەکان ساڵی (١٩٦١).

([243]) بڕوانە: محمد الاخضر کرام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

دەوڵەتێکی تر پەیوەندییەکانیان لەگەڵیدا بپچڕێنن، لەگەڵ ئەمەشدا چەند هۆکارێکی گرنگ هەیە بۆ پچڕاندنی پەیوەندییەکان کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- هۆکاری پەیوەست بە کاری نارەواوە: کاتێك دەستدرێژی دەکرێتە سەر مافەکانی دەوڵەتەکەی تر، وەك هێرشکردنە سەر هاوڵاتیانی وڵاتەکە یان لایەنی ئابوریەکەی، یان پێشێلکاری لە سنوورە قەدەغە کراوەکانی هەرێمەکە، یان ئەنجامدانی کاری سیخوڕی و بەتاڵانبردن، یان هێرش کردنە سەر پیرۆزییەکان و نێردراوە دبلۆماسییەکان.

کاتێك دەوڵەتێك هەست دەکات لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە کارێکی دوژمنکارانەی لە دژ کراوە، بەشێوەیەك کە بۆتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی، یان هێرش کراوەتە سەر ماف و کەرامەتی، ئەوا لەو کاتەدا پەنا دەباتە بەر پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتە.

٢- پچڕینی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان وەك شێوازێکی تۆبزییانە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان: بۆ نموونە بە پشت بەستن بە مادەی (٤١)ی ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت داوا لە حکومەتی دەوڵەتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، وەك ڕێکاری سەرەتایی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتێکدا بپچڕێنن، بۆ ئەوەی پابەندی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان ببێت.

٣- هەڵگیرسانی جەنگ: بە پێی بۆچوونی کلاسیکی جەنگ دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئاراستەی نوێ وایدەبینێت کە جەنگ تەنها دەبێتە هۆی وەستانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان، وەك ئەوەی لە کاتی جەنگی عێراق - ئێراندا روویدا، لە سەرەتای جەنگەکەوە لە ساڵی (١٩٨٠) تا داخستنی کونسوڵخانەی هەردوو وڵات لە ڕۆژی (١٩٨٧/٨/٨)، واتە ساڵێك پێش وەستانی جەنگەکە، دەتوانین بڵێین پچڕانی پەیوەندی دبلۆماسیی نێوان دوو وڵاتی بەجەنگهاتووە، لەسەر بڕیاری ئەو دوو وڵاتە، یان وردتر بڵێین بڕیاری لایەکیان وەستاوە.

٤- پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە: زۆربەی کات وڵاتێك فشاری دبلۆماسی بۆ پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان بەکاردەهێنێت، وەك گوزارشتێك لە توڕەیی خۆی لە بەرانبەر هەڵسوکەوتی وڵاتی بەرانبەری، کە دژی بەرژەوەندییەکانی جوڵاوەتەوە، لەم بوارەدا مەزهەبی (هالستین)([٢٤٤]) بە یەکێك لە شێوازە دیارەکانی کاردانەوەی دەوڵەتان دژی کاری نەشیاوی دەوڵەتانی تر هەژماردەکرێت. چەند دەوڵەتێك هاوشێوەی ئەم مەزهەبە کاریان کردووە،

([٢٤٤]) ئەسڵی ئەم مەزهەبە بۆ وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای یەکگرتوو دەگەڕێتەوە، کە مەزهەبەکە بە ناوی ئەوەوە ناونراوە، کە هەوڵی دا ڕێگری بکات لە دان نان بە ئەڵمانیای دیموکراتدا، کە وڵاتەکە پەیوەندی لەگەڵ هەر وڵاتێکدا دەپچڕێنێت کە پەیوەندی لەگەڵ ئەڵمانیای دیمکراتدا ببەستێت، ئەم کارەی بە کارێکی نابەرپرسانەلەگەڵ وڵاتەکەی هەژمار کرد، ئەم مەزهەبە لەسەرەتادا زۆر بە توندی جێبەجێ دەکرا، بڕوانە: د. محمد الاخضر کرام، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

بۆ نموونە وڵاتی چینی میللی لە بەرانبەر ئەو وڵاتانەی دانیان بە (تایواندا) نا، ئەم ڕێگایەی گرتەبەر، هەروەها یۆنـان پەیوەنـدی دبلۆماسـیی لەگـەڵ ئەو وڵاتانەدا پچڕاند کە دانیان بەدەوڵەتی بەشە تورکیەکەی قوبروسدا نا.

٥- هۆکاری سیاسی تر بـۆ پچـڕانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان: ڕەنگـە دەوڵـەتێك بـۆ هاوسـۆزی وڵاتـی سـێهەم پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵەتێکـدا بچڕێنێت، کـە هێرشـی کردۆتـە سـەر یـان مافـەکانی پێشـێل کـردووە، بـۆ نموونە: لە ساڵی (١٩٧٣)دا بیست دەوڵەتی ئەفریقا وەك هاوسـۆزییەك بـۆ وڵاتانی عەرەبی، پەیوەندی دبلۆماسییان لەگەڵ ئیسرائیل پچڕاند، جـاری واش هەیە ئەم پچڕاندنە وەك تۆڵە سەندنەوەیەك دەبێت لەو دەوڵەتەی کە لە جەنگدا پاڵپشتی دوژمنی کردووە، ئەم حاڵەتە بـەهۆی هاریکارییـەکانی ئـەمریکا بـۆ ئیسـرائیل لـە سـاڵی (١٩٦٧) ڕوویـدا، کـە وڵاتـانی عـەرەبی پەوەندییـەکانیان لەگـەڵ ئیسـرائیل و ئـەمریکادا پچـڕاند. هەنـدێك لـە پسپۆڕان هۆکاری سیاسی تر زیاد دەکەن، وەك لەناوچوونی یەکێك لە دوو دەوڵەتەکە یـان یەکـە نێودەوڵەتییـەکان (وەك حاڵـەتی نـەمانی کۆمەڵـەی گەلان)، لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی بۆ چەند دەوڵـەتێك یـان لکانـدنیان بە دەوڵەتی تـرەوە، هـەروەها گـۆڕینی سیسـتەمی فـەرمانڕەوایی بـەهۆی کودەتاوە.

کاتێـك دەچـینە نێـو وردەکـاری هۆکـاری بڕیـاری دەوڵـەتان بـۆ پچـڕانی پەیوەندییەکانی نێوانیان، چەندین هۆکاری تر دەردەکەون، کـە لـە پشـت بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندییـەکان و ناتوانرێـت بـە ئاسـانی دیـاری بکـرێن"

بەکارهێنانی سزای دبلۆماسی نویٚ بە پلەی یەکەم دادەنرێت، بۆ بە ئامانج گرتنی ئەو دەوڵەتانی بە کاری پەیوەست بە تیرۆر، بڵاوبونەوەی چەك، یان ویستی گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەواییکردنەوە تێوەگلاون([245])، ئەمە وێڕای تێکچوونی پەیوەندییەکان لەنێوان لایەنەکان، یان بەکارهێنانی پچڕاندنی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان وەك ئامرازێك بۆ ناچارکردنی دەوڵەتێك بە ئەنجامدانی کارێك، یان ڕێگریکردنی لە ئەنجامدانی کارێك، یاخود کێشانەوەی داننان بە دەوڵەتێکدا([246]).

لەو چوارچێوەیەدا، هەندێك کەس دوو جۆری سەرەکی لە هۆکاری پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لە یەکتر جیا دەکەنەوە، لە یەکەمیاندا پچڕاندنەکە ئامانجی بنچینەیی ئەو ئیرادەیەیە کە بە چەنددین هۆکار بڕیاری پچڕاندنەکەی داوە، بەڵام لە دووەمیان پچڕاندنەکە بە دەرئەنجام هەژماردەکرێت، واتە یەکێك لە دەوڵەتان بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵی پچڕاندنەکە نادات، بەڵکو پچڕاندنی پەیوەندییەکە بەهۆی ئەنجامی گۆڕانی ڕیشەییەوە دەبێت لە واقیعی سیاسی و یاسایی و یان گۆڕینی نادەستوری حکومەتەوە([247]).

---

(245) See: Tara Maller, Diplomacy Derailed: The Consequences of Diplomatic Sanctions, Center for Strategic and International Studies, The Washington Quarterly, 2010, p.63

([246])د: سهيل حسين الفتلاوي، الدبلوماسية بين النظرية والتطبيق، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص١٥٢.

([247])هادي نعيم المالكي، ، ل٤٥.

ئەگەر پچڕاندنەکە ئامانجی سەرەکی بێت، ئەوا ئەو پچڕاندنە بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە، گرنگترینیان: پانەبردنە بەر کارێکی خراپی ڕاستەوخۆ، بەهۆی هێرشکردنە سەر ماڵ و کەسەکانە، یان بەهۆی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکە، یان پێشێلکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، یان بەهۆی پێشێلکاریە هەرێمیەکانەوە، یان پچڕاندنەکە بەهۆکاری سیاسییە، وەك پچڕانی پەیوەندییەکان بەهۆی جیاوازی سەرەکی و ئایدۆلۆجی و سیاسی و مەزهەبیەوەیە، یان پچڕاندنەکان بەهۆی بەرژەوەندییە هەنوکەییەکانەوە دەبێت. خۆ ئەگەر پچڕانی پەیوەندییەکە ئەنجام بوو، ئەوا گۆڕانی دەستووری دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان، یاخود _ بە پێی ئاڕاستەی کلاسیکی– بەهۆی جەنگەوە دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ئاڕاستەی نوێ وایدەبینێت کە جەنگ دەبێتە هۆی وەستان، نەك پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان([٢٤٨]).

زۆربەی کات پچڕانی پەیوەندییەکان پاڵنەری خۆی هەیە، کە یان هۆکاری سیاسی یان ئابووری یان سەربازی یان مێژووی یان ئاینی و مەزهەبیە، یان پەیوەستە بە پێشێلکاری یاسایی، یان ویستی بڕیار بەدەستان، یان ویستی گۆڕانکاری هاوسەنگی هێزەوە.. هتد، هەموو ئەم هۆکارانە پێکەوە پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ بڕیاری پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لەگەڵ

([٢٤٨]) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٤٥–٨٣.

یەکێك لە دەوڵەتان، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هێز و کاریگەری ئەم پاڵنەرانە جیاوازن، لە هەموو بارودۆخەکانیشدا هەڵسەنگاندنی کۆتایی سەنگ و کایگەریی ئەو هۆکارانە بۆ بڕیاربەدەستان دەگەڕێتەوە.

**دووەم: لێکەوتەکان:**

لە سەرەتادا پێویستە ئەو لێکەوتە و شوێنەوارانەی پەیوەستن بە نێردراوەکان و تاکەکان و بارەگا و باڵەخانە و بەڵگەنامەکانەوە لەو شوێنەوارانە جیابکرێنەوە کە پەیوەستن بە لایەنە سیاسی و ئابووریی تەنانەت سەربازییەکان و ئەو لایانانەی تریش کە بەهۆی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانەوە زیانیان پێدەگات، پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لێکەوتەکانی بەوە ناوەستێت کە ڕێکاری ڕاستەوخۆ دژی نێردە دبلۆماسییەکان و فەرمانبەران بگیرێتەبەر، بەڵکو لەوە تێپەڕ دەکات.

چەندین لایەن هەیە کە لە میانەی خوێندنەوەی لێکەوتەی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لەگەڵ دەوڵەتێکی دیاریکراو، بۆمان دەردەکەوێت" وەك لایەنی یاسایی و کارگێڕی و سیاسی و ئابووری، هەروەها ئەمنی و هەواڵگری... ئەمە لەلایەك، لەیەکی ترەوە ڕەنگە لێکەوتەکان پەیوەست بن بە دوولایەنی دیاریکراو، یان لایەنێکی دیاری کراو، یان بە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە، یان لایەنی سێیەم، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لێکەوتەکان پەیوەستن بە نێردەی دبلۆماسی و باڵەخانە و بەڵگەنامە و ئەرشیف و ماڵ و سامانی.

پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان دەبێتە هۆی لێڵبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتە پەیوەندیدارەکان، چونکە کۆتایی بە ئامرازی ئاشتی دەهێنێت بۆ تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانە، هەروەها کۆتایی ئەو دەروازە سروشتییە دەبێت، کە بە یاسای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و گەشەکردنی پەیوەندییەکی دۆستانە ڕێکخراوە([٢٤٩]).

سەرەڕای ئەوەی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان ئامرازێکی ئاشتیانەی بڕیار بەدەستانە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین زیان و لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە، کە هەندێکیان حسابیان بۆ کراوە و هەندێکیشیان حساب بۆ دەرەنجامەکەیان نەکراوە، بەتایبەت لە بواری هەواڵگری و پەیوەندییەکاندا، چونکە پەیوەندییەك نامێنێ وەك ئامرازێك بۆ ڕاییکردنی کارەکانی پەیوەست بەو دوو بوارە، کەواتە ئەو بڕیارە زۆر لەسەر سیاسەتی دەرەکی دەکەوێت([٢٥٠]).

لە کاتی بریاری پچڕاندنی پەیوەندییەکان چەند ڕێکارێك بۆ پاراستنی فەرمانبەرە دبلۆماسییەکان دەگیرێتەبەر، فەرمانبەر و دبلۆماتکارەکان سیفەتی دبلۆماسی و پارێزبەندیان هەر دەمێنێت، تەنانەت دوای ئەوەی کە پەیوەندییەکە پچڕا تا ئەو کاتەی لە وڵاتی پێشوازیکەر دەچنە دەرەوە، ئەمەش بە بەخشینی ماوەیەکی مەعقول لە کات بۆ جێهێشتنی

---

([٢٤٩]) بڕوانە: د.سهیل حسین الفتلاوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(250) See: Tara Maller, Op.Cit، p.75

خــاکی وڵــاتی پێشــوازیکەر([251])، بــەڵام لــەکاتی پچــڕانی پەیوەندییــە دبلۆماســییەکان، تەنانــەت لــەکاتی بەریەککــەوتنی چەکداریشــدا، ئــەو دەوڵەتــەی دبلۆماتکارەکــانی لا ســپاردەکراوە، ڕێــزی باڵەخانــە و شــتە گوارستراوەکان و ئەرشیفی نێراوەکە دەگرێت و پارێزگاری لێدەکات. ئـەو دەوڵەتەشی نێرراوە دبلۆماسییەکەی ناردووە، دەتوانێت پاراستنی بارەگا و باڵەخانەکانی نێرراوەکە و ئەوەی تێیاندایە لە گواستراوە و ئەرشیف بـە دەوڵەتێکی سێیەم بسپێرێت، کـە دەوڵـەتی پێشـوازیکەر ڕەزامەنـد بێـت لەســەری، هــەروەها دەوڵــەتی خــاوەن نێــرراو دەتوانێــت پاراســتنی بەرژەوەندییــەکانی بــە دەوڵــەتێکی سســێیەم بســپێرێت کــە دەوڵــەتی خانەخۆیٚ لەسەری ڕەزامەند بێت([252]).

یاسای دبلۆماسی لە کـاتی پچڕانی پەیوەندییـە دبلۆماسـییەکان، ڕێگـەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتـانی ڕوون کردۆتـەوە([253])، کـە خـۆی لـە پاراســتنی نوســینگە دبلۆماســییەکان([254]) و پاراســتنی بەڵگەنامــەکانی نێرراوە دبلۆماسییەکە([255]) و پاراستنی تاکەکانیدا([256]) دەبێنێتەوە.

---

([251]) بڕوانە مادەی (٣٩) لە ڕێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دبلۆماسییەکان الّی (١٩٦١).

([252]) بڕوانە مادەی (٤٥) لە هەمان ڕێککەوتننامە.

([253]) بڕوانە مادەی (٤٥) بڕگەی (ب، ج) ی هەمان ڕێککەوتننامە.

([254]) بڕوانە مادەی (٢٢) بڕگەی (١) ی هەمان ڕێککەوتننامە.

([255]) بڕوانە مادەی (٢٤) لە هەمان ڕێککەوتننامە.

([256]) بڕوانە مادەی (٣٩) لە هەمان ڕێککەوتننامە.

له ڕووی یاساییەوە پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماییەکان کار ناکاتە سەر هاولاتیانی ئەو ولاتانەی کە پەیوەندییان پچڕاندووە، هەروەها کار ناکاتە سەر ئەو ڕێککەوتنامە و بەلێننامانەی کە لە نێوانیاندا هەیە([257]).

(ڕێککەوتنامەی ڤیەننا بۆ یاسای پەیماننامەکان)ی ساڵی ١٩٦٩ بە دەق دەلێت: "پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسیی یان کونسولێیەکان لە نێوان لایەنەکانی پەیماننامەکەدا، کاریگەری لەسەر ئەو پەیوەندییە یاساییانەی نێوانیان ناکات کە بەپێی پەیماننامەکە هەیانە، تەنها بە ئەندازەیەك نەبێت کە بوونی پەیوەندی دبلۆماسی یان کونسولی بۆ بەرکاربوونی پەیماننامەکە پێویستە"([258])، بەلام سەرەڕای هەموو ئەمانە، واقیع هەموو کات بەو شێوەیە ناڕوات کە یاسا و ڕێکارەکان دیاریان کردووە، بەلکو بە شێوەیەکی گشتی پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لێکەوتە و زیانی بۆ سەرجەم لایەنەکان دەبێت.

زۆربەی کات پچڕانی پەیوەندییەکان قەیران لە پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە دیاری کراوەکان دروست دەکات، کە ڕەنگە ببێتە هۆی بەریەککەوتن و جەنگ، یان ببێتە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی ئەو هاوسەنگی هێز و هاوپەیمانێتییانەی کە لە سیستەمە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا بوونیان هەیە، یان ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ یەکدا، کە بە دوای خۆیدا بڕیاری تر ڕادەکێشێت،

---

([257]) بڕوانە: د. فازل زکی محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧١.

([258]) بڕوانە مادەی (٦٣)ی ڕێککەوتننامەی ڤیەننای یاسای پەیاننامەکان ساڵی (١٩٦٩).

کە پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر دەکات و مەترسیەکی زۆر لەسەر هاوڵاتیان دەبێت، یان زیان بە لایەنی ئابووری و بازرگانی یان کێشەی کۆمەڵایەتی و زانستی و... هتد دەگەیەنێت.

# سەرچاوەکان:


١. يونس طلعت الدباغ، الدبلوماسية المعاصرة،ط١، ٢٠١٥، التفسير للنشر و الاعلان.

٢. د.فاضل زكي محمد، الدبلوماسية في عالم متغير، بغداد جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، دار الحكمة للطباعة والنشر.

٣. د. علاء ابو عامر، الوظيفة الدبلوماسية، دار الشروق، عمان،٢٠٠١.

٤. مازن اسماعيل الرمضاني، السياسة الخارجية، دراسة النظرية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسة١٩٩١.

٥. . سعيد ابو عباه ، الدبلوماسية تاريخها مؤسساتها انواعها قوانينها، دار الشيماء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩

٦. د.محمود عبد ربه العجرمي، الدبلوماسية (النظرية و الممارسة)ط٢٠١١.

٧. د.سيد امين شلبي، في الدبلوماسية المعاصرة، ط٢، ١٩٩٠،ص٢٩.

٨. ا.د. عبدالفتاح علي الرشدان، د. محمد خليل الموسى، اصول العلاقات الدبلوماسة و القنصلية، ٢٠٠٥.

٩. بەهرۆز گەلالی، دیپلۆمات و دیپلۆماسی٢٠٠٤.

١٠. علي عبدالقوي الغفاري، الدبلوماسية القيديمة و المعاصرة،ط١، ٢٠٠٢

١١. د. زران بيرقدار، مفردات مقرر العلاقات الدبلوماسية والقنصلية لطلاب السنة الثانية في ماجستير العلاقات الدولية والدبلوماسية.

١٢. د. خليل حسين، التنظيم الدبلوماسي،ط١، ٢٠١٢

١٣. عبدالفتاح شبانة، الدبلوماسية،ط١، ٢٠٠٢

١٤. م.م زياد خلف عبدالله جبوري، تطور الدبلوماسية–دراسة تحليلية،م١٤ جامعة تكريت للعلوم الانسانية،٢٠٠٧.
١٥. د.محمد عبدالكريم حسن عزيز، مباديء القانون الدبلوماسي،ط١، لسنة٢٠١٧
١٦. د. عبدالعزيز محمد سرحان، قانون علاقات الدبلوماسية و القنصلية، لسنة١٩٨٦.
١٧. د. مايا الدباس، د. ماهر ملندي، العلاقات الدبلوماسية و القنصلية،٢٠١٨.
١٨. مركز السلام، الثقافة الدبلوماسية، http://www.siironline.org/alabwab/diplomacy-center/045.html.
١٩. موجز الاحكام و الفتاوي الصادرة عن محكمة العدل الدولية١٩٤٨–١٩٩١– الامم المتحدة.
٢٠. د. ماهر ملندي، العلاقات الدبلوماسية و القنصلية،منشورات الجامعة الافتراضية السورية،٢٠١٨.
٢١. د. سهيل حسين الفتلاوي، القانون الدبلوماسي.
٢٢. عطا محمد صالح زهرة، اصول العمل الدبلوماسي و القنصلي.
٢٣. شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية،ط٢، ٢٠١١، دارالحكمة، لندن.
٢٤. هەڤاڵ نەژاد، دەروازەیەک بۆ دیپلۆماسی، چ١، هەولێر ٢٠١٢.
٢٥. د. شفيق عبدالرزاق السامرائي، الدبلوماسية،ط٢، ٢٠١١.
٢٦. د. محمودعبد ربه العجرمي،الدبلوماسية (النظرية و الممارسة).
٢٧. سایتی " مجلة الدفاع الوطني اللبناني" https://www.lebarmy.gov.lb/ar/content
٢٨. م٢٧ لە ڕێکەوتننامەی ڤییەنا–١٩٦١.
٢٩. کتێبی ساڵانەی لیژنەی یاسایی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٥٨،ج٢.

٣٠.ڕەشید ئاراز هەورامی، دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەڵەتیەکان،،چ١، ساڵی٢٠١٦.

٣١.طارق حمو، دراسات في فن التفاوض،المركز الكردي للدراسات، بوخوم، المانيا.

٣٢.د. محسين احمد الخضيري: مباديء التفاوض، القاهرة،ط١، ٢٠٠٣.

٣٣.ا. د. احمد فهمي جلال،مهارات التفاوض، جامعة القاهرة، ط١.

٣٤.مدونة عمان القانونية، في ٢٠١١/٠٥/٠٢، http://omanilegal.blogspot.com/2011/05/blog-post_4379.html

٣٥.موقع ويكيبيديا/ https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B3%D9%81%D9%8A%D8%B1.

٣٦.کاری دیپلۆماسی لە نێوان تیۆرو پراکتیکدا، و/ کوردۆ رحمان محمد، چ٢، ٢٠٠٧.

٣٧.ماڵپەڕی نون/ http://www.non14.net/public/92668

٣٨.صباح طلعت قدرت، الوجيز في الدبلوماسية و البرتوكول، وزارة الخارجية العراقية،٢٠١٣، ط٣، مطبعة كركي.

٣٩.نورالدين بيدوكان، عبدالواد الرفيق، قواعد البرتوكول الدبلوماسي و الاتيت، الموسوعة الجزائرية للدراسات السياسية و الاستراتيجية.

٤٠.كتاب "البروتوكول الدبلوماسى" - د. عالو ابو عامر- دار الشروق، ٢٠١٢.

٤١.الدائرة الاعلامية في مجلس النواب العراقي، ٢٠١٠،

٤٢.موقع العدالة نت https://adlat.net/showthread.php?t=360775

٤٣.قواعد الاتيكيت، الفريق بين الاتيكيت و البروتوكول، موقع البلاغ/ https://www.balagh.com/article

٤٤. د. محمد المجذوب، التنظيم الدبلوماسي، منشورات الحلبي الحقوقية، ط١، ٢٠١٢.
٤٥. د. ضرغام عبدالله الدباغ، قوة العمل الدبلوماسي في السياسة،ط١، بغداد ١٩٨٥.
٤٦. م. لوقمان عبدالله محمد، پوختەیەک لە مێژووی گرنگترین میرنشینە کوردییەکان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەدا.
٤٧. کامەران عزیز عبدالله، سەرهەڵدان و ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان لەسەردەمی عەباسیدا،٢٠١٢.
٤٨. ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك/ www.khaktv.net
٤٩. پ.ی.د. ئیبراهیم سەعید،زنجیرە بڵاو کراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە و لە ململانێی و قەیرانەکان،٢٠١٨، ژ٦.
٥٠. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕەحمان نەقشی، کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، ٢٠١٦.
٥١. نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا،سلێمانی،چ٣، ٢٠٠٦.
٥٢. هاوار مستەفا خان، مام جەلال: چەپکە گوڵم پێ جوانترە لە تاقە گوڵ، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی،چ٣، ٢٠١٨.
٥٣. سەلاح رشید، مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی دووەم.
٥٤. سایتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ https://dfr.gov.krd/p/p.aspx?p=83&l=13&s=030200&r=391.
٥٥. پچڕانی پەیوەندییە دبلۆماسیەکان- هۆکار و لێکەوتەکانی) د. دانا علیساڵح ، ٢٠١٩.

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا:



- سالّح عوسمان
- ڕۆژی لـــە دایـــك بـــوون: ١٩٧١/٧/١ شارۆچکەی (ڕانیە/ چوار قوڕنە)
- بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئاداب/زمانی کوردی (زانکۆی صلاح الدین ١٩٩٤).
- خولی ئەفسەرانی بالاّ ١٩٩٧
- بەکالۆریۆس یاسا (زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٣)
- بڕوانامەی ماستەر لە بواری تیرۆری نێودەوڵەتی (بەغداد ٢٠٠٦)
- سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (ساڵی ١٩٩٥)
- ئەنـدامی ئەنجومـەنی ناوەنـدیی یـەکێتیی نیشـتیمانیی کوردسـتان (سـاڵی ٢٠١٠ تا٢٠١٩).
- ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان
- لێپرسراوی بەشی پاسپۆرت و مانەوە (١٩٩٩-٢٠٠١)
- جێگری بەڕێوەبەری پاسپۆرت و مانەوە (٢٠٠١-٢٠٠٧)
- بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی (٢٠٠٧-٢٠١٥)
- بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای سلێمانی (٢٠١٥ تاکو ئێستا)
- شارەزایی لە زمانی (عەرەبی و فارسی)دا هەیە.
- خاوەنی کتێبی (تیرۆری نێودەوڵەتی – سـەرەتاو پەرەسەندن)ـە، کە لـە ساڵی ٢٠١٩دا بڵاوی کردۆتەوە.
- بۆ پەیوەندی:salihbabany@gmail.com